ڕێبەر

ژمارە ٢٢
زستانی ٢٠٢٥

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
19 75
PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN

گۆڤارێکی وەرزی هەمەڕەنگە
مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە دەریدەکات

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

پێویستە کە هەموو پارتە کوردییەکان چاو لەم سیاسەتەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بکەن و بە دیدێکی کوردستانیانەوە لە دۆزی کورد بڕوانن

ڕێبەر

ژمارە ٢٢

زستانی ٢٠٢٥

گۆڤارێکی وەرزی هەمەڕەنگە
مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە دەریدەکات

Email: govaryrebar@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز: مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە

سەرنووسەر: بەرزان حاجی ئیبراهیم چەرمەگا
٠٧٧٠١٥٣٣٥٣٢

بەڕێوەبەری نووسین: ئیسماعیل خالید
٠٧٧١٩٦٨٥٩٣٨

دیزاین و کاری هونەریی: سەرمەند سەلیم

پێڕست

بابەت	ناوی نووسەر	ژ.لاپەڕە
١- جەنگی دەستپێشخەری	پ. د. جەزا توفیق	٤
٢- عەسرە چا	ڕەهبەر سەید برایم	١٤
٣- سەربازە ونەکان	سەربەست باڵخێی	٢٢
٤- بۆ هاوڕێ و مامۆستام هاوڕێ سۆران	عەلی محەمەد چوارتایی	٣٠
٥- ٧٠٠ لاپەڕە بۆ نامەکانی زیندان	مەریون مەسعود	٣٤
٦- گەڕان بە دوای چێژی جەژنا	سەروەر حەمە ئەمین	٤٠
٧- پاسەوانی دیوارەکان	د. کامەران محەمەد	٤٤
٨-موسا بەگ	ئامانج بەرزان	٥٠
٩- چۆن فەیسەڵ کرا بە مەلیکی سوریا و دواتر عێراق	م. شێخ فواد بەرزنجی	٥٦
١٠- دارشتنەوەی نەخشەی خۆرهەلاتی ناوەڕاست	ئیسماعیل خالید	٦٨
١١- کورد و دیموکراتی	بەرزان حاجی ئیبراهیم چەرمەگا	٧٢
١٢- بنەماکانی زانستی سیاسەت	عادل مەریوانی	٨٠
١٣- سەروەری و سەربەخۆیی نەتەوەیی	ئەکرەم میهرداد	٩٠
١٤- ڕەگەزە بنچینەییەکانی دەوڵەتی دیموکراسی	عەبدوڵلا کۆمەڵە	١٠٠
١٥- وانەیەک بۆ هەموو سەردەم و سەکردەیەک و بالادەستیک	بەرزان عەباس بدەری	١٠٦
١٦- ئەو چوار ساڵەی جیهان دەهەژێت	ئیدریس جەبار	١١٤
١٧- دادوەری دیجیتاڵی	ریکاف عەلی	١٢٢
١٨- حەکایەتی دانانی دوو سروود لە زیندان لە لایەن خالید دلێری نەمر	پ.ی.د. عەبدولواحید ئیدریس	١٣٠
١٩- بنەڕەتی ڕۆمان	سەلاح جەلال	١٣٦
٢٠- لودڤیک ڤان بتهوڤن	ئاودێر بەرزان	١٤٤
٢١- گۆشەی نەمران	ئا. سەرمەند سەلیم	١٤٨

یەکێتی و سیاسەتی کوردستانی

سەرنووسەر

یەکێتی هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تا ئەمڕۆ، سیاسەتێکی کوردستانی هەبووە و گرنگی و بایەخێکی زۆری بە خەباتی رزگاریخوازیی کورد داوە لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان.

هەر لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتەدا هەڤاڵ مام جەلال ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا لە ساڵی ١٩٩٣، هەروەها هەڤاڵ مام جەلال چەندین جار هەوڵیداوە کە پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی ئێران بە ئاشتی بگەنە پرۆسەی چارەسەری، مام جەلال هەموو کات هەوڵیداوە کە پارتە کوردییەکان یەکبخات و سیاسەتێکی هاوبەشیان هەبێت بەرامبەر بە ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، هەوڵی یەکێتی و یەکڕیزی کوردیداوە. ئەم سیاسەتە، هەڵقوڵاوی بیر و دیدی سەرۆک مام جەلال بووە، هەر بۆیە یەکێتیش وەک پرەنسیپێک کاری لەسەرکردووە و کردویەتی بە یەکێک لە ئەولەویەتی کارەکانی لە مێژووی خەباتیدا لەپێناو رزگاریی و سەربەستی گەلەکەی.

لای هەموان ئاشکرایە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەپێناو ئەم سیاسەتەدا قوربانی زۆری داوە، زۆر جاریش لەسەر ئەو هەڵوێستانەی کەوتووەتە ژێر گوشاری ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەوە، بەڵام گوێی بەو گوشارانە نەداوە و درێژەی بە سیاسەتی نەفەس درێژی کوردستانیانەی خۆیداوە.

لەئێستاشدا بە گرنگییەوە مامەڵە لەگەڵ دۆزی کورد دەکات کە لە رۆژئاڤا، بە تایبەت لە پاش گۆرانکارییەکانی ئەم دواییەی سوریا کە پێدەچێت کورد لە ئایندەی وڵاتەکەدا رۆڵی گەورەی هەبێت لە پێکهێنانی پرۆسەی سیاسی و هۆنینەوەی ئەو هاوکێشانەی لە سوریادا دێنەگۆڕێ. بۆیە پێویستە کە هەموو پارتە کوردییەکان چاو لەم سیاسەتەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بکەن و بە دیدێکی کوردستانیانەوە لە دۆزی کورد براونن و لەو پێناوەدا سیاسەتی خۆیان یەکبخەن و بەرژەوەندییەکانی گەلەکەمان بخەنە پێش هەموو بەرژەوەندییەکانیان.

زانستی سەربازی

پرۆفیسۆری یەکەم/ دکتۆر جەزا تۆفێق تاڵیب

پسپۆڕی جیۆسیاسی و ئاسایشی نەتەوەیی

جەنگی دەستپێشخەری

ڕێبەر | ٤

جەنگ پیادەکردنی توندوتیژی چەکدارانەیە لەنێوان کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، ڕێگەیەکە دەوڵەت دەیگرێتەبەر بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجەکانی، لەمبارەیەوە (کارل فۆن کلاوزەفیچ) دەڵێت جەنگ درێژکراوەی سیاسەتە بەشێوازی دیکە، واتە جەنگ شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە و هەلومەرجی تایبەتیش ئاراستەی دەکات و دەیبات بەڕێوە و یاساوڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە و درێژکراوەی سیاسەتە و بەشێوازێکی زبر پیادەدەکرێت، هەموو جەنگێک هزر و ویستی تێدا بەرجەستە دەکرێت وە لەگەڵ پێشکەوتنی هزری سیاسی و سەربازیدا دەگونجێنرێت وە لەگەڵ باڵادەستبوونی سەرکردە و فەرماندە سەربازییەکان و دەرکەوتنیان وەک فەرمانڕەوا وسەرکردەی وڵاتان ، ئیدی خودی ئەو فەرمانڕەوا و سەربازیانە خۆیان بونە سەرچاوەی هزری سیاسی و سەربازی وە داڕێژراوی پیلانە سەربازیەکان و دۆزینەوەی میکانیزم و تاکتیکێکی تایبەتی جێبەجێکردن ، لەم پێناوەشدا و لەبواری پیادەکردنی پرۆسە سەربازییەکان و بەدەستهێنانی ئامانجەکان، جۆرێک لەجەنگی پیادەکراو بەدەرکەوت کە بە (جەنگی دەستپێشخەری) دەناسرێت.

جەنگی دەستپێشخەری چییە؟

ەنگی دەستپێشخەری (الحرب لاستباقية- Preemptive war) بریتیە ەگواستنەوەی شەڕ بۆ نێو خاکی دوژمن، ێکدان و شێواندنی پیلان ڕووبەڕوو ونەوەی مەترسی هەڕەشەکان پێش ەدەرکەوتنیان، بەو پێیەی ئەم جەنگە ەپێناو هەرەسپێهێنان و لەناو بردنی ووژمنکارییەکدایە، کە نزیکە ڕووبدات، ـەم جۆرە جەنگە بەئامرازێکی ڕەتکردنەوە ادەنرێت و مەبەست لێی ئیفلیج کردنی ـەر پرۆسەیەکی پلان بۆدارێژراوە و ێنانەکایەی سوپرایز و دۆشداماوکردنی وژمنە پێش ئەوەی دەستپێشخەری ێرش بکات.

ئەم جۆرە جەنگە لەکۆن و ئێستاشدا بەگوێرەی هەلومەرج و خەسڵەتی جەنگەکان گیراوەتە بەر وە مەبەستی سەرەکیش وەشاندنی گورزی پێش کات بووە لە دووژمن ، تاوەکو نەتوانێت پیلان و ئامانجەکانی پیادە بکات ، هێنانە کایەی ئەم چەمکە (جەنگی دەستپێشخەری) و دارشتنەوەی وەک چەمکێکی سەربازی دەگەڕێتەوە بۆ (ژەنڕاڵ کلاوزەفیچ) ، کاتێک بنەما و یاساکانی ئەم جۆرە جەنگەی دارشت وەک پلانێکی ستراتیژی هێزی چەکداری وڵاتان دەیگرنەبەر ، (ژەنڕاڵ ناپلیۆن پۆناپارت)یش پەرەی بەم چەمکەدا و کردییە بنچینەیەک بۆ جەنگەکانی لە ئەوروپادا، لەم بارەیەوە

بیرمەنـدە سـتراتیژییەکان ، جەنگەکانـی ناپلیـۆن بـە سـەرکەوتوترین جەنگـی دەستپێشـخەری لەمێـژووی سـەربازیدا ناودەبـەن.
ئەڵمانییەکانیـش لەیەکـەم جەنگـی جیهانیـدا ئـەم سـتراتیژەیان گرتەبـەر و لەجەنگـی جیهانیشـدا هەرهەمـان شـێوازی جەنگیـان گرتـەوە بـەر و بیرۆکـەی (lighting war - جەنگـی ڕوونـاک)یـان بۆ زیادکرد، پشـت بـە پەیوەسـت بـوون و هەماهەنگـی نێـوان هێـزی وشـکانی و پاڵپشـتی هێـزی ئاسـمانی دەبەسـتێت، پرۆسـە سـەربازییەکانی دژ بـە پۆڵەنـدا لەسـاڵی ١٩٣٩ و دژ بـە فەڕەنسـا لـە سـاڵی ١٩٤٠ بەنموونـەی جەنگـی خێـرا و دەسـتپێشـخەرانە دادەنرێـت، هەندێکیـش پێیـان وایـە سـەرهەڵدانی هـزری جەنگـی دەستپێشـخەری و هاوشـێوەکانی ئەم جەنگە بـە شـێوەیەکی دیـار لەسـەرەتاکانی نیـوەی سـەدەی بیسـتەوە بەدەرکـەوت، کاتێـک هێـزی ئاسـمانی ژاپـۆن لـە ٧ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٤١دا بەنـدەری (پێـرل هاربـەر) ی لەدورگەکانـی (هاوایـی) کـردە ئامانـج و کەشـتی گەلێکـی ئەمریکـی لـەو بەنـدەرەدا سووتاند و تێکشکاند و گورزێکی کوشندەی

> (فرانسیس فکۆیاما)دەڵێت جەنگی دەستپێشخەری بریتییە لەو پرۆسە سەربازییە ئاراستەکراوانەی کە لەپێناو لەناوبردنی هێرشی بەرامبەردا ئەنجام دەدرێت و ڕێگە لەهێرشی بەرامبەر دەگرێت و چەندین مانگ وساڵ هێرشەکان دووردەخاتەوە، کە دەکرێت مەترسییەکە لەوڵاتێکی لادەر یان لایەنێکی نادەوڵەتییەوە بێت، بەمەش پێش کات وڵاتی مەترسی لەسەر جوڵەیەکی دەستپێشخەریانەدەکات، بەمەبەستی لەناوبردنی ئەو هەڕەشانە.

فرانسیس فۆكۆیاما

له هێزو و شكۆی ئەمریكا وەشاند، بەم پێیەش ئەم جەنگە بریتییە لەوەشاندنی گورزێكی كەمەر بڕ لەو دوژمنەی كە سەرقاڵی خۆ ئامادەكردنە بۆ هێرش كردن، مەبەستی بەرپەچ دانەوە و لەباربردنی ئەوهێرشەی كە بەدڵنیاییەوە دەكرێت، پێویستە دەستپێشخەری هێرشبكرێت و لایەنی بەرامبەر تێكبشكێنرێت، هەندێك لەپسپۆڕانی بواری سەربازی و ستراتیژی ئاماژە بەسێ زاراوەی دیكەی هاوشێوەی جەنگی دەستپێشخەری دەدەن وەك زاراوەكانی (بەرگری خۆپارێزی- preventive) و (بەرگری پێشبینی كراو-anticipatory) و (بەرگری دەستپێشخەری--pre emptive)، كەسەرجەم ئەم زاراوانە مانای بەرگری پێش كات لەخۆكردن دەگەیێنێت ، و بریتییە لەپرۆسەی بەكار هێنانی هێز وهێرش كردن بۆسەر دوژمن بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ و دەستبەجێ، یان لەكاتێكی زۆر نزیكدا، بەم پێیەش ئەم پرۆسەیە خۆپارێزییە و مەبەستیش لێی دەستنەكردنەوەی دوژمنە تاكو بواری ئەوەی نەبێت توانا سەربازییەكانی كۆبكاتەوە و تۆكمەی بكات لە ئێستادا، یان لە ئایندەدا ببێتە مایایی هەڕەشە و مەترسی.

بیرۆكەی بەرگری خۆپارێزی:

بیرۆكەی بەرگری خۆپارێزی پشت ئەستورە بە بیرۆكەی (بەهانەی میتا- Argument Meta) ، كە كاكڵەی ئەم بیرۆكەیە دەڵێت: «زۆرێك لەوڵاتانی جیهان لەئێستادا ئەوەندە توانای سەربازی لەچەكی ئەتۆم، ڕۆكێتی بالستیان هەیە، كەوڵاتان خاپوور بكەن بەبێ ئەوەی

شـەڕی ڕاسـتەوخۆ و ڕوبـەڕوو بوونـەوە ئەنجـام بـدەن» ، ئـەم بیرۆکەیـە دەڵێـت لۆژیک نییـە وڵاتـان چاوەڕوانـی ئـەم جۆرە مەترسـی و هێرشـانەبن لەلایـەن وڵاتانـی ترەوە بکرێتـە سـەریان و بەرگری لەخۆیان بکـەن، هەڕەشـەی نزیـک و وجـودی مـاف بەوڵاتانـە دەدات کەهەسـتن بەوەشـاندنی گورز و هرشـی دەسـتپێشـخەری، بەمەبەسـتی پاراسـتنی ئاسایشـی وڵات.

لـەم بارەیـاوە (فرانسـیس فکۆیاما)دەڵێـت جەنگـی دەسـتپێشـخەری بریتییە لـەو پرۆسـە سـەربازییە ئاراسـتەکراوانەی کـە لەپێنـاو لەناوبردنـی هێرشـی بەرامبـەردا ئەنجـام دەدرێـت و ڕێگـە لەهێرشـی بەرامبـەر دەگرێت و چەندین مانگ وسـاڵ هێرشـەکان دووردەخاتـەوە، کـە دەکرێـت مەترسـییەکە لەوڵاتێکی لادەر یـان لایەنێکی نادەوڵەتییـەوە بێـت، بەمـەش پێـش کات وڵاتـی مەترسـی لەسـەر جوڵەیەکـی دەسـتپێشـخەریانەدەکات، بەمەبەسـتی لەناوبردنـی ئـەو هەڕەشـانە. ئـەم پێناسـەیە جەخت لەسـەر ئـەوە دەکاتەوە کـە جەنگـی دەسـتپێشـخەری پرۆسـەیەکی سـەربازییە بۆ ڕووبەڕوو بونـەوەی دوژمـن، پێش ئـەوەی دوژمن دەسـت بکات بە هێرش

> (ولیام پێری) وەزیری پێشوتری بەرگری ئەمریکا ئاماژەی بە پێویستی (ستراتیژی خۆپاریزی) بۆ ئەمریکا دا لەدوای هەرەسهێنانی یەکێتی سۆفیەتەوە، و لەپێناو پاراستنی ئاسایشی ئەمریکادا تیمێکی پسپۆڕ لەژێر سەرپەرشتی (دیک چینی) سەرقاڵی ئامادەکردنی پلان و پرێنسیپێک بوون کە ناسرابوو بە (ڕێبەری پلاندانان بۆ کاروباری بەرگری

و دەست وەشاندن، ئەم جۆرە جەنگ و هێرش کردنانەش لە چوارچێوەی ئامانجەکانی ئاسایشی نەتەوەییدا بەرنامەی بۆ دارێژراوە، بەمەبەستی بەرگریکردن پێش کات و پاراستنی ئاسایشی سەربازی نەتەوەیی و بەجوڵە و پرۆسەیەکی کەمی پێش کات چارەنووسی وڵات لەهێرش و مەترسی هەنوکەیی و پێشبینیکراو دەپارێزێت.

ئەمریکاو جەنگی دەستپێشخەری:

ئەو ستراتیژییەی بۆئاسایشی ئەمریکا لەکاتی جەنگی ساردا دارێژرابوو، لەگەڵ هەلومەرجی مەترسییەکانی دوای جەنگی ساردا نەدەگونجا، لەبەرئەوەی دۆخی سیاسی و سیستەمی نوێی ئەمریکا پێویستی بە سەرلەنوێ دارشتنەوەی پلان و بەرنامەی نوێ هەبوو، کە بگونجێت لەگەڵ هەلومەرجی نوێی جیهاندا ، لەم بارەیەوە (ولیام پێری) وەزیری پێشوتری بەرگری ئەمریکا ئاماژەی بە پێویستی (ستراتیژی خۆپارێزی)بۆ ئەمریکا دا لەدوای هەرەسهێنانی یەکێتی سۆفیەتەوە، و لەپێناو پاراستنی ئاسایشی ئەمریکادا تیمێکی پسپۆڕ لەژێر سەرپەرشتی (دیک چینی) سەرقاڵی ئامادەکردنی پلان و پرینسیپێک بوون کە ناسرابوو بە (ڕێبەری پلاندانان بۆ کاروباری بەرگری- Defense A Planning Guidance)، ئەم

پرێنسیپە جەختی لە سەرئەوە دەکردەوە کە پێویستە ئەمەریکا ئامادەی بەکارهێنانی هێزبێت ئەگەر پێویست بکات ئەم پرەنسیپە ئامانجی ئەوەیە کە هەمیشە پێشینە بۆ ئەمریکا بێت و بتوانێت پلانی ئەوانە پوچەڵبکاتەوە، کە هەوڵی ڕکابەری ئەمەریکا دەیەن.

ئەم پرنسیپە لەسەرەتادا بەشێوەیەکی جدی ئاوڕی لێنەدرایەوە و نەبووە جێگەی سەرەنجی پسپۆڕانی بواری سەربازی و ئاسایشی نەتەوەیی، بەڵام لە دوای ڕووداوەکانی ١١ سێپتیمبەری ٢٠٠١ ئەم پرەنسیپە بووە جێگەی تێرامان و سەرۆک جۆرج بوشی کوڕی هاندا، کە بونیادی ستراتیژێکی نوێ بکات، کە لەڕێگەیەوە ئەمەریکا بتوانێت پیادەی جەنگی خۆپارێزی و دەستپێشخەری بکات بەبێ ئەوەی خودی ئەمەریکا هیچ جۆرە گورزێکی بەربکەوێت، دوای ڕوداوی ١١ سێپتیمبەر سەرۆک بوشی کوڕ ئەوەی ڕاگەیاند کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لەسەر دوو ئاراستەی سەرەکی کاردەکات، ئەوانیش بریتین لە:

ئاڕستەی یەکەم: ڕاگەیاندنی جەنگە لەسەر تیرۆر لەسەر تاپای جیهاندا.

ئاراستەی دووەم؛ بە تیۆری جەنگی خۆپارێزی یان دەستپێشخەری دەناسرا سەبارەت بەئاراستەی دووەم، لە مانگی سێپتیمبەری ساڵی ٢٠٠٢ و دوای ساڵێک لە ڕووداوەکانی ١١ سێپتیمبەری ٢٠٠١ ناوەڕۆکی تیۆری جەنگی خۆپارێزی ئاشکرا کراو بە ناوی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی داڕێژرایەوە و وەک پلانێکی کاری ئامادە بەدەست کاری پێدەکرا و بە (ڕێبازی بوش بۆجەنگی خۆپارێزی) دەناسرا و بەگوێرەی ئەم ڕێبازە ئەمریکا هێزی سەربازی دژی هەر دەوڵەت و ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بەکار تیۆرەکەی بۆش دەربڕی و هێرش و گورزی دەسپێشخەرانەی سەربازی بوونە بەشێک لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. (١١).

جەنگی دەسپێشخەری و ئیسرائیل:

ئیسرائیل هەر لە سەرەتای درووستبونیەوە پێگە و جیۆپۆلەتیکی و خەسڵەتە جوگرافییەکانی ئیسرائیلی ناچار کردووە کە بڕوایەکی سەربازی (العقیدة

العسكرية) تایبەت بە خۆی هەڵبژێرێت و بگونجێت لەگەڵ پێگە جوگرافی و بەرژەوەندییەکانیدا، لەم بارەیەوە ئیسرائیل لە بواری جەنگ بۆ تیۆری هێرشی دەسپێشخەردا مێژوویەکی دێرین و باڵادەست و دیاری هەیە، وە ئیسرائیل توانی بە شێوەیەکی پراکتیکی و سەرکەتوو ئەم تیۆرە لە جەنگی ساڵی ١٩٦٧ پیادە بکات، ئەویش کاتێک بەشێوەیەکی غافڵگیرانە و لەیەک کاتدا هێرشی دەسپێشخەرانەی کردە سەر هەر یەک لە وڵاتانی (میصر و سوریا و ئوردون)، و زۆربەی فڕۆکەخانە و سەربازگە و دام و دەزگا ستراتیژییەکانی خاپور کرد، واتە پێش کات نیازی هێرشی ئەو وڵاتانەی دەزانی و ئەو شێوەیەی جێبەجێ کرد، کە دەڵێت پێش ئەوەی گورزم لێ بوەشێنێت و لەناوم بەرێت، با گورزی لێبوەشێنم و لەناوی بەرم.

هەروەها کاتێک ١٩٨١/٦/٧ دا فڕۆکەکانی ئیسرائیل کورە ئەتۆمییەکانی عێراقیان لە هێرشێکی دەسپێشخەریدا و پێش ئەوەی کورەکە بکەوێتە کار لە پرۆسەیەکدا بەناوی پرۆسەی (ئۆپرا) خاپوور کرد، هەروەها ئیسرائیل لەدوای هەرەس هێنانی رژێمی ئەسەد و دوای چەند کاتژمێرێکی کەم و بەدەستنیشانکراوی لە رۆژانی ٨-٢٠٢٤/١٢/١٠ بەشێوەیەکی بەربڵاو و چڕ هێرشێکی دەستپێشخەری بەهێزی کردە سەر سەرجەم فڕۆکەخانە وسەربازگە و سەکۆکانی موشەک هاویشتن و سەرجەم دامودەزگا ستراتیژی و بەندەرەکان و هێزی دەریایی سوریا، وەک راگەیەندرا لە ٨٠٪ ی هێزی ستراتیژ و بەکار و قورسی سوریای تێکشکاند و بووە هۆی خاپور کردنی هێزی سەربازی سوریای ئایندە، پێش ئەوەی رژێمی سوریای نوێ لەسەر پێی خۆی رابوەستێت! بەتاڵکرابێتەوە لە هەر هێز و مەترسییەک کە لە ئایندەدا ببێتە هەرەشە بۆسەر ئیسرائیل.

سەرچاوەکان:

١-كارل فون كلاوفيتز، عن الحرب، ترجمة سليم شاكر الامامي،الطبعةالاولى، مؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٩٧،ص١٧.

٢- د.منير شفيق، علم الحرب، الطبعة الثانية، المؤسسةالعربية للدراسات والنشر،بيروت، ١٩٧٥،ص١٠.

٣-Daniel McCormack and henry Pascoe sanctions and preventive war, jornal of conflict resolution. Vol.٦١(٨),٢٠١٧, p-١٧١١-١٧٣٩.

٤- د.إسماعيل صبري مقلد، الاستراتيجية والسياسة الدولية: المفاهيم والحقائق الاساسية، بيروت، مؤسسةالابحاث العربية، ١٩٨٥،ص١٤٣.

٥- د.جميل عائد الجبوري، الحرب الوقائية في استراتيجية اسرائيل العسكرية، القاهيرة، ١٩٧٧،ص ٢٥.

٦- د.طلعت جياد لجي الحديد والبريز فتاح يونس، مظاهر استخدام القوةفي الحرب الاستباقية، مجلة الكتاب، المجلد(٢)، العدد(٣)، ٢٢٠، ص٨

٧- د.سمعان بطرس فرج الله، جدل القوة والقانون في العلاقات الدولية المعاصرة، ط١، مكتبة الشروق الدولية، القاهرة،٢٠٠٨، ص٤٧٣.

٨- Thomas frank, (Recourse force. State action against and armed attack) combridg University, press,٢٠٠٣, P١٤٠-١٤١.

٩- فرانسيسي فاكوياما، امريكا على مضتدق طرق مابعد المحافظين الجدد، ترجمة محمد محمد التوبة، العبيكان للنشر والتطوير،ط١، الرياض، ٢٠٠٧، ص١١٥-١١٧.

١٠- د.محمد يونس يحيا الصائغ، أسانيد الولايات المتحدة بشأن الحرب الاستباقية، مجلة الرافيدين للحقوق، المجلد(١١)، العدد (٤٠)، ٢٠٠٩،ص٢٣١.

١١- المصدر نفسه،ص٢٤٨.

١٢- پ.د.فؤاد حمه خورشيد، جيۆ پۆلەتيک، چەمک و پراکتيک، وەرگێرانی پ.د.جەزا تۆفيق تاليب و ئەحمەد، چاپخانەی کوردۆ، چاپی یەکەم، ٢٠٢١،ل٢٣٨.

١٣- پ.د.جەزاتۆفيق تاليب، پرۆسەی تيری باشان لەسوريادا، رۆژنامەی لوڕستانی نوێ، ژمارە(٩٣٣٤)، ٢٠٢٥،ل٥.

بیرەوەری پێشمەرگە

ڕەهبەر سەید برایم

عەسرە چا

مـام جـەلال لـە ئاهەنگـی نـەورۆزی سـاڵی ١٩٧٩ لـە وتارێكدا باسـی بـە خێرهاتنـی ئەبـو ئاسـۆس و ئەبـو جۆزیفـی كـرد و پـێ خۆشـحاڵی خۆی دەربڕی بە هاتنە دەرەوەی بەشـێک لەسـەركردە و كادیرەكانـی (حشـع)، بۆ دامەزراندی بنكە و بارەگەیان خەرجی و پێداویسـتییەكانی بـۆ دابیـن كردبـوون.

لەگـەڵ دڵشـادی مـام ڕەزا (كێخـوا) لـە دۆڵـی نـۆكان چووینـە سـەردانی پـوورزا فاتیـح ڕەسـووڵ كـە كێخـوا وا نـاوی دەهێنـا، تەویلەكەیـان خاوێـن كردبـۆوە، كربوویـان بـە بارەگا و جێی حەوانـەوە ، زۆر ڕێزی لێگرتین و خواردنـی موعەلەباتـی پـێ دایـن نانمـان لـەوێ خـوارد ، عەلـی كلاشـینكۆف لـەوێ بـوو ، جارێكـی دیكـەش لەگـەڵ د.خـدر مـەلا عسـووم هەورامـی چووینـە سـەردانی(فاتیح ڕەسـووڵ) زۆر بـە گفـت و لفـت و قسـە خـۆش و بەجـۆش بـوو، باسـی عـەرش و قورشـی (كۆیە)یـان دەكـرد، د.خـدر حلیتـەی وای لـێ دەدا دەنگـی دەدایـەوە، هاتـە سـەر بـاس و خواسـی سیاسـی ، تـازە لـە بـەرەی لەگەڵ بەعس دابڕابـوون ، دەیانزانی بەعس و سـەدام زۆر بەهێـزە، وای دەرخسـت كـە بـڕوای بـە ڕووخاندنـی ڕژێمـی بەعـس و سەدام حسـێن و كودەتـای سـەربازی نەبـوو ، سـەرەنجام گووتـی (ئەفەندییـەک لـە بـازاڕی بـە قیـت و قـۆزی دەڕوا چ كـەم و كـوڕی نییـە لـە ڕەوت و ڕۆیشـتن ، خەڵـک دەڵێـن

ئەها کەوت، ئەها بەربۆوە، مەگەر سەدام حسێنیش ئەوها بڵێن ئەها سەدام حسێن کوژرا ، ئەها ڕژێمی بەعس ڕووخا، ئەها کودەتای لێکرا و گیرا و لەناوچوو)

لە بارەگاکانی (حشع) هەندێ عەرەبی لێبوو، کچە کوردێکی ناسیاوی شیوعی لە بارەگاکانیان بوو ، هەر کە بانگیان دەکرد دەیگووت (ها عێنی) ئەو زاراوەیە بۆ خۆشی لە ناوخۆماندا بوو بە خوو!!

خێری عەبدولحەمید قازی (ئەبو زەکی) لە هەولێر و ئاسکی کەڵەک مامۆستامان بوو، هەر بە شێوە چونکە دەست و مەچەک و سەر سینگی مواوی بوو لە خۆمەوە بە ئەکتەری میسری(ئەحمەد مەزهەر)م دەشوبهاند، زوو هاتە شاخ و ناو شۆڕش، بە ڕێکەوت بە تاقی تەنیا لە (زەڵێ) دەچوو بارەگای (حشع) دیتم ،جلکی پێشمەرگانەی خاکی و کوردی لەبەربوو پێشتر هەر بە جلکوبەرگی ئەفەندیانە بینیبووم، چاک و چۆنی گەرمم لەگەڵ کرد،زانی قوتابی ئەو بوویم بە بچم ناسیمی بەڵام ناوی نەدەزانیم، زۆر پێی خۆشبوو ئەو شیوعی و من یەکێتیی لە ناو ئەو دار و بەرد و ڕۆژگارە سەختە قوتابی و مامۆستا یەکبگرنەوە ، لەڕاستیدا(مامۆستا خێری قازی)،ئەبو زەکی، جوامێرێکی دلێر و بوێر و هەڵکەوتوو بوو، بێدەنگ و کەم دوو بوو ، کە قوتابی بووین شەرممان لێ دەکرد چونکە زۆر بە هەڵوێست و بە جەوهەر و پڕ شکۆ بوو بە ئاشکرا شیوعی بوو، دوای زانیم کە لە ساڵی ١٩٨٦ لە (زێوە) بە

کێشەی دڵ کۆچی دوای کرد بۆ بەهەشتی نەمری درووود بۆ گیانی بێگەردی.

لە ١٦/٤/١٩٨٠ بەفرێکی یەکجار زۆر باری لە زەڵێ و شێنێ و خڕی نێرزەنگ و ئەو ناوە دوایی توایەوە، ئەو پەندە کوردەوارییە ڕاست وابوو :

لە مانگی ئاداری،
بەفر بباریّ ، هەتا گوێی داریّ،
نامێنیّ هەتا ئێواریّ!

***

نەوشیروان مستەفا ئەمین دۆستایەتی و ناسیاوەتی لەگەڵ سەرکردەکانی (حشع) نەبوو ، لە نزیکەوە نەیدەناسین و ئاشنایەتی نەبوو لەگەڵیان، بەلام مام جەلال هەموو سەرکردەکانی(حشع)ی بە عەرەب و کوردەوە دەناسی ، پەیوەندی پتەو و برایانەی هەبوو، یادگاری و ڕابردوویەکی مێژوویی لەگەڵیان هەبوو ، زۆر جار مام جەلال لە کۆڕ و دانیشتن باسی دەکرد، ئاواتی دەخواست کە شەهید فاخیر مێرگەسۆری و شەهید عەلی مەولوود مابونایە دەبوو بە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە، چونکە هەردووکیان شیوعی بوون و پێشینەی مارکسیەتیان هەبوو.

لە ناو ئەندام و کادیرانی (حشع) و (ی.ن.ک) باس و خواسی ئەو وتەیەی لینین گفتوگۆی لەسەر دەکرا کە گووتوویەتی(نابی دوو



حزبی شیوعی لە وڵاتێکدا هەبیّ دەبیّ یەکیان هەڵە بیّ)

لە ڕاستیدا لە (هیندستان)دوو حزبی شیوعی و دەیان ئاین هەیە شەڕ و پێکدادانی تێدا نەقەوماوە، پێکەوەدەژین و هەڵەش نین!

کێشەی (ی.ن.ک) و (حشع) لەسەر تیۆری مارکسیەت و لینیەت نەبوو ، (حشع) دۆست و هاوخەباتی (ی.ن.ک)بوو، حشع بەرەی (جود)یان پێکهێنا و گەلەکۆمەکیان دژ بە (ی.ن.ک) دروست کرد ، دەنا پێشتر لە نێوان (ی.ن.ک) و (حشع) گیر و گرفت و کێشەیان نەبوو ، شەڕ و پێکدادانیش بقەومابا چارەسەر دەکرا!

سەرەتا لەسەر عەولا ماویلی بوو جاش بوو هاتە ناو حشع ، لە کاتێکدا (٢) کادیری (ی.ن.ک)ی بەگرتن دا و لە سێدارە

دران ، (٧)پێشمەرگەی (ی.ن.ک)گرتبوو لە هەلیکۆپتەر فڕێ درابوونە خوارێ ، تەنانەت لە بڵاوکراوەکانی (حشع) باسی خیانەت و جاشایەتی و تاوان و دڕندایەتی عەولا ماویلی کردبوو!

پێشمەرگەکانی باڵەکایەتی پێیان پەسەند نەدەکرا لەبەر چاویان بێ ، بۆیە عەولا ماویلی کوژرا بەدەستی (ی.ن .ک).

(حشع)یش لە تۆڵەی عەولا ماویلی بە فەرماندەیی عەلی کلاشینکوف لە (گوندی گەرەوان) داوایان لێ دەکەن بە بیانگەی کۆبوونەوە لەوێ لە ناو مزگەوت لە ڕۆژمێژووی ٢/٩/١٩٨١ (وەسمان بەگی گەرەوانان)-فەرماندەی هەرێمی ١٢ی ڕەواندزی (ی.ن.ک) و (حەمەلاو) -لێپرسراوی ناوچەی (ی.ن.ک) و لوقمان حاجی ئەحمەد ماویلی و خدر محیدین سەرانەیی شەهید دەکەن!!

بە فەرمانی مام جەلال بۆ هێورکردنەوە و تەشەنەنەکردنی شەڕ لەگەڵ (حشع) (نەوشیروان مستەفا ئەمین) و (مەلا ئەحمەدی بانی خێلانی) لە (وەرتێ) پێکهاتن بۆ خۆلادان لە شەڕ، (ی.ن.ک) لێیان خۆش بوو.

من شەهید وەسمان بەگم دەناسی و دەدیت بەلام هاوڕێیەتیم لەگەڵ شەهید حەمەلاو هەبوو ، ئێستاش شێوە و بچمم لەبەرچاوە،

بە دکتۆر کەمال خۆشناو و دکتۆر خدر هەورامی سەرسام بوو.

***

(شەڕی قرناقا و پشت ئاشان)

بۆ مێژوو (ی.ن.ک) نەیدەویست شەڕ و کوشتار لەگەڵ (حشع) رووبدا سیاسەتی دۆستانەی هەبوو ، لە ڕۆژمێژووی ١٢/١١/١٩٨٠ پێکەوە لەگەڵ (ی.ن.ک) و (حشع) و (حسک) و (حزبی ئیشتراکی عەرەبی) و (قیادەی قوتری حزبی بەعس) و (جیش التحرير الشعب العراقي) و (مستقلون) و (جەماعەتی بیت النهر) (جوقد)(الجبهة الوطنية القومية الديمقراطية) یان پێکهێنا بەڵام دوایی لە ڕۆژمێژووی ٢٨/١١/١٩٨٠(حشع) و (حسک) لەگەڵ (پ.د.ک) بەرەی(جود) (الجبهة الوطنية الديمقراطية) یان دروستکرد لە ژێر گوشاری (پ.د.ک) بۆ دژایەتی (ی.ن.ک) ، بۆیە (حشع و حسک) لە (جوقد) هەڵپەسێردران ، بەهۆی پێکهێنانی (جود)ەوە ، ساردی و درز کەوتە نێوان (حشع و ی.ن.ک) سەرکردایەتی و کادیر و ئەندامانی (حشع) دەیانزانی لەسەر (جود) تووشی شەڕ و کێشە دەبن!!

لە ڕۆژمێژووی ١٢/١٠/١٩٨٠ بارانێکی بە لێزمە و ڕێژنە دا باری ، دار و بەرد و قوڕ و لیتەی ڕاماڵی، بووە لێمشت خێزانەکەی مەلا ئەحمەدی بانی خێلانی (نەجمە شاسواری) خنکاند لە دۆڵی نۆکان ، کەوتە بن گاشە بەرد و لافاو لە ژێر خێوەتەکەی خۆیان!

مام جەلال بەپەرۆشی و نیگەرانیەوە ئەو ڕووداوە هەژێنەرەی ڕاگەیاند!

(حشع) لە ناو خۆیاندا لەسەر ناکۆکی و دژایەتی (ی.ن.ک) بۆچوونی جیاوازیان هەبوو ، هەندێکیان نەیاندەویست لەگەڵ (ی.ن.ک)تێکی بدەن خۆ نەگلێنە ناکۆکی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) لە لایەکی دیکەوە پێویستیشیان بە بادینان و سووریا بوو ، بۆیە وردە وردە بنکە و بارەگای حشع لە خڕی نێرزەنگ و زەڵێ و نۆکان گواستەوە بۆ قرناقا و پشت ئاشان ، شیوعیەکانی سلێمانی و کەرکووک لە ڕۆژمێژووی ١٠/٥/١٩٨٣ بە سەرکردایەتی بەهادین نوری لەگەڵ (ی.ن.ک) بەسەرکردایەتی (مەلا بەختیار) ، ڕێکەوتن کە شەڕ نەکەن و تەقە لەگەڵ یەکتر نەکەن !!

بەڵام بەشێکیان لە ڕۆژمێژووی ١٥/٤/١٩٨٣ لە باداوانی دۆڵی خەلەکان (حسک و حشع) پێکەوە لە ختووخۆڕایی شەهیدی فەرماندە (شەماڵی باخ) فەرماندەی تیپی ٩٣ی کوسرەت و (سەرباز ئەحمەد) جێگری فەرماندە و (سەعدی گەرمکی و کامەران کاکە ڕەش) شەهید دەکەن!!

لە کاتێکدا شەهید (شەماڵی باخ) چاکەی بەسەر (حشع)ەوە هەبوو کە بە کۆڵی خۆی و بەئەستۆگرتنی کە مەترسیدار بوو لە

بەیروتەوە چەکی بۆ (حشع) گوازتوتەوە بۆ شام و بۆ ناوەوەی وڵات !

لە ڕۆژمێژووی ٢٦/٤/١٩٨٣ جود بە هاوبەشی پەلاماری بنکە و بارەگای مەڵبەندی (سێ)ی (ی.ن.ک) دا لە (بالیسان)نامیق حەمە شوکر (پێشڕەو) کادیری پێشکەوتوو و ئەحمەد قەمبەری فەرماندەی کەرت و حەیدەر سادق و عوسمان سەعید و حاجی کاموسەکی و پیرۆت شەهید دەکەن!

لە ٢٧/٤/١٩٨٣ لە مەلەکان شێروان مەحموود کویی(پیرمام) شەهید دەکەن!

(دڵزاری بەکراغای حەوێزی) بە سەختی بریندار دەکەن ، هەردوو چاوی لە دەستدا ، ئەوە بوو هەڵۆکانی (ی.ن.ک)یان بریندارکرد ، بۆیە (ی.ن.ک) دروشمی (تۆڵە بە سەبرە ئەمما بەزەبرە)یان بەرزکردەوە ، بۆیە لە ڕۆژمێژووی ١/٥/١٩٨٣ لە ڕۆژی جەژنی کرێکاران، بە فەرماندەیی (نەوشیروان مستەفا ئەمین)لە ڕێگا بەرەو قرناقا و پشت ئاشان حکومەتی عێراق تۆپ بارانی هێزەکانی (ی.ن.ک)یان کرد (بێستوون عەسکەری جێگری تیپی٢١ی کەرکووک و چوار پێشمەرگە لە دەستەی نەوشێروان مستەفا ئەمین بە ناوی(کامیل وەستا ئەحمەدی کرپچنەیی و یاسین قادرکفری و ئیبراهیم ئەحمەد و ئەمین فەتاح لەگەڵ بەدرخان سابیر و لەشکری چوار قورنەیی شەهید کران)، بە ڕێکەوت نەوشێروان مستەفا بەرنەکەوت ئەمما (جیهازی لاسلکی) یە هەلاهەلا بوو ، (جود)یش پڕۆپاگەندەی

دەکرد بە یارمەتی و دەستی حکومەتی بەعس شەڕی لایەنەکان دەکەن ،کارەساتی (قرناقا و پشت ئاشان) قەوما ، ئەو دەرەنجامەی لێ کەوتەوە ، دیل و ژنی تێدا شەهید کرا ! وەک دەرکەوت(٦٤) ئەندام و کادیری (حشع) شەهیدکران لەگەڵ عەولا بەگی فەرماندەی هەرێمی حسک، هەموو بنکە و بارەگایان کەوتە دەست (ی.ن.ک) لە شەڕی قرناقا و پشت ئاشان ، مامۆستا کەریم ئەحمەد و مەلا ئەحمەدی بانی خێلانی و قادر ڕەشید (ئەبو شوان) بەدیل گیران ، لە ڕاستیدا خالە سەید مەجید و حاجی مەمۆ و شەهید ئەحمەد مەولوود لە ڕادەبەدەر ڕێزیان لێگرتن و پاراستنیان یاوەریان کردن ڕەوانە سەرکردایەتی (ی.ن.ک) کران لە خرێ نێرزەنگ مام جەلال پێشوازی گەرمی لێکردن و ڕێزی زۆری لێگرتن و دەستی لە مل کردن و هەرچەند ئەبو سەرباز(مەلا ئەحمەدی بانی خێلانی) نامەیەکی بۆ (حسک) نووسیبوو لە ڕۆژمێژووی ٣٠/٤/١٩٨٣ کەوا (هەڵمەتەکەتان شێرانە بێ ئەم سەر لێشێواوانەی لە ناوچەی بالیسان خراپتریان لێ بکەن)

مامۆستا کەریم ئەحمەد لە کۆیە مامۆستای مامجەلال بوو ، بەهەر یەکەیان دەمانچەی پێدان ، بەڕاستی مێوان بوون نەک دیل ، خانووی تایبەتی (مەلا بەختیار)ی پێدان، ڕۆژانە خوانیان بۆ دەڕازاندەوە سەرەنجام لە ١٠/٥/١٩٨٣ بانگەوازێکی هاوبەشیان ڕاگەیاند (ی.ن.ک) بە واژۆی مام جەلال لەگەڵ حشع بە واژۆی مامۆستا کەریم ئەحمەد ، هەرچەند لە ناو (حشع) بە زۆرکەوت لەسەر مامۆستا کەریم ئەحمەد ، بەڵام شیوعیەکانی سلێمانی و کەرکووک شەڕیان لەگەڵ (ی.ن.ک) نەکرد و بە سیاسەتی ژیرانەی بەهادین نوری و مەلا بەختیار !!

خوێن نەڕژا لە نێوانیان ، برایەتی و تەبایان پاراست ، خۆیان تووشی شەڕ نەکرد.

مام جەلال نامیلکەیەکی بڵاوکردەوە بە ناوی (چۆن حزبی شیوعی عێراقی شەڕی بەسەرماندا سەپاندەوە) لە ئێستگەی دەنگی گەلی کوردستان بە زنجیرە دەخوێندرایەوە، حەماسەتی دەخولقاند

دەبوو (حشع) بێ لایەن و ناوبژیوان و ڕیش سپی بونایە پێ یان دەکرا خۆیان تووشی شەڕ نەکەن لەگەڵ (ی.ن.ک)!

بەهادین نوری بەئاشکرا ڕای وابوو هاوڕێیان (عەزیز محەمەد و کەریم ئەحمەد و عومەری شێخ عەلی و مەلا ئەحمەدی بانی خێلانی) تۆمەتبار دەکا کە ئەمانە (حشع)یان ڕاپێچی شەڕی برا کوژی پشت ئاشان کرد!

سەربەست باڵخێی

سەربازە ونەکان

بەشی بیست

لەدەیـەی حەفتـا و هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردوودا ڕەوشـی سیاسـی عێـراق و کوردسـتان وای کـرد هەزارەهـا گەنج وتازە پێگەیشـتووی وڵات لەڕێڕەوی ئاسـایی ژیان لایانـدا و پەرتەوازەی ژیانـی ناهەمـواری بـوون، منیـش ئەوکاتـەو لەتەمەنێکـی کەمـەوە بـووم بـە پێشـمەرگە و تێکەڵـی شۆڕشـی چەکـداری بـووم لەڕیزەکانـی یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتاندا،بەبێ ئـەوەی بەدەسـت خـۆم بێـت بـووم بەکارەکتـەر و بەشـداربووی دەیـان شـەڕی سـەخت و خوێنـاوی، دەیـان کارەسـات و چرکەسـاتی مەترسـیدارم بینی،ئـەوەی کەمنـی پێشمـــەرگەیەکی سـادەی کـەم تەمـەن بینیومـە و تیایـدا ژیـاوم ڕەنگـە لەنـاو کتـــێب و بیرەوەریەکانـی لێپرسـراوانی ئـەوێ ڕۆژێ بـاس نەکرابێـت و چوبێتـە خانـەی فەرامۆشـیەوە . بۆیـە بڕیارمـدا ئـەوڕۆژگارە سـەخت و ڕۆژە خوێناویانـە بهێنمـەوە یـادی خـۆم و بەبـێ زیادکـردن و وەک خۆی بیاننوسـم. کەئـەوەش بەشێکە لەمێـژووی ئـەم گەلە.

ساڵی ١٩٩٠ سەرکردایەتی شۆڕش بە نهێنی لە سنووری گوندی میشەرۆ کە دەکەوێتە باکووری پێنجوێن بنکەیەکی گومرگی دانابوو، لەو ڕێگەیەوە کاروانی قاچاخچێتی لە عێراقەوە بۆ ئێران بە پێچەوانەشەوە هەبوو، لەوێ خێمەیەکی گەورەیان هەڵدابوو نە عێراق دەیزانی و نە ئێران کە ئەو خێمەیە و ئەو بنکەی گومرگە لەوێ هەیە.

ئەو ماوەیە سنووری میشەرۆ ببووە ڕێگەی هاتووچۆی پارتیزانەکان و لەم ڕێگەیەوە کەلوپەلی پێویستییان بۆ دەڕۆیشت و بریندارەکان دەهێنرانەوە ئەوانەی لە حەقلەکانی ئەڵغامدا قاچییان دەپەڕی یان بریندار دەبوون، من چەند جارێک لەم ڕێگەیەوە ڕۆیشتووم و گەڕاومەتەوە، ڕێگەیەک کە جگە لە گیاندارە کێوییەکان هیچ ئاوەدانییەکی تیانەبوو، هاتن و ڕۆیشتن لەم ڕێگەیە مەترسی زۆری تێدابوو، جگە لەوەی ڕێگا هەمووی بەناو حەقلی ئەڵغام و نێوان سەربازگە و ڕەبایەکاندا دڕۆیشت، چەندین جۆر گیانداری دڕندەش هەبوون کە زۆر جار پەلاماری پێشمەرگەشیان داوە، ئەمانەش بۆخۆی چەندین چیرۆکی هەیە. ڕۆژێک لیوایەکی سوپای عێراق هاتبوونە ناوچەکە و فەوجێکیان ناردبوو بۆ ئەو سنوورە، کاتێک سەربازەکان دەگەنە شوێنی خێمەکە نیوەڕۆیەکی درەنگ بوو، پێشمەرگەکان کە بێ خەم و بێ ئیش بوون لە ژوورەوە بوون و خۆیان کردبۆوە، سەربازەکانیش هیچ زانیارییەکیان لەو بارەیەوە نەبوو، بێ خەم هاتبوون و گەیشتبوونە لای خێمەکە کەسییان نەبینیبوو بە دەوری خێمەکەدا بڵاوەیان کردبوو هەندێکیشیان لێی ڕەت ببوون، لەم کاتەدا

لەناو خێمەکە پێشمەرگەکان هەستییان بە دەنگە دەنگ و تەپەی پێ کردبوو وایانزانیبوو کاروانچین، فەرماندەکەیان بانکی یەکیان دەکات ئادەی فلان بچۆرە دەرەوە بزانە چییە، ئەو پێشمەرگەیە تفەنگەکەی لەشان دەکات و دێتەدەرەوە کە دەبینێ عەسکەر لەو ناوەدا دەسوڕێنەوە و زۆریشن خۆی دەکاتەوە بە خێمەکەدا و دەڵێت، کوڕینە گیراین چواردەورمان عەسکەرە عەسکەریش هێشتا نازانن ئەم خێمەیە چییە هەروا لێی دەڕوانن، پێشمەرگەکان هەموویان هەریەکە و لە ئاستی خۆیەوە ڕوودەکاتە خێمەکە و بەڕووی دەرەوە دەست دەکەن بە تەقەکردن، عەسکەر دەشڵەژێن بڵاودەبنەوە، پێشمەرگەکان بە تەقەکردنەوە دێنە دەرەوە و شەڕی دەستەویەخە دروست دەبێت، بەڵام عەسکەر هیچیان پێناکرێت و چەند کەسێکیان لێدەکوژرێت و ئەوانی تر ڕادەکەن هەندێکیشیان بە برینداری دەردەچن.

کاتێک لیواکەیان بەمە دەزانێت ئاگاداری فیرقە دەکەنەوە و هێزەکەیان بەرەو میشەڕۆ دەجوڵێنن، پێشمەرگەکان دادەمەزرێن عەسکەر بۆیان دێن، شەڕێکی باش دەکەن و عەسکەر ئەشکێنن، ئیتر شەڕ دروستبوو پێشمەرگە بەتالیۆن ئاگاداردەکەن کە چی بکەین پێیان دەڵێن هێز ئەنێرین.

دوای نیوەڕۆ بوو ئاگادارییان کردین ئامادەبین

> سوپای دووژمن خۆی ئامادە دەکرد بۆ هێرش، ئەوان خۆیان دەردەخەن و ئێمەش تەقەمان لێدەکردن، ئیتر هاوەن بارانیان دەکردین، چەند ڕۆژێك ئاوا ماینەوە، بەیانییەك کە هەموان لە چاڵەکانی خۆماندا بووین و هێشتا بێدەنگ بوو، هاوڕێی خەفەر چای لێنابوو بەسەرمانەوە دەگەڕا، چای بۆ تێدەکردین و نان و پەنیری دەداینێ، هاوەن باران دەستپێکرد.

بۆ ڕۆیشتن هەر زوو بەڕێکەوتین، لەوێ سوپاکەی دووژمن دوانزە هاوەنی ٨١ ملم ی دانابوو، پێشمەرگەکانیش تەنیا بە یەک گردەوە بوون، بەو دوانزە هاوەنە دووژمن بۆردومانی ئەو گردەی دەکرد، لە ڕێگە کاک جەمال سیتەکیم بینی دەگەڕایەوە، دوو سێ پەنجەی بریندار بوو هەندێک وەستایین و گوتم دەنگوباس چییە، گوتی باڵخێی هەتا نەچی نازانی چییە، هاوەن دەبارێ ئاگاتان لەخۆتان بێت، شەڕەکە زۆر قورسە، کە نزیک بوینەوە تەنیا هەندێک دوورە تەقە هەبوو، من کاک عەزیز ئاوکورتەییم لەگەڵ بوو، ئەو پیاوێکی بەتەمەن بوو پێشمەرگە نەبوو بەرگری بوو، بەڵام هاتبوو ڕۆیشتینە خوارەوە گەیشتینە لای هێزەکەمان لەوێ شەهید حاجی نوری سەرپەرشتی هێزەکەی دەکرد، بە هەموومان بویین بە نزیکەی بیست کەس زۆربەمان سەردەستە (ئامر مەفرەزە) بووین، بەڵام لەبەر کەمبوونەوەی هێزەکەمان تەنیا ناوەکان مابوون، حاجی نوری هەم بە تەمەن چەند ساڵێک لە ئێمە گەورەتر بوو هەم لە پێش ئێمەشەوە پێشمەرگە بوو، کوڕێکی ئازا و چاونەترس بوو قسەخۆش و دەم بە نوکتە و پێکەنین بوو سادەبوو، کە گەیشتین شەڕ وەستابوو، هاوەن نەدەهات، حاجی نوری هات بۆ لامان گوتی، بەقوربانتان بم خێرا یەکی چاڵێک بۆخۆتان هەڵکەنن هەتا هاوەن باران دەستپێنەکردۆتەوە، لەم کاتەدا هاوەن باران دەستپێکرد، من و کاک عەزیز چاڵمان نەبوو ناچار خۆمان بە زەوییەکەوە نوساند، هاوەن چواردەورەمانی دەکوتا، پاش ماوەیەک وەستا هەر خێرا دەستمان کرد بە هەڵکەندنی چاڵ، چاڵەکەی من لایەکی بەتاڵ بوو ئەویشم بە بەردە هەڵچنی، بە فەرمانی حاجی نوری کەس بۆی نەبوو لە چاڵەکان بێتە دەرەوە، شەو بەسەردا هات و دنیا ئارام بۆوە، وتمان ئەم شەڕە درێژە دەکێشێت و ئەم هاوەنانە ئاوا بکەن نایەڵن هیمچمان پێبگات، بە تایبەت ئاو لە پشتمانەوە دار بییەکی گەورە هەبوو هەمووومان ڕامان وابوو ئەو دار بییە ئاوی لێ نزیکە، بۆ بەیانی چووین ژێر داربییەکەمان هەڵکەند و ئاوێکی باش دەرکەوت، ئەوێ شوێنەواری کارێزێکی کۆن بوو، سۆندەمان تێکرد و ڕامانکێشا بۆ نزیک سەنگەرەکان، کێشەی ئاومان نەما، ئێوارانیش کە تاریک دادەهات نانمان بۆ دەهات.

لەم کاتەدا سوپای دووژمن خۆی ئامادە دەکرد بۆ هێرش، ئەوان خۆیان دەردەخەن و ئێمەش تەقەمان لێدەکردن، ئیتر هاوەن بارانیان دەکردین، چەند ڕۆژێک ئاوا ماینەوە، بەیانییەک کە هەموان لە چاڵەکانی خۆماندا بووین و هێشتا بێدەنگ بوو، هاوڕێی خەفەر

چای لێنابوو بەسەرمانەوە دەگەڕا، چای بۆ تێدەکردین و نان و پەنیری دەداینێ، هاوەن باران دەستیپێکرد، ئەمجارە زۆر بە خەستی مەتر مەتر ئەباری، ئێمە هەموومان لە چاڵەکانی خۆماندا خۆمان مات کردبوو، هەر دوانزە هاوەنەکە بە یەکەوە دەیانتەقاند بۆمان دەهاتن، حاڵمان زۆر خراپ بوو حاجی نوری لە شوێنی خۆیەوە هاواری دەکرد، برادەران ئاگاتان لەخۆتان بێت هەمووتان سەلامەتن، بەڵام کەس کاتی ئەوەی نەبوو وەڵام بداتەوە، هاوەن باران بە چڕی درێژەی کێشا، هاوەنەکان هەر ئەوەبوو نەدەهاتنە ناو چاڵەکانەوە، هاوەنێک لەودیو کەڵەکە بەردەکەی پێش چاڵەکەیدا و هەموو بەردەکان بەسەرمدا هاتن و چاڵەکە بەسەرمدا ڕووخا، هەتا سەر سنگم بەرد و خۆڵ دایپۆشی، ئەوەندی پێنەچوو هاوەن باران وەستا، من گیرم خواردبوو هاوارییان کرد، باڵخێی بەرکەوتووە حاجی نوری و چەند کەسێک گەیشتنە لام، حاجی نوری هاواری کرد، ئەی قوڕ بەسەرم باڵخێی ماوی، گوتم حاجی گیان خەمت نەبێت باشم، بەردەکانم لەسەر لابەن، هاوڕێیان بەرد و خۆڵەکەیان لەسەرم لادەبرد حاجی نوریش بە شڵەژاوی بە قەمەکەیەوە لە چواردەورمی دەدا، گوتم بەخوا ئێستا ورگم دەدڕێ، هێنایانمە دەرەوە هەندێک ئازارم پێگەیشتبوو، بەڵام بریندار



نەبووم، ئەگەر ئەو کەڵەکەم نەکردایە، کۆتاییم هاتبوو، لەم کاتەدا هاوارییان کرد، دووژمن دەرکەوتن و هەموومان بە ڕاکردن ڕۆیشتینە سەنگەرەکانی پێشەوە، بینیمان بە ژمارەیەکی زۆر هێرش دەکەن، دەستمان کرد بە تەقەکردن لێیان، هەموومان شارەزای شەڕ بووین، دەیان شەڕی ئاوا و لەوەش قورسترمان بینیبوو ئەوەش زۆر ئاسایی بوو لامان، تا نزیکمان هاتن بەڵام بەرگەیان نەگرت و شکان، زۆری پێنەچوو هاوەن باران دەستپێکردەوە و نزیکەی بیست خولەک بەردەوام بوو، هاوارییان کرد هێرشییان کردەوە، خۆمان گەیاندە سەنگەرەکان.

شەڕ دەستپێکردەوە بەمشێوەیە بەردەوام بوو ئینجا وای لێهات هاوکات لەگەڵ هاوەن باران هێرشیان دەکرد، ئێمە دەبوو هەم شەڕمان بکردایە و هەم خۆمان لە هاوەنەکان بپاراستایە، تەواو شپەرزە ببووین، هەندێک کات دووژمن لەبەرچاومان بوو لەبەر هاوەنەکە نەماندەتوانی تەقەیان لێبکەین، من قۆناغی تفەنگەکەم شکا نەمزانی بە چی شکا، بەم جۆرە هەتا نیوەڕۆ بەردەوام بوو، دووژمن شکا و گەڕانەوە هاوەن بارانیش وەستا، هەموومان ماندوو و شپرزە هاتینەوە لای چاڵەکانمان برسیمان بوو، بەڵام هیچ شتێکمان بەساغی نەمابوو قۆری و پیاڵە و تەنەکەی پەنیر و نانەکەمان ورد و خاش و

تێکەڵ بە خۆڵ بوو، بەڵام سەیر لەوەدا بوو کەس هیچی لێنەهاتبوو خۆشبەختانە، حاجی نوری بە شڵەژاوی بەسەرمانەوە دەگەڕا: بەقوربانتان بم هەمووتان باشن دەستان خۆش بێت شەڕی چاکتان کرد.

بەڵام هاوڕێیان نیگەرانییەکیان هەبوو، هەموان پێیان وابوو ئەم شەڕە ئاقڵانە نییە، چونکە نە ناوچەی ئازادکراوە و نە پێویست دەکات لێرەبین، مامۆستا جەمال محەمەد بە هێزێکەوە بە گردێکەوە بوو لەپشتمانەوە حاجی نوری ڕاسپاردم بچم بۆلای هەواڵەکەی بدەمێ و ڕای هاوڕێیانیشی پێبڵێم، لەگەڵ هاوڕێیەکی تر چووین بۆلایان هەموو شتێکم پێووت، مامۆستا جەمال گوتی، ئاگامان لێتانە منیش هاوڕام لەگەڵتان، بەڵام هەتا تاریک دەبێت بوەستن، ئەوسا بەهێواشی بگەڕێنەوە، لەگەڵ تاریک داهاتن کشاینەوە و شوێنەکەمان بەجێهێشت، لە گەڕانەوەماندا بە بازگەکەی سەر سنووری حکومەتی ئێراندا گەڕاینەوە، ئەوان سەریان سوڕما بوو، ئەم هێزە لە کوێوە ڕۆیشتوون، ئەگەر مامۆستا جەمال و هەڤاڵانی سەرەوە چارەسەرییان نەکردایە، نەیاندەهێشت بگەڕێینەوە.

لەو شەڕەوە حاجی نوری بوو بە هاوڕێی نزیکەی هەموومان، شەهید حاجی نوری لە سەرەتای هەشتاکانەوە ببووە پێشمەرگە، کوڕە هەژارێک بوو لەبەر ئازایەتی و دڵسۆزی هەر زوو هاتبووە پێشەوە، چەندین جار بریندارببوو، دەیان جار لە لێواری شەهیدبوون گەڕاوەتەوە، لە دوای ڕاپەڕین لە ساڵی ١٩٩٢ هەر لە شارباژێر کەوتە حەقلی ئەڵغامەوە و شەهید بوو.

ڕۆژی شەهیدبوونەکەی ئێمە، زۆربەمان لە مەراسیمی بەخاسپاردنەکەیدا ئامادە بووین، لە بەینی قەڵاچوالان و تەگەراندا لەسەر گردۆڵکەیەکی بچووک گۆڕێکمان بۆ هەڵکەند و دوای ساڵانێکی زۆر ماندووبوون و تێکۆشان و بەسەدان خەونی ڕەنگاوڕەنگی داهاتووەوە بەخاکمان سپارد، دوو ساڵ دواتر کە لەوێوە ڕۆیشتم چاوم بۆ گۆڕەکەی دەگێڕا بینیم ئەو شوێنە بووە بە سەربازگە و هیچ شوێنەوارێکی لەو گردە و گۆڕەکەی شەهید حاجی نوری نەماوە، ئەوە لە ڕۆژی شەهیدبوونەکەی ناخۆشتر بوو، بیرم کردەوە حاجی نوری دوای ئەو هەموو زەحمەتەی دەکێشا، ئێستا گۆڕێکیشی نییە.

عەلی محمد چوارتایی

(حەمە علی)

بۆهاوڕێ ومامۆستام هاوڕێ سۆران

بۆهاوڕێ ومامۆستام هاوڕێ سۆران!

بۆمانگە شەوە سپیەکەی سوورکێوو!

بۆ تنۆکە بارانە دەنک وەنەوشەیەکەی هەڵوان.

بۆ هاژەو فوارەکەی، کانی (چاوانی عاشقان)..

بۆ پەیکەرە ئەڵماسیەکەی ئەشکەووتی (قەمەر)..

بۆ کلوە بەفرە سپیەکەی گمۆی هەزارکانی..

بۆ گوڵە بەیبوونەکەی کانی شەکراوی ژیان..

بۆ پەلکە زێڕینەکەی بەهارێکی پڕ لەباران..

بۆ سەمفۆنیاوشمشاڵی دەستی جووتیارێکی هەژار..

تۆ ئەی (چرا) بەهاریەکەی سەردەمێکی زێڕین..

فێرت کردم نیشتمانم خۆش بووێ!

فێرت کردم لەگەڵ ئازاری ژیان دۆست بم و دوژمنی چەقۆبم.

فێرت کردم،عیشقی فریشتەو مانگی سپیبم.دوژمنی کەلەپچەو زیندانی خۆیبم..

فێریت کردم،چرابم بۆژیان وبارانبم بۆ قەرسیلە سەووزەکانی بەهاری..

فیرت کردم چەکووش بم، بۆ پەنجەو قامکی خراپەکاران و

چەپڵەوقاقابم بۆ پەلەپیتکە وسێرەی تفەنگی ئازاد..

تۆ فێرت کردم، دەروێشی عیشق وئازادیبم و دوژمنی فەرهاد و

کوژبم (مەم) کوژەکانی ژیانبم

لەگەڵ یەکەم تیشکی خۆری ڕۆژێکی بەفراویدا،

لەناوژوورێکی ساردی زستانەدا،

منداڵێک چاوەکانی بەزریان وکرێوەی شاخی سوورکێو پشکووت..

میرزایەکی داناو زانای گوند ناوینا (عوسمان) دوایش بە پەیژەکانی ژیاندا

هەڵزنایت..

تەمەنت گوڵە نێرگزی بەهاری بوو، کە مردنی پەلکەزێڕینەکانی شۆڕشت بینی.

بەچاوانت بینیت چۆن چراوخەوی گەلێکیان خامۆشکرد..

تۆ لەناو تەمووتۆمانی ڕۆژگارێکی نائومێدی ژیاندا،

دەگەڕایت بۆ ڕزگار بوونی هیوا ئەسیرەکانی ژیان.

دەگەڕایت بۆ ئەستێرەیەکی نوێی تاکو ئاسمانی ڕەشی نیشتمان بکاتەوە بەچراخان..

وێڵت بوویت بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەکی نوێ، قووتابخانەیەکی نوێ قەڵەمێکی نوێ..

پەڕە پەڕی مێژووت خوێندەوە، کتێب ورۆمانەکان بوون بەنانێکی گەرمی ژیانت و شەوانە تاکو سەحەر مێشک وبیرتی تێر دەکرد وپشوو لای ڕۆحت میوانێکی ناوەخت بوو. ڕۆژانیش لەشەقام وکووچەی شاردا دەگەڕایت بەدوای حەقیقەتی ژیاندا،

ئازاری پەپوولە و گوڵە مێخەکت بەدیدە گەشەکانت دەبینی. سێدارەومردنی مرۆڤە عاشقەکانی موسڵ وئەبوغرێبت بەچاوەکانت دەبینی.

گڵکۆ.وگریانی سپیدەی بەیانیانی سەیوان وگۆڕستانی ئازیزانت دەبینی..

ڕۆژانە گرتن وپۆستاڵی ڕەشت بەچاوانت دەبینی..

شەوانە لێدان وئەشکەنجەو ئازارت دەبینی.

ڕۆژانی هەینی کچ وژنانی ڕەش پۆشت دەبینی.

لەناو دنیایەکی پڕ لەئازارو ژاندا دەژیایت دەگەڕای بۆ توولەڕێگایەکەی پڕ لەخەندە.

کەووتیتە گەڕان.

بەناو گشت ووشە وپیتەکانی حەقیقەی ژیاندا..
گەڕایت بەدوای سەمفۆنیاو ئاوازە وونبووەکانی شای ولۆغاندا..
گەڕایت بەدوای،سەختەڕێگاو پێچاوپێچی ڕۆژگارو سەردەمێکی نووچەی تازەدا..
پێ و هەنگاوەکانت بێزار نەبوون لەدۆزینەوەی ترووسکایەکی نوێی ژیان..
ڕۆژێکی باراناوی بوو، ڕەهێڵەو وگرمەی هەورەکانی ئاسمان دادەبارین
بەسەر خەڵکی شاردا.
تۆم بینی بەجەستەو هەنگاوێکی گورجی مەردانەوە..
بەباڵای تنۆکە بارانەکانی حەقیقەتی ژیاندا هەڵزنایت..
چاوم لێبوو چەند جارێک شریخەو توورەی هەورەکان جەستەتیان گڕبارانکرد
ودەیانوویست نەگەیت بەمەبەست.
گڕنەی توانی هەنگاوەکانت بسووتێنێ.
شریخە نەی توانی جەستەت ماندووکات..
باران نەیتوانی ڕێگات لێ بزرکات..
تەمو و تومان نەی توانی بیلبیلەی دیدەکانت کوێرکات.
وەک هەڵۆیەکی تیژی پڕ لەهیوا بۆ باڵای حەقیقەتی مێژوو بەڕێگاوە بوویت.
ڕۆژێکی(گولانی) نێرگزی بوو چاوم لێبوو گەیشتی بەڕێبوارانی کاروانی خۆری
نوێ..
یەکەم سپێدەی سەردەمێکی نوێی چیا.
لەپایتەختی (نێوزەنگ) پۆشاکی خاکیت پۆشیبوو بەمیوانی کاروانێکی بێکۆتایی..
ئێستا ناوت.مەدالیایەکی ئاڵتوونەو.بەبرژانگی دیدەکانمدا هەڵواسراوە..

مەریوان مەسعود

٧٠٠ لاپەڕە بۆ نامەکانی زیندان

وەسیتنامەی شەهید، چەند سەعاتێک پێش لە سێدارەدانی

لە کتێبی (دیاری ئازادی- نامەکانی زیندانم) کە زیاد لە ٧٠٠ لاپەڕەیەو هەمووی دەقی ئەو نامانەن کە قارەمانەکانی کوردایەتی شەوێک بەر لە سێدارەدانیان لە زیندانەکان بۆ کەسوکاریان نووسیون، مەسەلەیەک هەیە دەڵێت : نامەکان گوڵاویان لێدەچۆڕا، بەڵام ئەو نامانەی لەو کتێبەدا هەن فرمێسکیان لێدەبارێت، فرمێسکێکی سوور، بەڵام گەش و سەربەرز.

ئەم نامانە، هەر دانەیەکیان دەبێت زیاد لە جارێک بیخوێنیتەوە، چونکە یەکەمجار دەیخوێنیتەوە (شۆک)ت دەکات، دووەم جار لێی تێدەگەیت، بەراستی نامەکان زۆر مەزنن، کتێبەکە لە کۆکردنەوەی خاتوو (ئەمیرە محەمەد)ە،لەم نووسینەدا هەوڵدەدەم شرۆڤەی یەکێک لەو نامانە بکەم، کە شەهید عوسمان فەرەج مارف وەکو وەسیەتنامە بۆ براکەی نووسیویەتی لە رۆژی ١٩٧٧/٩/٢٠ لە زیندانی موسڵ تەنیا (٨) سەعات پێش لەسێدارەدانی، جگە لەمەش شیعرێکی بۆ دایکی نووسیوە کە وەکو دەڵێن بەرد دەکات بە ئاو، وا لێرەدا دەقی نامەکەتان بۆ دەخەمەڕوو، دوایی شرۆڤەی دەکەین:



شەهید عوسمان فەرەج مارف
ساڵی ١٩٤٥ لەسلێمانی لەدایکبووە
١٩٧٧/٤/١٥ گیراوە
١٩٧٧/٩/٢٠ لەسێدارە دراوە



بسم الله الرحمن الرحيم

«بسم الله الرحمن الرحيم

وەصیەت نامە

برا گیان وەصیەتم ئەمەیە من ڕۆشتم خێر و خێراتم بۆ بکەن حورمەتی دایکم بگرن دڵی ئازار نەدەن حورمەتی زەینەب بگرن. ئەم ٢ چکۆلەیەم بە جوانی بەخێو بکەن. حەمد بۆ خوا وەجاخم ڕۆشنە خەفەت مەخۆن دنیا مردنە، وە گەردنم ئازاد بکەن گەردنتان ئازاد بێ. چەند پارەیەک قەرزارم زەینەب دەیزانێ بیدەنەوە. وە دڵی خوشکە دڵسۆزەکانم نەشکێنن حورمەتیان بگرن، گەردنم ئازاد کەن وە بەهێی خوشکم بدەن بە شوو با گوناهبار نەبم برام. دەست لە مەکتەب هەڵنەگری واز نەهێنی. بەدایکم بڵێ لەسەر ئیشەکەی لانەچێ منداڵەکانیش ببەنە لای خۆی برام. هیچ عەیبی تیا نیە منداڵەکان لەسەر تۆیە جا لەبەرئەوە زۆر حەزئەکەم کە زەینەب مارە بکەیتەوە. چونکە مناڵەکان باشتر بەخێو ئەبن وە بە زەینەب بڵێ شوو بکات بە مستەفا وە ئەگەر ئەویش

ئەوەی کە ڕیومە ئەیناسم گەردنی ئازاد بێ وە پێیان بڵێ گەردنم ئازاد بکەن . ئیتر خاڵە گیان برا گیان ئێوە سەروەسیەتی من بن خۆتان منداڵی خۆتانە. وە چۆنی بەخێو ئەکەن کەیفی خۆتانە. وە زەینەب گەردنم ئازاد بکات گەردنی خۆش و ئازاد بێ. خۆشەویستیەکەمان بۆ ئەو دنیا هەڵئەگرین



نەبوو هەر بە حەزی خۆی شوو بکات.
برام لەدوای من خۆتان تێک مەدەن دنیا هەروایە چەندەهای وەک من ڕۆشتن، خوێندنی خۆت پەک نەخەی هەر بخوێنی هەتا ئەگەی بە نانی خۆت علاقەی هیچ شتێکت نەبێ. وە بە خزم و کەس و کارم بڵێن گەردنم ئازاد کەن گەردنیان ئازاد بێ. دوعای خێرم بۆ بکەن، لە ڕەفیق و برادەرانم گەردنیان ئازاد بێ گەردنم ئازاد بکەن وە باقی ئەهلی دێ. ئەوەی کە دیومە ئەیناسم گەردنی ئازاد بێ وە پێیان بڵێ گەردنم ئازاد بکەن . ئیتر خاڵە گیان برا گیان ئێوە سەروەسیەتی من بن خۆتان منداڵی خۆتانە. وە چۆنی بەخێو ئەکەن کەیفی خۆتانە. وە زەینەب گەردنم ئازاد بکات گەردنی خۆش و ئازاد بێ. خۆشەویستیەکەمان بۆ ئەو دنیا هەڵئەگرین. وە پورەکانم گەردنیان ئازاد بێ گەردنم ئازاد بکەن، دوعای خێرم بۆ بکەن. وە ئیتر بەخواتان ئەسپێرم.
خۆشەویستان»

ئـەم نامـەی شـەهیدە، هەمـوو ماناکانـی نامـە لـە خۆدەگرێت، نامەیەکـە، هیـچ شـتێکی تێـدا لـە بیرنەکـراوە، دایکـی، منداڵەکانـی، ژنەکەی،خوشـکەکانی، براکـەی، کەسـوکار، ڕەفیقەکانـی، ئەهلـی گونـد، قەرزەکانـی، دایکـی دەسـت لەئیـش هەڵنەگـرێ، خوشـکەکانی بـدات بەشـوو، منداڵەکانـی بەخێوبـکات، قەرزەکانـی بـۆ بدەنـەوە، براکـەی واز لـە خوێنـدن نەهێنێت، لەهەمـوو کارەسـاتتر ئـەو دێڕەیە کـە داوا لـە براکـەی دەکات بـۆ ئـەوەی شـیرازەی خێزانەکـە تێکنەچێـت ژنەکـەی مـارە بکاتـەوە!! و هەمـان کات بـە ژنەکـەی دەڵێـت: (خۆشەویسـتیەکەمان بـۆ ئـەو دنیـا هەڵئەگریـن).. ئـەی هـاوار بـە ماڵـم لـەو نامەیـە، هیـوادارم ئێـوەش بەلایەنـی کـەم دووجـار نامەکـە بخوێننـەوە!.

شـەهید عوسـمان، کاتێـک دەڵێـت : حەمـد بـۆ خـوا وەجاخـم ڕۆشـنە خەفـەت مەخـۆن دنیـا مردنـە، لـە یـەک کاتـدا دوو مانـای گەورەمـان پێدەڵێـت چونکـە ئـەو پێـی وایـە هەمـوو شـتەکان بـە باشـی و بـە سـەربەرزی ڕۆیشـتووە و (وەجاخـم ڕۆشـنە)، هەروەهـا کاتێـک دەڵێـت (خەفـەت مەخـۆن دنیـا مردنـە)، ئەمـە پەیامێکـە بـۆ هەمـووان کـە لەیـەک کاتـدا دڵدانـەوەی کەسـوکارە و هەروەهـا ڕەوایەتیدانیشـە بـە شـەهیدبوونی خـۆی، چونکـە ئـەو دەڵێـت مـادام دنیـا مردنـە، ئیتـر بـۆ بەسـەربەرزانە و بـە شـەهیدبوونەوە نەمریـن، بەتایبـەت کـە ئـەو شـوکرانەی خـوای گـەورە دەکات کـە وەجاخـی ڕۆشـنە. درود بـۆ گیانـی پاکـی شـەهید عوسـمان و ڕۆحـی هەمـوو شـەهیدان ئاسـوودە بێـت.

سەروەر حەمە ئەمین

گەڕان بەدوای چێژی جەژنا

گـەڕان خـۆی لەخۆیـدا پرۆسـەیەکە بەمانـای هەوڵدانە بۆ دۆزینەوە و پەیداکردنی شتێکی لـەدەس چـوو دێـت، یـان بـەدەس هێنانـی شـتێک کـە نوقسـانە لـە ژیانـا.

ئەپیکـۆری فەیلەسـوف یۆنانـی کـۆن یەکـەم فەیلەسـوفە کـە کاری لەسـەر چێـژ کـردووە و کردویەتـی بـە بنەمـای فەلسـەفەکەی و گرنگـی زۆری پێـداوە، ئاخـر داینەمـۆی ژیـان چێـژە، چێـژ سـوودبەخش و ئـارام بەخشـە، چێـژ وەرگرتـن لەکـۆی ژیـان و بەیەکجـار ئەسـتەمە، ئەبێ ژیـان بـەش بـەش بکرێ، چێـژ لـە(خـواردن، خۆشەویسـتی، چاکەکـردن، قوربانـی دان) بەیەکـەوە ژیـان تـەواو ئەکـەن. مـادام خـواردن هۆکارێکـی سـەرەکی مانـەوە و یەکێکـە لـە پێویسـتیە بنەڕەتییـەکان بـۆ ژیـان و (ماسـلۆ)ش ئەمـەی لـە بنکـە سـەرەکییەکەی سـێ گۆشـەکەیدا دانـاوە و بـە پێویسـتی یەکەمـی دەسـت نیشـان کـردووە.

سـاڵی (١٩٨٥) نزیکـی جەژنـی قوربـان بـوو، مقەڕمـان لـە کـۆرەی سـەروو بـوو، هەمومـان تەمێکـی خـەم لـە دڵ و ڕوخسـارمان نیشـتبوو، بەتایبەتـی مـن کـە یەکـەم جەژنـم بـوو لـەدەرەوەی خێزانەکـەم بەڕێـی بکـەم.

هەموومـان ئیرەییمـان بـەو کەسـانە ئەبـرد کـە بەیانـی جـەژن لەخـەو هەڵئەسـن و لەگـەڵ دایـک وبـاوک وخوشـک وبراکانیانـا نانـی جـەژن ئەخـۆن و پیرۆزبایـی لەیـەک ئەکـەن، هەمـوو شـتێک هەتـا لەدەسـتی نـەدەی پـەی

بەگرنگییەکەی نابەی، خێزان بۆئێمە وابوو، بۆ تۆزێک چێژ وەرگرتن لە ژیان و خۆشکردنی کەش وهەوای جەژن
بەرپرسەکەمان پێشنیاری کرد هەم جەولەیەک بە گوندەکانا بکەین، هەم سەرێکی ماڵە کۆچەرییەکانیش بدەین
بەو ئومێدەی کاوڕێ یان بەرخێ شتێکمان دەس کەوێ بۆ قاوەڵتی جەژن.
چوار پێشمەرگە بووین کە بە ڕێکەوتین کپ و بێدەنگ هەموومان سەرمان برد بووە ناو جیهانی خەیاڵی خۆمان، نەم ئەزانی ئەوان بیر لەچی ئەکەنەوە، ناو بەناو کەسەیری ئەو هاورێیەی تەنیشتم دەکرد هەستم ئەکرد بزەیەک لەسەر لێویەتی، من وام ئەخوێندەوە کە بیر لە خۆشییەکانی ژیانی رابردووی ئەکاتەوە! بەڵام نەم ئەزانی پێکەنینی بە ئەقڵی ئێستای ئەهات یان هێشتا دڵی بەژیان خۆشە، ئەو خەندەیە ئومێدێکی ئەیا بەمن، دەشتی شارەزوور بەگەرماکەیەوە لەژێر پێمانا بەجێ ئەما، بەروخسار شەپۆلی تینی گەرماکەمان شەق ئەکرد، جاروبار هۆرەی هاوڕێیەکمان گۆمی بێدەنگیەکەی ئەشڵەقان هۆرەکە باسی لەخەم و ئازارەکانی ژیان ئەکرد، ئازاری بێ مەیلی یار، غەداری رۆژگار، بەسەرچوونی تەمەن، چیرۆکێکی عەزیز نەسینم بیر کەوتەوە کە ئەڵێ:



(لە دورخراوەیدا بێ پارە و بێ هیوا بەدەم ڕێوە ئەڕۆشتم و گۆرانیم ئەوت سەیرم کرد هەمووی ئاخ و ئۆف وبێزارییە، ئینجا تێگەیشتم بۆ چی زۆربەی گۆرانییە میلییەکانمان بە ئاخ و داخ دەست پێئەکەن). ئاوازێکی تریش کە ناخۆش بوو، ئاوازی خڕەی مەخزەنە حەفتا و پێنجییەکەی سەر تفەنگی یەکێ لە هاوڕێکان بوو.

نزیکی نیوەڕۆ چەند ڕەشماڵێکمان لێوە دەرکەوت، هیلاک و برسی هەموو گیانمان شەلالی ئارەق بوو، لە دوورەوە باعە باعی کارژۆڵە و بەرخ، سەدای شمشاڵێکی خەمگین لەگەڵ سروەیەکی فێنکا ئەگەشتە گوێمان، کوڕینە بەگیانی هاوڕێ مارکس، پارووەکەمان چەورە) خەبات وای گوت، خەبات کە دواتر شەهید بوو قسە خۆش بوو، سوێندەکانی ناوازە و پێکەنیناوی بوون، جارێکیان وتی (بەقەبری پێغەمبەر خوا عافوی کات) پێشمەرگەیەک کە زۆر باوەڕدار و لە خوا ترس بوو لێی ڕاپەڕی و وتی (جارێکی تر کفر بکەی وەک سەگ ئەت تۆپێنم) خەبات لەبەرخۆیەوە پێکەنینێکی بۆکرد و بێدەنگ بوو، لە ڕەشماڵ نزیک کەوتینەوە و کۆمەڵێ سەگ بە پرتاو و حەپە حەپ بۆمان هاتن و تێمان ئالان، بەپیاو و ژنەوە ئەوەی لەو ناوەیابوو چغەیان لەسەگەکان کرد و بەرەو پیرمان هاتن، باش بوو ڕزگاریان کردین.

چوینە ژێر ڕەشماڵەکە و سەرو جام ئاو و دۆی فێنکیان بۆ هێناین، بەدەم قسەکردنەوە گوێمان لە قاڕەی گیسکێک بوو، مەنجەڵی گەورە خرایە سەر ئاگر، ئەو پێشمەرگەیەی لە تەنیشتمەوە بوو وتی: (ئەو ئاگرە گەورەیە بۆ کرایەوە،؟) وتم(هیچ نییە وەک حەزرەتی ئیبراهیم ئەمان سوتێنن).

وتی: جا کەی تۆ بڕوات بەو چیرۆکانە هەیە،؟ وتم ئەمڕۆ بڕوام پێیەتی.

بۆ نیوەڕۆ چێشت و گۆشتێکی جوانیان بۆ هێناین و بە بەرخێکی قەلەویشەوە بەڕێیان کردین، بەداخەوە لە ڕۆژی جەژنا برنجەکە سوتا و گۆشتەکەش سەقەت بوو بەهۆی خەفەری ئیهمالەوە، چاوی ڕەشمان کاڵ بوەوە.

دکتۆر/ کامەران محەمەد

پاسەوانی دیوارەکان

کاتێک چیاکان مێژوویەکی نوێ دەنووسنەوە

هەبوو نەبوو، کەس لەخوا گەورەتر نەبوو، خاکێکی پیرۆز هەبوو، چیاکان نهێنییەکانیان دەدرکاند، رووبارەکان گۆرانی ئازادییان دەچڕی و (با)کانیش بۆنی خۆڕاگرییان پەخش دەکرد و هەورەکانیش ئاوی ژیانیان دەپرژان. ئەم خاکە کوردستان بوو، زێدی شاعیران و جەنگاوەران و شوانەکان بوو، خاکێک پێش ئەوەی داگیرگەران بە قەڵەم و مەرەکەب پەرتی بکەن، بەهەشتی ژیان و زەمین بوو.

بەڵام مێژوو وەک هەمیشە، بڕیارێکی دیکەی دا، زەوییەکە بەسەر چوار بەش دابەشکرا، هەر بەشێکیان بە دیوارێک لەوانی دیکە جیاکرایەوە. ئەم دیوارانە وەک دیواری بەرلین لە بەرد و کۆنکرێت دروست نەکرابوون و دیوارێکی سادە نەبوون! بەڵکو دوو دەوڵەتیان پێ دروستکردن و دوو دەوڵەتیشیان پێ ڕاگرتن و بەهێزیان کردن، واتە لەبنەڕەتدا لە (ترس) و (ڕەتکردنەوە) و (چاوچنۆکیی) دروستکرابوون. بۆیە هەموو دیوارێک پاسەوانێکی دڕندەی هەبوو: تورکیا، ئێران، عێراق، سوریا. هەریەکەیان بانگەشەی پارچە زەوییەکیان دەکرد، کە لە بنەڕەتدا هی خۆیان نەبوو و بەشێک لە ڕۆحێکی لەگەڵدا بوو.

چوار پاسەوانە دەمامکدارەکان:

پاسەوانە تورکەکە، دەمامکی «یەکپارچەی»ی پۆشیبوو و دەیگوت: «کورد بوونی نییە، تەنیا تورک نەبێت، ئەگەر بە زمانی خۆت قسە بکەیت، دوژمنی، ئەگەر خەون بە ئازادییەوە ببینیت، ناپاکییت». واتە کوردەکانی وەک یاخیبوو وێنا دەکرد و بە وشەی (تیرۆر) پاساوییان بۆ سەرکوتکردن و پێشێلکاریەکانیان دەهێنایەوە.

سەبارەت بە پاسەوانی ئێرانیش، دەمامکی «دەسەڵاتی خودایی»ی پۆشیبوو بوو. ئەو دەیگوت: ئێوەش وەک ئێمە موسڵمانن، ئێمەش هەڵبژێردراوی خواین، کەواتە دەبێت بێ چەن و چوون گوێڕایەڵ بن، ڕەنگە چیاکانتان بەرز بن، بەڵام دڵنیابن حوکمی ئێمە بەرزترە. واتە ئەمیش بە ئایین پاساوی بۆ ستەمەکەی دەهێنایەوە. دەقە پیرۆزەکانیشی بۆ کۆت گەلی گۆڕی و خستییە گەردنی خاوەن خاکە ڕەسەنەکەوە. پاسەوانە عێراقییەکەش دەمامکی «نیشتمانپەروەریی» پۆشیبوو. ئەو دەیگووت:« ئێمە یەک گەل و لەژێر یەک ئاڵاداین»، بەڵام لە هەمان کاتدا گوندەکانی کوردستانی بۆردومان دەکرد و ماڵەکانی دەسووتاند و دانیشتوانەکەی ڕادەگواست.



نیشتمانپەروەرییەکەی لەسەر (گۆڕ)ی ئەو کەسانە بونیاد نرابوو، کە بوێری ئەوەیان هەبوو بپرسن: «ئەی ئێمە؟»

سەبارەت بە پاسەوانی سوریاش، دەمامکی "خانەخوێیی" پۆشیبوو. ئەو دەیگووت: «ئێمە لێرە خاوەن ماڵ و ئێوە لێقەوماو و پەناهەندەن، لەبەر ئەوە سنووری خۆتان بزانن و داوای زیاتر مەکەن، چونکە گەر وابکەن، ئەوا سەرەڕای بێ ناسنامەییەکە، بێ سەرو شوێنیشتان دەکەم».

سروشتی داگیرکەر:

چوار پاسەوانە داگیرکەرەکە، بەردەوام تیرو شیریان لەیەک ئەسوی، بەڵام یەک شت هەبوو، کە یەکی دەخستن و تەنانەت لە گەرمەی ناکۆکییەکانیشیاندا لەسەر یەک مێز کۆی دەکردنەوە: ئەویش (ترس لە کورد) بوو. ئەوان ئەوەندەی لە (خەونەکان)یان دەترسان، نیو ئەوەندە لە (هێز)یان نەدەترسان. بۆیە لە چاوی کورددا پریشکێکیان دەبینی، کە دەتوانێت ئاگری ئازادی دابگرسێنێت، دیارە

ئازادیش گەورەترین دوژمنی دەوڵەتە ساختەکانیان بوو.

سروشتی داگیرکەر لێوان لێوە لە دژایەتی. لە یەک کاتدا بەهێز و لاوازە. دەسەڵاتی خۆی لەسەر باڵادەستی بونیاد دەنێت، بەڵام لە بەرخۆدان و بەرگری دەترسێت. بانگەشەی دادپەروەریی دەکات، بەڵام سیاسەتی ئیستغلالکردن پەیڕەو دەکات. باسی شارستانێتی دەکات، بەڵام کەلتوورەکان لەناو دەبات. ئەوان بێ ویژدانانە هەوڵی پاکتاوکردن و بڕینەوەی لقی داربەڕووەکان دەدەن، بەڵام ڕەگ و ڕیشەکان بە ناخی زەویدا ڕۆچوون.

داگیرکەر ئەمە دەزانێت، هەربۆیە بە داگیرکاریی وازناهێنێت، بەڵکو هەوڵی سڕینەوە دەدات، کتێب دەسوتێنێت و زمان قەدەغە دەکات و ناوی شارەکان دەگۆڕێت و مێژوویان بە شێوێنراوی بۆ دەنووسێتەوە. زیاتر لە شمشێر، لە چیرۆک دەترسێت.

داگیرگراو: هەڵگرتنی دوانییەکان:

داگیرکردن بۆ داگیرکراو بریتییە لە هەڵگرتنی بارگرانییەکی دوو هێندە. دەبێت بەرگەی قامچیی داگیرکەر بگرێت، لە هەمان کاتدا بەرەنگاری ئەو وەسوەسەیە ببێتەوە، کە دەیەوێت وەک ئەو بێت. دەبێت خەبات بۆ کەرامەت بکات، بێ ئەوەی مرۆڤایەتی خۆی لەدەست بدات، هاوکات خەون بە ئازادییەوە ببینێت، بەبێ ئەوەی خۆی بە ڕقەوە سەرقاڵ بکات.

کورد کە ئەم چوار دیوارەدا لەیەکدی دابڕین، بە کەرامەتێکی سەرسوڕهێنەرەوە ئەم بارگرانییەی هەڵگرت. بە نهێنی گۆرانییەکانیان دەوتەوە و چیرۆکە قەدەغەکراوەکانیان فێری منداڵەکانیان دەکرد و ناسنامەی خۆیان لەسەر گابەردی چیاکان هەڵدەکۆڵی. ئەوان بوون بە گەلێک کە نەتوانرا بسڕدرێنەوە، هەرچەندە پاسەوانەکان بێوچان هەوڵیان بۆدا.

چاوپێکەوتنی سەر سنوور:

ڕۆژێک گەنجێکی کوردی نێو دیوارە تورکییەکە، لە سەر سنوور چاوی بە پیرە پیاوێکی نێو دیوارە ئێرانیەکە کەوت، سنوورێک کە هیچ کامیان باوەڕیان پێی نەبوو و دانیان پێدا نەدەنا. گەنجەکە بەهۆی ئەو ستەمکارییەی کە ڕووبەڕووی ببوەوە، ئێجگار تووڕە بوو. بەڵام پیرەمێردەکە ئارام بوو، چونکە بارگرانی دەیان ساڵەی ژیانی لەکۆڵ نابوو.

> لە کاتێکدا کورد شارۆچکەکانی لە دەست تیرۆریستان ڕزگار کرد و ژنانی کورد نەک تەنها دژی دوژمنان، بەڵکو هاوڕێ لەگەڵ دیموکراسی و پێکەوەژیاندا دژی ستەمکاریی چەکیان هەڵگرت و ئەوە بۆ جیهان ڕوون بووەوە: کە کورد بەدوای دابەشبووندا ناگەڕێن، بەڵکو عەودالی شیفایەکی بنەڕەتین

گەنجەکە پرسی: بۆچی ئەوەندە ڕقیان لێمانە؟

پیرەمێردەکە بە زەردەخەنەیەکی سەرسامانەوە گوتی: "ئەوان ڕقیان لێمان نییە، بەڵکو لێمان دەترسن، لەوە دەترسن کە دەینوێنین. چونکە ئەوان دەوڵەتەکانیان لەسەر زەوی دزراو بونیاد ناوە و دەسەلاتیان لەسەر بەڵێنە شکاوەکان وەرگرتووە."

- بەڵام بۆچی هەمیشە شکست دەهێنین؟

پیرە پیاوەکە گوتی: شکست دەهێنین، چونکە بەهەمان شێوازی خۆیان لەگەڵیاندا دەجەنگێین، ئەوان بە چەک شەڕمان لەگەڵ دەکەن، ئێمەش هەر بە چەک وەلامیان دەدەینەوە، بەلام جەنگەکە لە گۆڕەپانی جەنگدا نییە، بەڵکو لە عەقڵەکاندایە. ئەوان جیهانیان بەوە قایل کردووە، کە ئێمە کێشەکەین نەک ئەوان!".

گەنجەکە دەموچاوی دابەیەکدا و گوتی: کەواتە چی بکەین؟

پیرەمێردەکە گوتی: «ئەوەت لە بیر بێت کە ئێمە کێین، ئەوان دەوڵەتیان هەیە و ئێمە ڕۆح، ئەوان سوپایان هەیە و ئێمە چیرۆک. ئەوان دیواریان هەیە و ئێمەش چیا».

دیوارەکان درز دەبەن:

بە تێپەڕبوونی کات دیوارەکان کەوتنە درز بردن. پاسەوانەکان، کە سەرقاڵی

سەرکوتکردنی کورد بوون، هەستیان بەوە نەکردبوو، کە بناغەکانیان دەستیان بە دارمان کردووە. پاسەوانە تورکەکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژێرخانەکەی دادەتەپێت و هەڵمەتی گرتن و ڕاوەدوونان نەک هەر بەرامبەر بە کوردەکان، بەڵکو بەرامبەر ڕکابەرە سیاسییەکانی دیکەش ئەنجام دەدات، بۆیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەلایەن گەلەکەی خۆشیەوە ڕووبەڕووی نارەزایەتی دەبێتەوە. پاسەوانە ئێرانییەکەش بۆ پاراستنی دەوڵەتەکەی هەموو جۆرە نارەزایی و خۆپیشاندانێکی قەدەغەکرد، کە ڕۆژانە لێرە و لەوێ دەردەکەون. پاسەوانە عێراقییەکەش گەندەڵییەکەی ئاشکرا بوو و «خانەوێیی» پاسەوانە سورییەکەش هەڵوەشایەوە و بوو بە ئاژاوەگێڕیی.

لەو درزانەوە ڕۆحی کورد خۆی خزاندە ناویانەوە.

سایکس- پیکۆی نوێ:

داگیرکەران بە چرپە لەنێو خۆیاندا دەربارەی سایکس- پیکۆی نوێ دەدوان، لە کێشانەوەی سەرلەنوێی سنوورەکانیان دەترسان. بەڵام کورد بەجۆرێکی تر لە پرسەکەی دەڕوانی و وتی: «یەکەم سایکس پیکۆ دابەشی کردین. دەشێت سایکس پیکۆی داهاتوو کۆمان بکاتەوە.»

لە کاتێکدا کورد شارۆچکەکانی لە دەست تیرۆریستان ڕزگار کرد و ژنانی کورد نەک تەنها دژی دوژمنان، بەڵکو هاوڕێ لەگەڵ دیموکراسی و پێکەوەژیاندا دژی ستەمکاریی چەکیان هەڵگرت و ئەوە بۆ جیهان ڕوون بووەوە: کە کورد بەدوای دابەشبووندا ناگەڕێن، بەڵکو عەودالی شیفایەکی بنەڕەتین.

خەونی زیندوو:

چیرۆکی کوردستان هێشتا کۆتایی نەهاتووە. چوار دیوارەکە هێشتا هەرماون، بەڵام وەک پێشتر توکمە و پتەو نین. پاسەوانەکان هێشتا دەسەڵاتی خۆیان بەکاردەهێنن، بەڵام دەمامکەکانیان لادران و ڕووی ڕاستەقینەیان ئاشکرا بوو. کوردەکانیش ئەگەرچی پەرشوبڵاون، بەڵام لە هەموو کاتێک زیاتر بە چیرۆک و گۆرانی و خەونە هاوبەشەکانیانەوە بە ئازادیی پابەندن.

وەک چۆن پیرەمێردەکە بە گەنجەکەی سەر سنووری گوت:

*»ئەوان دەتوانن خاکمان داگیربکەن، بەڵام هەرگیز ناتوانن ڕۆحمان ببەن. تا ڕۆحیشمان هەبێت، داهاتوومان هەیە.»

ئامانج بەرزان

موسا بەگ

موسا بەگ کێیە؟

موسا بەگ کوڕی میرزا بەگ لەساڵی ١٨٥٣ لەگوندی جینیار لە هەرێمی خوێتی سەربە سەنجەقی موش لە باکوری کوردستان هاتۆتە دنیاوە، باوکی یەکێک بووە لە کەسایەتییە بە ناوبانگ و دەستڕۆیشتوو و خانەدانە موڵکدارەکانی کورد لە سەنجەقی موش، میرزا بەگ لە بنەماڵەیەکی ناسراوی کوردبوون لە بنەماڵەکەیان لە ناوچەکەدا بە بنەماڵەی سەید ناسراوبوون، بنەماڵەکەی لە ناوچەی بەدلیس ژیاون و باوکی کەسێکی دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوایی ناوچەیەکی فراوان و چەندین گوند و شارۆچکە بووە، دانیشتوانی ناوچەکەیان لە کورد و ئەرمەن پێکهاتبوو، هەردوو پێکهاتەکە لەژێر فەرمانڕەوایی باوکی موسا بەگ بە خۆشی و ئاسوودەیی دەژیان، میرزا بەگ خاوەنی ٥ کوڕ بوو کورە گەورەکەی ناوی خەلیل بوو، بەڵام لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا لە یەکێک لە کڵێساکانی گوندێکی ئەرمەنی لە سواری ئەسپ دەکەوێتە خوارەوە گیان لە دەست دەدات، لە دوای خەلیل موسا بەگ دەبێتە کورە گەورەی بنەماڵەکەیان

> لە دوای کۆچی دوایی باوکی موسا بەگ وەکو سەرکردە و فەرمانڕەوایەکی ئازا و چەلەنگ کاروبارەکانی ئەو ناوچەیەی گرتە دەست کە پێشتر باوکی فەرمانڕەوایی دەکردن

و دەست لە خوێندن هەڵدەگرێت، براکانی تری بە ناوەکانی (کازم و نوح و جزیر)، دایکی موسا بەگ خوشکی بەحری بەگی کوڕی بەدرخان پاشای میری بۆتان بووە، واتا موسا بەگ کچەزای بەدرخان پاشا بووە، هەروەها موسا بەگ خاوەنی سێ ژن بووە، ژنی سێیەمی خاڵۆزای خۆی بوو واتا کچی بەحری بەگ بووە، بەحری بەگ هەم خاڵی بووە هەم خەزووری، هەروەها خوشکێکی تری بەحری بەگ کە دەکاتە پوری موسا بەگ هاوسەری سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بووە. میرزا بەگ باوکی موسا بەگ لەگەڵ کۆمەڵێک چەتە و ڕێگر دەکەوێتە شەڕەوە کە ناوچەی بەدلیسیان ناخۆشکردبوو هەروەها ئارامی و ئاسایشی ناوچەکەیان تێکدابوو لەو شەڕەدا بریندار دەبێت و پاش ماوەیەک بەهۆی سەختی برینەکەیەوە لە ساڵی ١٨٨٥ ژیان ئاوایی دەکات.

لە دوای کۆچی دوایی باوکی موسا بەگ وەکو سەرکردە و فەرمانڕەوایەکی ئازا و چەلەنگ کاروبارەکانی ئەو ناوچەیەی گرتە دەست کە پێشتر

باوکی فەرمانڕەوایی دەکردن، لە تەمەن ی ٢٦ ساڵیدا لە ساڵی ١٨٧٩ لەسەر پێشنیاری سامیح پاشا لە ئەنجوومەنی بەڕێوبەرایەتی موش دامەزرا، بەهۆی وریای و ئەو پەیوەندییە فراوانەی کەبەهۆی بنەماڵەکەیەوە هەیبوو هەروەها ئەو دۆستایەتییەی لەگەڵ عارف پاشا والی موش و ساڵح پاشای قایمقامەوە هەیبوو وەک مودیر ناحیە دادەمەزرێت و ئەرکی بەرێوبەرایەتی شارەدێی «عەلیاغا»ی پێ دەسپێردرێت کە گوندێک بوو لە نێوان وان و بایەزید، هەروەها وەک کوردێک لەگەڵ کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی کاری کرد و سەرپەرشتیاری کاروباری ناوچەکانی موتکان و هێزان و موش و بەدلیس و چەند شوێنی دیکەی کەوتە ئەستۆ، هێزێکی زۆری پێکەوە نا وەک و دەڵێن نزیکەی ٤٠٠٠ چوار هەزار جەنگاوەری لەدەور خڕبووەتەوە، پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەرمەنەکان بەهێزتر کرد و سەردان و هاتوچۆیانی بەگرنگ تەماشا دەکرد..

بەهۆی ئەم خۆبەڕێوەبەریەوە موسا بەگ بووە هۆی ڕەزامەندی سەڵتەنەتی

> لە ٢١ی مایس ١٨٨٣ چەند قەشەیەکی ئەمریکی ڕێنماکارانی ئاینی مەسیحی بەدەستی دەوڵەتی عوسمانی کوژران چونکە ئەیانزانی موسا بەگ لە ئەرمەنیەکانەوە نزیکە هەتاکو نەتوانێت کوردەکان و ئەرمەنیەکان ڕێک بخات فەرەنسییەکانیش دەستیان هەبوو لەم تاوانەدا، تاوانەکە سەپێنرا بەسەر (موسا بەگ) و ڕۆژنامەکانی بەریتانیا هەواڵەکەیان ڕاگیاند

عوسمانی و بەتایبەت ساڵح پاشا ئەم کەسایەتییەی خۆشدەویست و هەوڵی دەدا لەخۆیانی نزیک بکاتەوە، وابکات لەئەرمەنیەکانی دور بخاتەوە، بەڵام بەهۆی تێکچوونی بارودۆخی سیاسی و سەربازی نێوان ڕوسیا و دەوڵەتی عوسمانی بەتایبەت لەسەر ئەرمەنەکان، درک بەوە کرا موسا بەگ پەیوەندی توندوتۆڵ و زۆر باشی هەیە لەگەڵ ئەرمەنەکان ئەوانیش زۆر ڕێزیان دەگرت و فەرمانەکانیان لەو ناوچانە جێبەجێ دەکرد، بۆیە پلانێکی نەگریسیان بۆ چنی و لە ٢١ی مایس ١٨٨٣ چەند قەشەیەکی ئەمریکی ڕێنماکارانی ئاینی مەسیحی بەدەستی دەوڵەتی عوسمانی کوژران چونکە ئەیانزانی موسا بەگ لە ئەرمەنیەکانەوە نزیکە هەتاکو نەتوانێت کوردەکان و ئەرمەنیەکان ڕێک بخات فەرەنسییەکانیش دەستیان هەبوو لەم تاوانەدا، تاوانەکە سەپێنرا بەسەر (موسا بەگ) و ڕۆژنامەکانی بەریتانیا هەواڵەکەیان ڕاگیاند و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی موسا بەگ و جەنگاوەرەکانی ماوەیەک ڕوبەڕوی ئەو بارودۆخە نا

هەمـوارە ببنـەوە و دواجـار موسـا بـەگ چـووە دادگا و بـەردەم یاسـا، بێتاوانـی و تێوەنەگلانـی موسـا بـەگ سـەلمێنرا بـەڵام سـەرکونسـوڵی بەریتانیـا جەختـی دەکردەوە لەسـەر تاوانکاری موسـا بـەگ، بۆ ئـەوەی بەهـۆی ئـەوەوە ناوچـەی وان و بەدلیس و مـوش و میلەتەکـەی و خزمان و هۆزەکانیان تووشـی دەردەسـەری و شـەڕ و ئاشـووب ئەبـن بۆیـە بەناچـاری موسـا بـەگ ڕۆشـت بـەرەو شـاری مەدینـەی منـەوەرە و ماوەیـەک لەبـەر چـاوان خـۆی شـاردەوە، لـەدوای دابڕانێکـی زۆر لـە دووری ئازیزانی ژیا و دوایی گەڕایەوە بۆ دیمەشـق و پاش ماوەیـەک لەسـاڵی١٩١٤ گەڕایـەوە بـۆ زێـدی خـۆی بەشـداری لەکاروبـاری سیاسـی و خێرخـوازی و نیشـتیمانی ناوچەکانـی خۆیـان کـرد و لـە حزبـی تەعالـی و تەرەقـی درێـژەی بـە کارەکانـی دا و بـوو بەپشـتیوانی بـۆ بزوتنـەوە شۆڕشـگێڕیەکانی باکـور لـە دوای لاواز بوونـی سـەڵتەنەتی عوسـمانی و بەشـداری شـۆڕش و ڕاپەڕینەکانـی کـوردی کـرد دژی دەوڵەتـی عوسـمانی و لەشۆڕشـی شـێخ سـەعیدی پیـران بەشـداری کاریگەرانـەی هەبوو بەکۆمـەک و هاوکارییەکانـی بـۆ ئـەو شۆڕشـە لـە ناوچەکانـی مـوش و وان و بەدلیـس و دەوروبـەری بـە جۆرێـک لەجـۆرەکان و بەئیـدارەی خۆبەڕێوەبـەری و ئەمـەش بـوو بـە هانـدەر کـە هەوڵەکانـی ئازادی لەناوچـە کـورد نشـینەکان چـاوی لێبکـەن. بەو جۆرە درێژەی بە کاری کارگێڕی و سیاسـی و چەکداری دا تاکو سـاڵی ١٩٢٨ ژیـان ئاوایـی لـە نیشـتیمان و میلەتەکـەی کـرد.

سەرچاوەکان؛

گەشـتێک لەدەریـای فارسـی بـۆ دەریـای ڕەش..نووسـینی ولیـام وارفیلدچاپـی لەنـدەن و نیویـورک سـاڵی ١٩١٦ لاپەڕەکانـی ٢٧٠تـا٢٧٣.



م. شێخ فواد بەرزنجی

چۆن فەیسەڵ کرا بە مەلیکی سوریا و دواتر عێراق

بەشی یەکەم

لەوەوە دەس پێدەکەین کە کاتێک هەر نوسەرێک بابەتێک دەنوسێت بە تایبەت لە مێژوودا دەبێت زۆر ئاگاداری کۆمەڵێک بەهاو ئامانج بێت لە کۆمەڵگەکە دا بەتایبەت ئیمەی کورد کە کەوتووینەتە بەردەم سەدان نوکە جەنجەر و لێدانی دەرەکی بەتایبەت بەر هێرشی کەم کردنەوەو هەوڵدانی توانەوەمان لەناو گەلانی خۆیاندا جا لە ژێر هەر ئایدۆلۆژیایەکدا بێت، کە هەریەکە لە وڵاتانی سنوریمان بە شێوازێک کە خۆی پێی خۆشەو لە بەرژەوەندی ئەودایە کار دەکات. بۆیە گرنگە نوسەر پارێزگاری لە یەک ریزی و لە پەروەدەو گەشەکردنی میللەتی کوردا بکات بەتایبەت لە بابەتەکانی گێرانەوەو بیرەوەریەکاندا... چونکە نەوەیەک دەیخوێنێتەوە کە هەرگیز لێمان خۆشنابن کە هەرکات نووسەران بە پێی فکری وشک و چەق بەستوو، وە بەرژەوەندی ئایدۆلۆژیاو مەبەستە لاوەکیەکانیان باس لە ڕابردوومان بکەن جا بەتایبەت کە بمانەوێ سەرپۆشێکی ناشیرین و دێز و گوماناوی بدەین بەسە ئەو هەموو ڕابردووە جوان و شکۆمەندیانەدا کە لە لایەن بنەماڵە و هۆز و عەشیرەت و سەرۆک هۆز و سەرکردە و ڕابەرەکانمانەوە، جا میر بێت یان دەسەلاتدار یان مەلیک و پێشەواکانمان بەرهەم هاتووە

و هەوڵی مان و نەمانیان لە پێناودا داوەو بە دژوارییەکاندا هەپروون هەپروون بوون و ئەوەی سەربەرزییە بۆ خۆیان و ڕۆژگار وسەردەمەکەیان ئەو نۆستالیژیا و مێژووە جوان و پڕ ئەندێشەیەیان بەجێهێشتووە کە بیری هزرو هێزی باسک و تواناو خەیاڵی خۆڵاوی خۆیان تێدا تەکاندووە. بۆ یە دەمانەوێ لێرەوە بەتایبەت لە سەردەمی هاتنە پێشەوەی مەلیک فەیسەڵ بدوێین بۆ وەڵامی درووست و ڕەوشتی بەجێبهێڵین بۆیە دەڵێین: جەنگ کۆتایی دێ: بەڵام چونکە میللەتی سوریا قەبوڵیان نەبووەو وتیان قبوڵی ناکەین کەسێک لە شوێنێکی ترەوە بهێنرێت و بکرێ بە پادشای ئێمە. «واتە لێرەدا پێیان وایە کە خەڵکی وڵاتی سوریا فەیسەڵیان دەرکردوە.

بۆ»بوون بە مەلیکی سوریا«

لەسەر ئەم بابەتە دەمانەوێ ڕوونکردنەوەیەک و هەم ڕاستکردەوەی ئەم دێڕە بکەین: لە پێشدا ئەگەر ئەوەندەی سەیری ویکیپیدیای عەرەبی بکەین، ڕوونە کە فەیسەڵ یەکەم کوڕی عەلی هاشمییەو بنەچەیان دەگەڕێتەوە بۆ حسێن کوڕی عەلی، یەکەم شای عێراق و شای سوریا بووە. ئەمە زۆر ڕوونە لە ساڵی ١٩٠٩ باوکی دەکرێت بە شەریفی مەککە، لە ساڵی ١٩١٦ بە پشتیوانی بەریتانیا

> لە ٨ی مایسی ١٩٢٠ کۆنگرەی گشتی سوریا سەربەخۆیی سوپای لە ژێر ناونیشانی شانشینی سوریای عەرەبی ڕاگەیاند و شازادە فەیسەڵیش کرا بە شای سوریا. بەڵام لە ڕۆژی ٢٤ی هەمان مانگ فەرەنسا هێرشی کردە سەر سوریاو دیمەشقیان داگیرکرد و شا فەیسەڵیش دیمەشقی بەجێهێشت و گەیشتە لەندەن شانشینی سوریا کۆتایی هات

لە کاتی جەنگی کەنداوی یەکەم، شۆڕشی لەدژی دەوڵەتی عوسمان ڕاگەیاندووە. کە توانی سوپای عوسمانی لە مەککە و مەدینە و تائیف وجەدەو یەنبەع و عەقەبە دەربکات. ئیتر لێرەدا لە ساڵی ١٩١٨ بە سەرکردایەتی شا فەیسەڵ هێزەکانی سوپای عەرەبی چونە خاکی سوریاوە و دستبەجێ سوپای عوسمانی سوریای بەجێهێشتوەو بەگەرمی لە لایەن میللەت و تێکڕای گەل پشگیری خۆیان بۆ ئەو شورشە دەربڕی. شا فەیسەڵیش دامەزراندنی حکومەتێکی عەرەبی لە دیمەشق ڕاگەیاند لە ٨ی مایسی ١٩٢٠. کۆنگرەی گشتی سوریا سەربەخۆیی سوپای لە ژێر ناونیشانی شانشینی سوریای عەرەبی ڕاگەیاند و شازادە فەیسەڵیش کرا بە شای سوریا. بەڵام لە ڕۆژی ٢٤ی هەمان مانگ فەرەنسا هێرشی کردە سەر سوریاو دیمەشقیان داگیرکرد و شا فەیسەڵیش دیمەشقی بەجێهێشت و گەیشتە لەندەن شانشینی سوریا کۆتایی هات.

«بۆ نەگبەتی کورد ئەم ڕوداوانە بەم، جۆرە دێتە پێشەوە، کە وادەکات لە کۆتادا بڕیار بدەن دەستبەرداری کوردی ژێر دەستەی دەوڵەتە گەورەکەی عوسمانی، جارێکی تر ببێتە ژێر دەست و چەپۆکی عەرەبەکان کە خۆیان بە خاوەنی ئیمبراتۆریەتی ئیسلامی دەزانن ... کێ بۆ ئەوە ناچێت ئەگەر سوریا بەو دۆخە

نەگەشتبایە، ئایا شۆڕشەکەی شێخ مەحمود و گەلی کوردیان بەو جۆرە هەڵدەوەشاندەوە یان حکومەتێکی نیشتمانیان لەژێر چاوی بەریتانیادا بۆ کوردیش پێکەوە دەنا».

ئەوەبوو لە دوای شۆڕشی ٢٠ لە عێراق لەدژی داگیرکاری بەریتانیا لە ساڵی ١٩٢٠ بە ئامادەبونی «وینستۆن چرچڵ»ی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا کۆنگرەیەک لە قاهیرە سەبارەت بە بارو دۆخی عێراق بەستراوە کۆنگرەکە ڕای گەیاند حکومەتی بەریتانیا سیاسەتی خۆی لە عێراق لە داگیرکارییەوە دەگۆڕێتەوە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نیشتیمانی. بەریتانیا ڕایگەیاند بەنیازی دامەزراندنی شانشینی عێراقە و «فەیسەڵی کوڕی حسین»یان هەڵبژارد بۆ ئەوەی ببێتە شای عێراق لە ١٦ی یولیوی ساڵی ١٩٢١. «ئەلسێر بیرسی کۆکس» نوێنەری بەریتانیا ڕایگەیاند ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بڕیاری داوە شازادە فەیسەڵ لە ژێر سیاسەتی حکومەتێکی دەستوری پەرلەمانتاری بکرێت بە شای عێراق و لە دوای ئەوەی ٩٦٪ دەنگەکانی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقی بەدەستهێنا شازادە فەیسەڵ کرا بە شای عێراق.

ئیتر لەو ڕۆژەوە دوای هەموو هەراکان هەتا شێخ مەحمود گەڕایەوە لە ئەسارەت و ئەو گرژی و ئاڵۆزکاوییەی ناوچەکە دانەمرکایەوە و شێخ گەڕایەوە بەڵام چۆن بەسەر ئەو نادادیەدا گەڕایەوە کە پێی وتن ئەگەر زۆرم لێ بکەن ئەوا نوێژەکانم جارێکی تر بە کوردی دەگێڕمەوە.

بەڵێ چار نەما جگە لە شۆڕش و دەستدانە تفەنگە کۆنەکان ئەگەر شەڕ لەگەڵ کوردا بکەن...

فەیسەڵ لە سوریا:

لێرەدا باس لە چۆنێتی ئەو مەلیکییەی فەیسەڵ دەکەین کەچۆن دادەمەزرێت لە سوریاو وە جڵەوی ئەو وڵاتە دەدەنە دەستی بنەماڵەی شەریفی مەککە جا وەک وەفایەک بۆ ئەوکاتەی کە شەریفی مەککە پشتیوانی کردوون یان بە باشیان زانیوە کە بۆ بەرژەوەندی کۆمپانیا نەوتییەکانیان بەو جۆرە جڵەوی حوکمڕانییەکان ڕێکبخەنەوە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی. هەرچەندە ئەمە فەرەنسیەکانی وروژان و کەوتنە گەڕ دژی ئەم مەلیکە لە خاکی سوریا کە لە دابەشکردنەکەدا بەر حکومەتی فەرەنسا کەوتبوو.

ڕەفیق حیلمی: یاداشت، چ٣، لە لاپەڕەی ٢٥١- ٢٥٥ دا دەڵێت: لە کاتێکدا لە عیراق هەواڵ بەم جۆرە بۆ ئاگری شۆڕشێکی گەورە نرابۆوە ئەم ئاگرە تا ئەهات گڵپەی ئەسەندو بڵاو ئەبۆوە لە سوریادا لەژێر حوکمی فەیسەڵی یەکەم حکومەتێکی بچوک دامەزرا. فەیسەڵ لە تشرینی یەکەمی ١٩١٨ دوای کشانەوەی لەشکرەکانی تورک چووبوە شامەوەو بە پێی ئەو بڕیارو پەیمانە کە لە بەینی باوکی و سوێندخۆرە یەکگرتوەکان هەبوو لە شام دەسبەجێ بناغەی حکومەتێکی عەرەبی دانا. بەڵام فەرنسیەکان کە بەتەمای سوریا بوون» چونکە لە پێشدا لە موئتەمەری سانریمۆ و لە ساڵی ١٩٢٠ کە میراتی دەوڵەتی عوسمانی

لە بەینی ئینگلیز و فەرەنسادا دابەشکرا سوریا و لوبنان بەر فەرەنسا کەوتبۆوە پێشتر هەر لە پەیمانی ساڵی ١٩١٦» سایکس بیکۆ» ئەم وڵاتە هەر بۆ فەرەنسا دانرابوو» ڕەزایان لە سەر نەبوو پێیان ناخۆش بوو. لە بەر ئەوە بەرامبەر فەیسەڵ لالوت مانەوە بۆ تێکدان و هەڵوەشاندنەوەی ئەم بناغەیە کە دانابوو کەوتنە ، تێکۆشان. ڕۆژنامەکانی فەرەنسا بەگەرمی لە فەیسەڵ ئەدوان. باسی خراپەیان ئەکرد. درۆیان بۆ هەڵئەبەست ئەیانویست بەکەسێکی خاوەن تەماع و مەبەس خراپ بیخەنە بەرچاو. بەکورتی دەرگای پڕو پاگەندەیەکی بەتینی دوژمنانەیان لێکردەوە. فەیسەڵیان بە دووژمنێکی گەورەی فەرەنسا ئەژمارد. بۆ سیاسەتی فەرەنسا بە دەرەکیان دائەنا. ئەیان وت دۆستی ئینگلیزە خائینە. ئیتر چییان بە دەما ئەهات ئەیاندایە پاڵی. بە ڕادەیەک کە ئیتر کاری فەیسەڵ ڕویکردە خراپە و بەڕاستی لە دەرەکەوە نزیک بوو. لەبەر ئەمە ناچاربوو کە بیری لە هەواڵ بکاتەوە بۆ دەرچوون لەم دەرەکە تەقەلایە بدا. بەم خەیاڵە بڕیاریدا بەڕێکەوتن لەگەڵ سیاسیە گەورەکانی فەرەنساو تێکۆشان بۆ بێدەنگکردنی ڕۆژنامەکان و قایمکردنی جێگەی خۆی لەبەر ئەمە دوای ئەوەی کە «عەلی ڕەزا پاشای ڕکابی» کرد

> فەرەنسیەکان خوێنی ڕۆڵە خۆشەویستەکانی خۆیان لە هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ ئەوە نەڕژاند کە لە جێی ئەو ئیمپراتۆریەتی عەرەب دابمەزرێنن

بەحاکمی عەسکەری سوریا خۆشی لەگەڵ نوری سەعیدی یاوەری و کۆنەڵ لۆرەنس و چەند کەسێکی تر چووە پاریس. لەوێ لەپێش هەمو کەسێکا هەواڵ نوس «مخابر» ڕۆژنامەی «تان Temp» چوە لای. ئەم ڕۆژنامە نووسە بەمەبەستێکی سیاسی دیدەنی کردبوو . ئەیویست بیترسێنێت و زراوی بەرێ و وای بخاتە مێشکەوە کە دوای کڵاوی با بردوو کەوتووە. هیچی بۆ ناکرێ و دەستی ناکەوێ. بەمانایەکی تر ئەیویست وا لە فەیسەڵ بکا کە بە هەموو جۆرێک ڕازی بێ و گەورەکانی سیاسی فەرەنسا چی پێبڵێن و چۆن ڕێگەی بۆ دابنێن ملیان بۆ بدا و لەگەڵیان ڕێکەوێت. ئەمە وێنەیەکی قسەکانی هەواڵنوسەکە: «فەرەنسیەکان خوێنی ڕۆڵە خۆشەویستەکانی خۆیان لە هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتوریەتی عوسمانی بۆ ئەوە نەڕژاند کە لە جێی ئەو ئیمپراتوریەتی عەرەب دابمەزرێنن» جگە لەمە سیاسیەکانی فەرەنسا بە عەمدی رویان نەدایەو پشتیان تێکرد. فەیسەڵ وای لێهات کە هیوای بە سەرگرتنی تەقەلاکەی نەمێنێ. فەرەنسیەکان مەبەستیان ئەوە نەبوو کە دان بە حکومەتی سوریادا نەنێن. بەڵکو ئەیانویست کە بەم جۆرە خۆیان بە فەیسەڵ بنوێنن و بە ئەنجام بیگرنە ژێر باڵیان و بیکەن بە

پارێزگاری تایبەتی قازانجی فەرەنسا لە سوریا ئەیانویست فەیسەڵ کە» نەزانێ ئینگلیز هەموق شتێکە» بە پشتیوانی ئەوان خەرۆ نەبێ. ئەوە بخاتە بەرچاوی کە لە سوریا مانەوەی بەستراوە بە لە سەر بونی فەرەنساوە. چونکە فەرەنسیەکان ئەیانویست لە فەیسەڵ بگەیەنن کە چاویان لە سوریاوەیە. لەبەر ئەوە کەسێک کە بە تەمابێ لە سوریادا ببێ بە مەلیک لەسەری پێویستە کە قازانجەکانی فەرەنسا بخاتە بەرچاوی و خۆی بە پارێزگاری ئەم قازانجە بزانێ. فەیسەڵ ژێری نواند و بۆ ئەوە فرەنسیەکان هێمن بکاتەوە نەفەسی خۆی بردە ناوەوە. چیکڵدانەیەکی فراوانی خستەکار بەختیش باشی هێنا . لەم کاتەدا



خەڵقی سوریا هۆشیان هاتەوە بەبەرا. بۆیان دەرکەوت کە چاوەڕوانکردنی ئەم بگرە و بەردەیە شتێکیان چنگ ناکەوێ. لەسەریان پێویستە کە خۆیان تێکۆشن و تەقەلا بدەن.

واتە ئەبێ ڕاستبنەوە و بکەونە کار. ئەگینا بێگانە ناکەوێتە فریایان بێ ئەرک و ڕەنج، ناگەن بە ئامانج. لەبەر ئەمە بەگورجی هاتنە پێشەوە و بەناوی «نادی عەرەبی»یەوە کۆمەڵەیەکی سیاسی و نیشتیمانیان ڕێکخست. ئینجا بێ ئەوەی یەک و دووی لێبکەن لە سوریا و لە ئەوروپا بەناوی داوای حەقی عەرەبەوە کەوتنەکارەوە. فەرەنسیەکان کە بەمەیان زانی ئەوکاتە ڕویان کردە فەیسەڵ و لە کەلەی شەیتان هاتنە خوارەوە. فەیسەڵ ئەمەی بەهەل ژمارد لەگەڵ «کلیمانسۆ» سەرۆکی حکومەتی فەرەنسا ڕێکەوت و گەڕایەوە سوریا، بەلام ئەمجارە خەڵقی سوریا بایان دایەوە و پشتیان تێکرد. چونکە دوای ئەوەی کە ناوی عەرەبیان دامەزراند بڕیاریان دابو بەوەی کە تا حەقەکانی قەومی عەرەب بە تەواوی دەستەخەن لە تێکۆشان نەکەون و دەس هەڵنەگرن. «تەنها لێرەدا خەڵکی سوریا ڕاو بۆ چونیان گۆڕی و بەگشتگیری تر تەماشای بارودۆخەکەیان کرووە و داواکاریەکانیان چڕتر و فراوانتر کردەوە بۆیە ڕەنگە تا ڕادەیەکیش پێیان خۆش نەبووبێت فەیسەڵ پشت بۆ فەرەنسیەکان دانەوێنێت» ئینجا فەیسەڵ ئەرکێکی گەورەتری هاتە ڕێ. کەوتە گێژاوی ئەندامەکانی ناوی عەرەبییەوە. بەوانەوە خەریک ما. بۆ ئەمرکردن و ڕێکەوتن لەگەڵ ئەواندا کەوتە هەوڵ و تەقەلا. نیشتمان پەروەرەکانی کۆ ئەکردەوە قسەی لەگەڵ ئەکردن. ئامانج و مەبەستی خۆی تێئەگەیاندن بۆ یەکگرتنەوە و بۆ لە یەکتری گەیشتن. بۆ ئەوەی کە باوەڕی پێبکەن بە ڕاست و دڵپاک و نیشتیمان پەروەری بزانن و دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکەن، تێئەکۆشا. بەلام داخەکەم هەموو

تەقەلاکانی کەڵکی نەگرت. قسە و ئامۆژگاری و بەسەرهاتنەکانی کەڵکی نەگرت. قسەو ئامۆژگاری و بەسەرهاتنەکانی سوودێکی نەبەخشی. نەیتوانی لە ئەندامەکانی نادی عەرەبی کەسێ بەلای خۆیا ڕاکێشێ و یا دوبەرەکێتی بخاتە بەینەوە و لە یەکیان جیا بکاتەوە. خوێنی ئەندامەکانی نادی هاتبووە کوڵ. خەڵقی سوریا بەجارێ و بەڕاستی لەدەوری نادی کۆبونەوە. هەموو بەیەک دەم هاواریان ئەکردو سەربەخۆیی تەواوی سەرپاکی سوریایان ئەویست. ئەو سوریایەی کە فەلەستین و لوبنانیشی لەگەڵ بێ. بەم ڕەنگە فەیسەڵ ناچار ما کە بگەڕێتەوە و لەگەڵ گەورەکانی حکومەتە سوێند خۆرەکانا لە پاریس کەوتەوە باس و مزاکەرە. بەڵام هەوڵ و تەقەلاکانی کە لەم لایەنەشەوە بەکاری هێنا، شتێکی لێ پەیا نەبوو. فەیسەڵ لەو پەیمانە ئەدوا کە لە شەڕی گەورەدا لە بەینی سوێند خۆرەکان و «مەلیک حسێن» دا کرابوو و داوای لە گەورەکانی سوێندخۆرەکان ئەکرد کە بە پێی پەیمانەکەیان لەگەڵ عەرەب بجولێنەوە و تکای ئەوەی لێ ئەکردن کە نوقتەکانی ویلسەن بەجێ بێنن، حەقی جۆری ژیان و ئیدارەی سەربەخۆیی بدەنە دەس عەرەبەکان خۆیان.

«ئەی ئەمە داواکاری شێخ مەحمودی بەرزنجی و هەوڵەکانی شۆڕشەکەی نەبوو کە بەردەوام داوای دەکرد لە ئینگلیزەکان و سوێندخۆرەکان تەنانەت لەکاتی دادگایی کردنەکەشیدا دوای شەڕی بازیان کە بەدیلی دەگیرێت، بەندەکانی ئەو بڕیارانەی ویلسەن لە فەقیانەکەیدا هەڵی گرتبوو دای بە سەر و گوێلاکی دادوەرەکانیاندا، دەبێت خوێنەر بزانێت ئەمە چی واتایەک دەگەیەنێت».

بەکورتی هیچ نەما نەیکاف و هیچ نەمایەوە نەیلێ بەڵام فەرەنسەکان زۆر بەساردی لەگەڵ فەیسەڵ ئەجولانەوە و لە بەرامبەر بەم هەموو ڕەنج و تەقەلایە تەنیا بەزەردەخەنەیەکی ساردو سڕ وەڵامیان ئەدایەوە، بەمەدا بۆی دەرکەوت لە دونیای سیاسەت بێ ئەوەی هێزێکت پێ شک بەرن

شتێکت دەس ناکەوێ. ئیمانی بەوە هێنا کە پەیمانی بەهێز بەرامبەر بە بێ هێزییەکی کەم دەسەڵات سەری نەگرتوە و ناگرێ. لەلایەکی تریشەوە ئینگلیزەکانی دۆستی «کە بە تەمابوو پشتی بگرن و یارمەتی بدەن» پێیا ئەوت ئەو خەیاڵانە کە لە سەریایە ئەبێ بیکاتە دەرەوە، چاو لە خەلقی سوریا نەکات و بە هەڵەشەیی و گێرەشێوێنی ئەوان نەچێ بەرێوە و سەر لەخۆی نەشێوێنێ. ئەیان وت پێویستە لەگەڵ فەرەنسیەکان رێکەوێ و حکومەتی فەرەنسا چۆنی بۆ دائەنێ بەو جۆرە بکا، واتا تازوە لەلایەن چەشنی دامەزراندنی حکومەتی سوریاوە بڕیارێکیان لەگەڵ بدات و بگەڕێتەوە.

لێرەدا دەبێت ئاگاداری کێشەی نێوان فەرەنساو ئینگلیزەکان بین، دیارە بۆیە پێیان وتوە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی نەکەوێتە ژێر فکری فەرەنسیەکان و بەرژەوەندیانەوە» فەیسەڵ بە ئامۆژگاری ڕاسپێری ئینگلیزەکان هۆشی هاتەوە بەبەراورد تێگەیشت «ئیمپراتۆریەتی عەرەب» کە لە مێشکی ئەوا جێی بۆتەوە لە خەیاڵ بەولاوە شتێکی ترنیە. لەبەر ئەمە بڕیاریدا کە ئیتر دوای خەیاڵ نەکەوێ. ئینجا لە موئتەمەری «وەرسایل» لە سوێندخۆرە یەکگرتوەکان گفتی وەرگرت کە بۆ تێگەیشتن لە چەشنی حکومەتی کە بە باشی ئەزانن

«ورزون پیاوی ئینگلیز بیر و ڕای وابوو کە بە هەڵە ئەو کارە نەکرێ وە گورزون ئەو پێشنیارەی دابوو. لە بەینو بەیندا زۆر کەم لایەن گری ئەو بوو. دەیگوت کە بە چاکی دیارە فەیسەڵ لە دیمەشق «پیاوێکی زەعیف و ناتوانا بوو ئیشکەرێک زیاتر نەبوو»

پرسێک ئیستیفتا بە ئەهالی سوریە بکرێ و خۆی بەدڵ شکاوی و بێ هیوا گەڕایەوە سوریا.

کریس کۆچێرا: کورد لە سەدەی ١٩-٢٠دا، لە لاپەڕەی ١٠٨دا دەڵێت: فەیسەڵ لە ساڵی ١٩٢٤دا لەشاری دیمەشق کە لەلایەن دەوڵەتی فەرەنساوە دەرکرابوو بەخۆیی و ٢٤ ژن و ٧٥ پیاوی تایبەتی گاردی حجازەوە ٢٥ ئەسپی سواری و ٤ تەن بار و شمەکەوە سەرگەردان بوو، وە دەسوڕاوە وە لە پاشان لە ئوردون مابۆوە. فەرەنسیەکان فەیسەڵیان بە پیاوێکی نا لایەق و خوێڕی و زەعیف دەناسی بەڵام دەیان گوت لەسەر ئەوەش را کە پیاوێکی بەزیپکە، پیاوێکی خەتەرناک و هارە دەیزانی کە ئینگلیزیش لە پیرو، ڕایوەدا کە لە بەینەن نەهرەین دا بیکەنە پاشاو وە تاجی لەسەرنێن.

«ئەمە ئەسڵی ئەوەیە کە فەیسەڵ دانی بەخۆیدا گرتووەو بۆ ئەوەی دەیەوێت و پێشتر پەیمانیان بە عەرەبەکان دابوو بیبەنە سەر».

کریس کۆچێرا: هەمان سەرچاوە لە لاپەڕەی١٠٨ دەڵێت: گورزون پیاوی ئینگلیز بیر و ڕای وابوو کە بە هەڵە ئەو کارە نەکرێ وە گورزون ئەو پێشنیارەی دابوو. لە بەینو بەیندا زۆر کەم لایەن گری ئەو بوو. دەیگوت کە بە چاکی دیارە فەیسەڵ لە دیمەشق «پیاوێکی زەعیف و ناتوانا بوو ئیشکەرێک زیاتر نەبوو»ە. بەڵام ئەوەشیان بۆ ڕوون ببۆوە کە دانانی «جمهوریەک « لە ناوچەکەشدا دژی ئاکارو ڕەوشتی ئیسلامە. وە ئینجا پیاوی دیکەش لە مەڵبەندەکەدا کەم بوون، لە ئاکاما گورزون، وە حکومەتی بریتانیای گەورە، ڕایان هێنا سەر ئەوەی وە پاش دووهەمین کۆنفراسی قاهیرە لە ١٢-٢٤مارسی ١٩٢٤ کە فەیسەڵ ببێتە یەکێ لە پادشای بەینەن نەهرەین وە ناوچەی کوردستانیش پەرەی پێ بدرێ.

ئیسماعیل خالید

دارشتنەوەی نەخشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست



دوای ئەوەی زیاتر لەسەد ساڵ تێپەڕ دەبێ بەسەر دارشتنی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بە ڕێکەوتننامەی سایکس بیکۆ ناسراوە لەساڵی ١٩١٦ لەنێوان هەردوو دەوڵەتی بەریتانیا و فەرنسا لەلایەن مارک سایکس وجۆرج بیکۆدا ئەم ڕێکەوتننامەیە کراوە و ڕوسیاش لەم ڕێکەوتنەدا هاوبەشبووە بەڵام ئەم دابەش کاریە تەنها نەخشەیی بوو لەنێوان ئەم وڵاتانەدا هەر وڵاتێک سنووری دەست تێوەردانی خۆی دەست نیشان کردبوو نەک ڕێکخستنەوەی دەوڵەتە نوێیەکان هەرچەندە پاش واژۆکردنی پەیمانی سیڤەر ساڵی ١٩٢٠ کوردستانی باکور و باشور چانسی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی بۆ ڕەخسا بەڵام ڕێکەوتننامەی ساڵی ١٩٢٠ سان ریمۆ و پەیمانی ساڵی ١٩٢٣ لۆزان کورد تێیدا زەرەرمەند بوو کوردستان بە پارچە پارچە کراوی مایەوە ئێستا، جارێکی تر بە نەخشەیەکی نوێتر هەریەک لەوڵاتە زلهێزەکان لەدابەش کردنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ناویشیاندا کوردستانی گەورەی دابەشکراو لە یار و نەیار ئەیانەوێت پشکیان هەبێت، سەیرترین ڕووداوەکانی ڕابردوو و ئێستاش ئەوەیە سەرەڕای بوونی هێزو تەکنەلۆژیا و چەکی پێشکەوتوو، هەموو ئەو وڵاتە زلهێزانە بۆ بەشداری کردن لە پرۆسەی دارشتنەوەی نەخشە نوێیەکە پێویستیان بە پشتیوانی گەلی کوردە هەرچەندە لەڕابردوودا بیر و بۆچونی پارچە پارچە کراوی کورد و دەسەڵاتە ناوچەییەکان نەیان توانی یەک دەنگ و یەکگرتووبن بۆ پاراستنی خاکی کوردستان. بەڵام جیاواز لە سەدەی ڕابردوو و لە ئێستادا گەورەترین دەرفەت لە ئارادایە بۆ گەیشتن بە ئامانج و مافە ڕەوکانی میللەتی کورد.

هەموو ئامرازەکانی بە دەوڵەت بوونی نەتەوەی کورد:

- لە ڕووی مرۆییەوە.
- لەڕووی پشتیوانی نێودەوڵەتییەوە.
- لە ڕووی هێزەوە.
- لە ڕووی بەرژەوەندی هاوبەشەوە لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمانان.
- لە ڕووی خاکی ئازاد کراوەوە.
- لە ڕووی تەکنەلۆژیا و زانست و مەعریفەتەوە.
- لە ڕووی پشتیوانی گەلانی دنیاوە.
- لە ڕووی سەرمایەی نیشتیمانییەوە.
- لە ڕووی چەک و هێزەوە.
- لە ڕووی هاوسۆزی و هاوخەمی هاونیشتیمانی هەموو پارچەکانی کوردستانەوە.

دەبێت ڕێگا نەدەین دوژمنانی نەتەوەی کوردستان سیاسەتی پەرتکە و زاڵ لە بەرامبەر میللەتی کوردا پەیڕەو بکەن و هەر وڵاتە و پارچەیەک لە خاکی پیرۆزی کوردستان بخەنەوە سەر نەخشەی خۆیان بۆ سەد ساڵی دیکە ئازار و خەمی ژێردەستەیی بچێژین.

خۆ ئەگەر لە ئێستا و ئایندەدا نەتوانرێ پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی بکرێت و هەنگاوی ژیرانە بەرەو ئامانجەکان نەنێین!، بچووکترین پاشەکشە بکەین دەبێتە شکستێک نەک هەر سەربازی و سیاسی دەبێت،

> لەئێستاشدا ترسی گەورە لەوەدایە هەمان کارەسات و لێک تێنەگەیشتنی سەرکردەکانی کورد دووبارە بێتەوە بەڵام ئەوەی جێگای ئومێد و دڵدانەوەی میللەتی کوردە ئەوەیە کە هەریەک لە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی کە لەناوچەکەدا باڵادەستن ئەیانەوێت بەجۆرێکی تر نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابڕێژنەوە



بەڵکو بەجۆرێک هیواکانمان تێک دەشکێت ڕەنگە بۆ چەندین سەدەی تر نەگەڕێینەوە بەو ئاست و بارودۆخەی ئێستا هەمانە و هەرگیز دوژمنان بوار نادەن ببینەوە بە خاوەنی ئەو دەستکەوتەی ئێستا کە بەرهەمی خوێنی شەهیدان و ڕەنجی سەدان ساڵی میللەتەکەمانە.

لەئێستاشدا ترسی گەورە لەوەدایە هەمان کارەسات و لێک تێنەگەیشتنی سەرکردەکانی کورد دووبارە بێتەوە بەڵام ئەوەی جێگای ئومێد و دڵدانەوەی میللەتی کوردە ئەوەیە کە هەریەک لە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی کە لەناوچەکەدا باڵادەستن ئەیانەوێت بەجۆرێکی تر نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابڕێژنەوە، پێدەچێ ئەم نەخشەیە دەرفەتێکی زێڕین بێ بۆ گەلی کورد، ئەوەی لەسەر سەرکردە و سیاسەتمەدارەکانی کورد و ڕۆشنبیرەکانی گەلی کوردە دەبێ لەم هەلو مەرجە هەستیارەدا یەک پارچەی و یەک ڕیزی گەلی کورد ئامانجی سەرەکی بێت و لەبەرامبەر ناحەزاندا یەک دەنگ و یەک ڕەنگبن هەروەک چۆن لە شەڕی دژ بە داعشدا هەموان لە یەک سەنگەرد ابوین بەکوردی باشور و باکور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە بۆ هەر ئەگەرێک ئەو ئامادەیەمان هەبێت بتوانین لە نەخشە نوێیەکەدا بناغەی سەربەخۆی کوردستان دابڕێژین و هەڵەکانی سەدساڵەی ڕابردوو دوبارە نەکەینەوە.

بەرزان حاجی ئیبراهیم چەرمەگا

کورد و دیموکراتی



دیموکراتی زاراوەیەکی سیاسییە لەدوو وشەی یۆنانی پێکهاتووە (دیمۆس + گەل)، (کراتۆس + دەسەڵات). واتاکەشی ئەوە دەگەیەنێ فەرمانڕەوایی گەل لە پێناو گەلدا و بەهۆی گەلەوەیە. یەکەم کەس کەموماره‌سەی دیموکراتی کردووە، گریک(یونانی)ەکان بوون لەشارەکانی ئەسینا و (ئەسپارتا) کەهەر یەکەیان لەو دوو شارەدا حکومەتیان هەبوو پێی ئەوترا حکومەتی شار، واتا ئەو حکومەتە لەیەک شاردا فەرمانڕەوایەتی دەکرد، بۆیە پێیان دەوت حکومەتی شار(دەوڵەت شار) هەموو تاکەکانی گەل لەهەردوو شارەکەدا بەشدارییان دەکرد لەفەرمانڕەوایەتی کردنی شارەکەدا، دەربارەی هەموو کار و بارەکانی دەوڵەت گفتوگۆیان دەکرد.

هەروەها فەرمانڕەوایان هەڵدەبژارد، یاساکانیان دەردەکرد و سەرپەرشتیاری جێبەجێ کردنیان دەکرد و سزای ئەو کەسانەشیان ئەدا کەسەرپێچیان لەو یاسایانەدا دەکرد، بۆیە(فەرمانڕەوایەتی گەل) بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەهەردوو شارەکەدا جێبەجێ دەکرا و ئەو ناوەش (دیموکراتی) بەتەواوی لەواقعی ئەو دوو شارەدا ڕەنگیدایەوە، بەم شێوەیە سەرهەڵدانی زاراوەی دیموکراسی بۆ زیاتر لە(٢٤٠٠) ساڵ بەر لەئەمڕۆ دەگەڕێتەوە، واتە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی یونانی (پریکلس)، لەو سەردەمەدا زانای (ماتریالیستی- مادی گەردون) (دیموکرین) بۆ (پریکلیس)ی ڕونکردەوە کەدەسەڵات واتای بەڕێوەبردنی خەڵک و کۆمەڵگەیە، ئەم وێنەیە لەوێنەی دیموکراتی بەکۆتایی هاتنی حکومەتی شار لەهەریەک لە(ئەسینا) و (ئەسپارتا) کۆتاییان هات، بەڵام لەیادەوەری ئەوروپییەکاندا وەکو زۆرێک لەهزرەکانی دیکە بەپارێزراوی مایەوە، بەها و بنەمای یونانییەکان لەو ماوەیەدا کە مەسیحییەت زاڵ بوو بەسەر ئەوروپادا بەشاراوەیی مایەوە، سیستمی دەرەبەگایەتی زیاتر لە هەزار

ساڵ لە سێبەری ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی و یاسای ڕۆمانیدا فەرمانڕەوایەتی ئەوروپای کرد، مەسیحییەتیش لەسەر بەندی ڕوانگەی بنەمای (ئەوەی بۆ قەیسەرە با بۆ قەیسەر بێت و ئەوەش بۆ خوایە با بۆ خوا بێت) لەبەرئەوە مەسیحییەت لەبوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە دەستی وەرنەدایە نێو کاروباری ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانییەوە. بۆیە نامۆ نییە کە بۆ ماوەی هەزار ساڵ یاسای ڕۆمانی بەسەر کۆمەڵگاکانی ئەورپادا پیادە بکرێت. سەرەڕای ئەوەش مەسیحییەت پشتگیری لە پاشا ستەمکارەکان دەکرد و بەپێی یاسای (مافی خوایی پیرۆز) کە پاشاکانی لەسێبەری خوا لەسەر زەویدا دادەنا، بۆیە وتەکانیان فەرمان بوون و کاروبارەکانیان پیرۆز بوون و ئارەزووەکانیان فەرمانێکی پێویست بوون کەدەبوو جێبەجێ بکرێت لە سایەی ئەم دەسەڵاتەدا، گەل هیچ بوونێکی نەمابوو جگە لەوەی بەشێکە لە ئادەمیزاد و بە قوڕەوە بەسراوەتەوە، واتە هیچ ڕێز و شکۆ و مافێکی نەما.

ئەم ڕەوشە نالەبارە هۆکاری سەرەکی بێزار بوونی جەماوەر بوو بەگشتی و فەیلەسوف و زاناکانیش بەتایبەتی، فەیلەسوفەکان هەر زوو پرسیاریان لەشەرعییەتی ئەو دەسەڵاتە دەکرد و دەیان خستە ژێر ڕەخنەوە، ڕەخنەی توندیان لەسیستمی

قەیسەری ڕۆما

مافی خوای پیرۆز دەگرت. زاناکانیش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ نهێنیەکانی سروشتیان ئاشکرا دەکرد و یاسای نوێیان دەدۆزیەوە و ژیانی مرۆڤایەتییان هەنگاو بەهەنگاو بەرەو پێشتر دەبرد، بەتایبەتیش (ئەم بۆچونانە) کاتێک خرانە ڕوو کەستەمی دەسەڵاتدارانی ئەوکاتە لەدژایەتی کردنی فەیلەسوفەکان و سوتاندنی زاناکان و سەرکوتکردنی گەلدا گەیشتە لوتکە، بۆیە ئەمان لەکۆتاییەکانی سەدەی چواردە و سەدەکانی دواتر کە بەسەردەمی (ڕێنیسانس) واتە (بوژانەوە) ناسراوە بەرامبەر بەبارودۆخە وەستاوەکەدا تەقینەوە و لێرە جارێکی تر قسە و باسی جدی لەسەر فەلسەفە و هزری (گریکەکان) لەنێو فەیلەسوف و بیرمەندەکاندا

سەریانهەڵدایەوە، دیموکراتیش وەک زەرورترین بابەتێک بۆ ئەو واقیعە و لەو قۆناغەدا بووە باسی نێو باسان. لێرەوە جارێکی تر قسە لەسەر ئەرک و مافی تاک و گەل بەرامبەر دەوڵەت و کۆمەڵگە هاتە کایەوە.

ڕۆشنگەران ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر مافەکانی گەلیان ڕوون دەکردەوە و جەختیان لەسەر بەشداری کردنی گەل دەکرد لە دیاریکردن و هەڵبژاردنی سیستمی فەرمانڕەوایەتی و نوێنەری خۆیان، بۆیە پرسیارگەلێکی جدی لەنێو توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە جۆراو جۆرەکانی ئەورووپا دەربارەی واتای دیموکراسی و ڕەگەزەکانی دیموکراسی و جۆرەکانی دیموکراسی هاتە ئاراوە، تاکو ئێستاش تێڕوانینی جیاواز لەسەر ئەو مەسەلانە لەلایەن بیرمەندانی سیاسییەوە دەخرێنە ڕوو بۆیە ئێمە لێرەدا قسە لەسەر جۆرەکانی دیموکراسی دەکەین و دواتر لەگەڵ ژیانی خۆماندا بەراوردی دەکەین و ئەوسا پەی بەژیانی دیموکراسی یاخود دیموکراسی نەبوونی خۆمان دەبەین.

ڕونکردنەوەیەک دەربارەی چەند چەمکێکی گرنگی پەیوەندیدار بەدیموکراسییەوە (لەدەوڵەتدا سێ دەسەڵات هەیە):

١ – دەسەڵاتی یاسادانان: کاری سەرەکی ئەم دەسەڵاتەش بریتیە لەبڕیاردان لەسەر یاساکان جگە لەکاری تری وەک پەسەندکردنی بودجە..

> دەوڵەتانی داگیرکەر لەپێناو مانەوەی دەسەڵاتی داگیرکەرانەی خۆیان هەموو دەروازەکانی گرانەوەیان بەسەر هزر و چەمکە ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازەکانیان لێ داخستبووین، نەوەك ئەوهزرانە کوردەکان بووروژێنن و داوای مافەکانی خۆیان بکەن، کەگرنگترین چەمکیش دیموکراسی بوو



هتد ئەم دەسەڵاتە پێویستە پەرلەمان پیادەی بکات.

٢ – دەسەڵاتی جێبەجێ کردن: دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی یاساکان و بەڕێوەبردنی وڵات (کاروباری ناوخۆ) پەیوەندییەکانی دەرەوە، ئەم دەسەڵاتەش کابینەی حکومەت (سەرۆک وەزیران) و وەزیرەکانی لەسیستمی پەرلەمانیدا پیادەی دەکات.

٣ – دەسەڵاتی دادوەری: ئەویش کە مەسەلە دادوەرییەکان جێبەجێ دەکات و دادگاکان بەمە هەڵدەستن. کاتی خۆی لە ئەوروپادا ئەم دەسەڵاتانە لە دەستی یەک کەس یان یەک دەزگادا بوون، بۆیە بۆ مسۆگەر کردنی ئازادی و ڕێگرتن لە چەوساندنەوە بیرلەجیاکردنەوەیان کرایەوە بەجۆرێک هەردەسەڵاتێکیان لەدەستی یەک دەزگادا بێت، بەو لێکجیاکردنەوەش دەوترێت لێکجیاکردنەوەی دەسەڵات.

لەم شوێنەوە دێینە سەر جۆرەکانی دیموکراسی و بەکورتی باسیان لێوە دەکەین.

١ – دیموکراسی ڕاستەوخۆ: ئەوەیە کەڕاستەوخۆ لەکاروباری حکومەتدا بەشداری دەکات بۆیە پەرلەمان بودجەی نابێت، بەڵکو ئەنجومەنی هاوڵاتیان یاخود(جەمعیە) هەیە کەبریتییە لەهەموو ئەو هاوڵاتیانەی کەمافی بەشداربوونیان هەیە، ئەم ئەنجومەنەش جیایە لەجەمعیەی سەرەوە، چونکە ئەوەی سەرەوە پەرلەمانە.

٢ – دیموکراسی نوێنەرایەتی (الدیمقراطیە النیابیە): لەجیاتی ئەنجومەنی هاوڵاتیان (کەتیایدا هەموو هاوڵاتیان کۆدەبنەوە) ئەو هاوڵاتیانە نوێنەری خۆیان هەڵدەبژێرن، ئەگەر هاوڵاتیان دەهەزار کەس بن لەجیاتی ئەوەی ئەمانە لەیەک شوێندا کۆببنەوە بۆ بڕیار لەسەر مەسەلەکان، بۆ نموونە دەکەس هەڵبژێرن هەریەکێ لەم دەکەسە نوێنەری هەزار هاوڵاتیە و ئەم دەکەسە پەرلەمانێک پێکدەهێنێت، واتە گەل خاوەنی دەسەڵاتە ئەو دەسەڵاتە دەخاتە دەستی نوێنەری خۆی بەمەش دەوترێ (پێسپاردنی دەسەڵات).

٣ – دیموکراسی نیوە ڕاستەوخۆ: جۆری

دووهەمی سەرەوەیە کەباسمان کرد بەشداری کەمتری خەڵکەکەی تێدایە لەحکومدا، بۆیە لەپاڵ هەبوونی پەرلەمان لە تایبەتییەکی جۆر و ئەمە وەک چارەسەرێک چەند ئیجرائاتێک هەیە وەکو ڕاپرسی واتە پرس بەگەل مافی گەل بۆ پێشنیار(نارەزایی).. هتد، واتا ئەم جۆرەی دیموکراسی نوێنەرایەتی (جۆری دووەم) بەپاڵ هەبوونی یەکێک زیاتر لەم ئیجرائاتانە، جگە لەم سێ شێوەیە (دیموکراسی قەیسەری هەیە) یان هەبووە کەدان بەوەدا دەنێت گەل خاوەنی سەروەرییە، بەڵام گەل ئەم سەروەرییەی خستۆتە دەست کەسێک کەجێگەی متمانەیەتی، ئەم جۆرەش لەکاتی ناپلیۆنی یەکەم و سێیەمدا هەبووە لەفەرەنسا لەسەدەی نۆزدەدا، لێرەوە بۆ ئەوەی بەهەڵەدا نەچین و بابەتیانە قسە لەسەر دیموکراتیو کۆمەڵگەی کوردی بکەین، دەبێت بەخێرایی تیشکێک بخەینە سەر سروشت و بوونیادی کۆمەڵگەی کوردی کەئەمانە ئەو زەمینەیەن کەدیموکراتی تێیدا گەشە دەکات.

کوردستان نزیکەی(٢٥٠٠)ساڵ (واتە لەکاتی ڕوخانی دەوڵەتی میدیاوە (٥٥٠)ساڵ پێش زایین داگیرکراو و هەمیشە سەرکوت کرابووە. ئەم بارو دۆخە ناهەموارە شوێنەوارێکی خراپی لەسەر تێکڕای بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەکان بەجێهێشتووە، لەلایەنی سیاسییەوە کوردستانی ژێردەستە کردووە و لەبەرامبەریشەوە کوردەکان ڕێگەی خەباتی

> لەپاش ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی(١٩٩١) و دەرکردنی دەسەڵاتی داگیرکەر و بنیاتنانەوەی دام و دەزگا مەدەنییەکان لەلایەن هێز و جەماوەری کوردستانەوە قۆناغێکی نوێ لەمێژووماندا دەستی پێکرد کەتێیدا قسەکردنی جدی لەسەر ڕێکخراوە مەدەنییەکان و چەمکە دیموکراسییەکان هاتە ئاراوە

چەکداری و شۆڕشگێڕییان گرتۆتەبەر، واتە ئەم بارودۆخە ڕێگر بووە لەوەی کوردەکان بیر لەژیانێک بکەنەوە کەهێمنی و ئاسایش باڵی بەسەردا بکێشێت، واتە لەلایەنی سیاسییەوە زەمینەیەک نەڕەخساوە کەتیایدا دیموکراسی گەشە بکات، سەرەڕای ئەوەی کەدەوڵەتانی داگیرکەر لەپێناو مانەوەی دەسەڵاتی داگیرکەرانەی خۆیان هەموو دەروازەکانی کرانەوەیان بەسەر هزر و چەمکە ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازەکانیان لێ داخستبووین، نەوەک ئەوهزرانە کوردەکان بووروژێنن و داوای مافەکانی خۆیان بکەن، کەگرنگترین چەمکیش دیموکراسی بوو، هەڵبژاردنیش گوزارشت کردن بوو لەخواست و داواکانی گەلی کوردستان و لەهەمان کاتیشدا هۆکارێک بوو بۆ جێبەجێ کردنی دیموکراسی لەکوردستاندا، لە لایەنی کۆمەڵایەتیشەوە داگیرکەران هەمیشە هەوڵی تۆخکردنەوەی پەیوەندییە خێڵایەتیەکانیان داوە و ویستویانە سیستمی باوی کۆمەڵگەی کوردی سیستمی خێڵایەتی بێت، بۆ ئەمەش هەمیشە ئاگری دوژمنایەتییان لەنێوان خێڵ و عەشیرەتەکاندا هەڵگیرساندووە، بۆیە ڕۆڵێکی کاریگەریان بینیوە لەشێواندنی کەسێتی تاکی کوردی و بوونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی.

لێرەوە ئەم ڕەوشە بەر بەست بووە لەبەردەم کرانەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی بەسەر هەر فکرێکی پێشکەوتنخوازانەدا، چونکە هەرخێڵە و هەر عەشیرەتە شانازی کردووە بەسەر ئەو شوێنەی کەدەسەڵاتی تێدا هەبووە، لێرەشەوە زەمینەی گەشەکردنی دیموکراسی لەکۆمەڵگەی کوردیدا زەمینەیەکی لەبار نەبووە. لەلایەنی ئابووریشەوە لەبەرئەوەی کوردستان بەدرێژایی مێژوو گۆڕەپانی پێکداکێشانی زلهێزانی ناوچەکە بووە لەبەرئەوە بەبەردەوامی ڕەز و باخ و بەرهەمەکانی سوتێنراو و تالان کراو بووە، ئەمەش بووەتە هۆی نەبوونی بازاڕ و دواتر شار کەتێیدا دام و دەزگا مەدەنییەکان دەردەکەون و گەشەدەکەن.

یاخود بەهۆی بارودۆخی داگیرکەرانەوە بەشێواوی دروست بوون بۆیە بەسروشتی دام و دەزگا مەدەنی و دیموکراتییەکان لەشارەکانماندا سەریانهەڵنەداوە، ئەمە لەکاتێکدا بازاڕ و شار لەوڵاتانی ئەورووپیدا گۆڕەپان و زەمینەی سەرهەڵدانی هزر و چەمکە پێشکەوتنخواز و دیموکراتییەکان بووە.

بەم شێوەیە بەهۆی زاڵبوونی دەسەڵاتی داگیرکەران لەکوردستاندا بەگشتی و لەکوردستانی باشوردا بەتایبەتی دەرکەوتنی دیموکراتی دواکەوتوو بووە، بەڵام لەهەرێمی کوردستاندا لەپاش ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی(١٩٩١) و دەرکردنی دەسەڵاتی داگیرکەر و بنیاتنانەوەی دام و دەزگا مەدەنییەکان

لەلایەن هێز و جەماوەری کوردستانەوە قۆناغێکی نوێ لەمێژوومانـدا دەسـتی پێکرد کەتێیدا قسـەکردنی جدی لەسـەر ڕێکخراوە مەدەنییەکان و چەمکە دیموکراسییەکان هاتە ئاراوە، بۆ ئـەم مەبەستەش چەندەها کۆڕ و کۆبوونـەوەی جەماوەری لەلایەن ڕۆشنبیران و سیاسـییەکانەوە لەناوچـە جیاوازەکانی کوردسـتاندا بەسـترا، گەورەترین گوزارشـت کردن و بەرجەسـتە بوونێکی دیموکراسـی لەواقیعی ژیانمانـدا لەهەڵبژاردنـە گشـتییەکەی ساڵی(١٩٩٢)دا خـۆی دەنوێنـێ، دواتـر و لەساڵی(٢٠٠٠) بـەدواوە چەندەها هەڵبژاردنی شـارەوانییەکان، ڕێکخراوەکانی مامۆستایان و خوێنـدکاران .. هتـد ئەنجام دران.

هەروەهـا دامەزراندنـی چەندەهـا ڕێکخـراوی سیاسـی و مومارەسـە کردنـی کاری سیاسـی و بەشـداری کردنـی چالاکانـە لەگەمـە سیاسـییەکانی کوردسـتاندا، شـاهید ئـەو ڕاسـتیەن. بـەڵام دەتوانیـن بڵێیـن سـەرەڕای ئـەو جوانیانە(هەڵبـژاردن) و جێبەجـێ کردنـی دیموکراسـی وەکـو پێویسـت نەبـووە، بەڵکـو زیاتـری حاڵەتێکـی ئاسـایی بـووە، چونکـە شـوێنەواری داگیـرکاری هـەزار سـاڵەی دوژمنـان بەڕۆژێـک و چەنـد سـاڵانێک لـە لایەنەکانی سیاسـی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و شارسـتانێتی لەنێومانـدا بنەبـڕ نابێـت، سـەرەڕای ئـەوە دوژمنانـی دەوروبـەر هەوڵـی لەباربردنـی ئـەم ئەزمونەیان دەدا، بۆیـە ئاگری جیاوازییـە ناوخۆییەکانیـان خۆشـتر دەکـرد. سـەرەڕای ئەوانـەش ڕەنگـە خۆمـان بەتـەواوی ئامادەیـی وەرگرتنـی چەمکـە پێشکەوتنخوازەکانمان نەبێت و هێشتا ئەقڵیکی خێڵەکـی و ناوچەگەرێتـی و کۆنەخـوازی لەنێومانـدا هـەر زینـدو بێـت، بۆیـە دەبێـت بـۆ ئـەوەی دیموکراسـی بـاڵ بەسـەر ژیانمانـدا بکێشـێت بـەوردی توێژینـەوە لەسـەر ئـەو شوێنەوارە خراپانە بکەین لەلایەنەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتـی، ئابـووری و ڕۆشـنبیری و.. هتـد. تـا پسـپۆڕەکانمان چارەسـەری ئـەو دەردانـە بدۆزنـەوە و سـەر لەنـوێ هەوڵـی بنیـات نانـەوەی کەسـێتی تاکی کوردی و بونیادێکی دروسـتی کۆمەڵگـەی کـوردی بـدەن، هـاوکات دەبێت توێژەرە کۆمەڵایەتـی و دەرونزانـەکان توێژینـەوەی قـوڵ لەسـەر دەرون و ژیانـی کۆمەڵایەتـی تاکـی کـوردی ئەنجـام بـدەن، ئەگـەر ئەمانـەش جێبەجـێ کـران ئـەوا زەمینـە لەبـار دەبێـت بـۆ جێبەجـێ کردنـی دیموکراسـی و ژیانی دیموکراسییانە لەکۆمەڵگەی کوردیدا، لێرەشـەوە دەروازەکانـی پێشـکەوتن و بـەرەو شارسـتانێتی بوونمـان بەسـەردا دەکرێتـەوە.

هزری



عادل مەریوانی

بنەماکانی زانستی سیاسەت

سیاسەت چییە؟

سیاسەت یەکێکە لە کۆنترین چالاکییەکانی مرۆڤ کە کێ بەهێزە ؟

فەرهەنگی معین: سیاسەت «ئەو ڕێڕەو و ڕێگایەیە کە مرۆڤ بەرەو پێش دەبات» سیاسەت ، بە واتای «ڕامکردن» دێت. چەمکی (politics) «سیاسەت « لە وشەی یۆنانی (polis) «پۆلیس» وەرگیراوە کە بە واتای شار دێت. ئەرستۆ دەڵێت: مرۆڤ بەهۆی هەڵکەوتە فیزیکییەکەیەوە بۆ ئەوە خولقاوە کە لە پۆلیسدا بژی، بە بڕوای یۆنانیەکان، سیاسەت مەعریفەیە کە پەیوەندی بە کاروباری شار و دەوڵەتەوە هەیە و جیاناکرێتەوە. یۆنانیەکان لەو شوێنەدا دەژیان کە ئەمڕۆ پێی دەڵێین «دەوڵەت-شار». هەر شارە-دەوڵەتێک شارێکی دەرەوەی شار و زەویەکانی دەوروبەری لەخۆگرتبوو. جگە لەوەش وشەی (پۆلیس) لە زمانی یۆنانیدا نەک تەنها بۆ ئەوەی شارەکان بگرێتەوە، بەڵکو بە مانای «قەڵا» و «حکومەت» و کۆمەڵگاش بەکارهاتووە. حەمید عینایەت لە پێشەکی وەرگێرانی کتێبی سیاسەتی ئەرستۆدا ڕوونی کردەوەتەوە کە: چەمکی شار بە ڕوونی جیاوازە لە پۆلیسی یۆنانی. شار بە واتای شوێنی ژیانی خەڵکە، لە Unaniasty ناوی لێنراوە. لە سەرەتادا پۆلیس قەڵایەک بوو کە لە دامێنی asty دروستکرابوو، بەڵام ماناکەی گۆڕا و بە مانای کۆمەڵگەیەکی سیاسی ڕێکوپێک بەکارهات. هەندێک لە توێژەران دەڵێن وشەی (پۆلیس) لە بەڵگەنامەکانی ئەسینای پایتەختدا بە تایبەتی بە واتای کۆمەڵگەی سیاسی وڵاتێک دێت لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی دیکە، یان بە واتایەکی باشتر، بە واتای «کاراکتەری نێودەوڵەتی» وڵاتەکە دێت، لە بەرامبەریشدا وشەی «دیمۆس» دێت. ڕەگی دیموکراسییە لەسەر کۆمەڵە ڕێکخراوەکان.

سیاسەت لەلایەن فەرهەنگەکانی تری زمانی ئینگلیزییەوە بەکارهێنراوە لە پێناسەکانی وەک: بەرنامە، شێوازی کردار، بنەما و ڕێسا بنەڕەتییەکان، بنەما ڕێنماییەکان و هتد.

ئەو توخمانەی کە ڕۆڵیان هەیە لە پێناسەکردنی سیاسەتدا بریتین لە:

١- شێوە یان پێکهاتنی کۆمەڵگا یان پێکهاتەی سیاسی کۆمەڵگا، شێوازی پێکهاتەیی کۆمەڵگەی سیاسی ڕۆڵی هەیە لە نزیکبوونەوەی سیاسەتدا بۆ نمونە هاوڵاتییەک کە لە کۆمەڵگەی خێڵەکیدا دەژی لەگەڵ هاوڵاتییەک کە لە حکومەتی نیشتمانی دەژی، تێڕوانین و پێناسەی ئەو بۆ سیاسەت جیاوازە.

لە کۆمەڵگا و دەسەڵاتێکی پاشایەتیدا گرنگترین توخم لە کۆمەڵگادا پاشا و گرنگترین بابەت کە دەبێت لێی بکۆڵرێتەوە سیاسەت و پاشا و شەرعیەت و کاریگەریی پاشا لەسەر ژیانی سیاسییە لە کاتێکدا لە سیستەمی حکومەتی نەتەوەییدا. هەر پێناسەیەک بۆ سیاسەت کاریگەری پێکهاتەی سیستەمی حوکمڕانی لەسەرە.

٢- نوخبە و بیرمەندان: دونیای بیرکردنەوە و عەقڵ بریتیە لە دونیای ئەو تایبەت مەندیانەی کە لە ئەنجامی هەوڵدان یان بەهۆی تێرامانی سەروو سروشتییەوە بەدەست دێت ئەگەر ئێمە نەخشەی کولتووری کۆمەڵگا بکێشین، ئەمانە لە لوتکەی هەرەمەکەدان(ئەستێرەی کۆمەڵگەن) پاش ڕۆشنبیران خەڵکی ئاسایی بۆ نموونە پەیام بەرەکان کە پرسی بەهەشت و دادپەروەری و پەیمانی کۆمەلایەتی و فەلسەفە و دۆخی مەدەنییان هرووژاند ئەوانە خراپترینی سیاسی بوون .

٣- شۆڕشەکان: شۆڕشە گەورەکان کاریگەرییان لەسەر شێوازی سەیرکردنی سیاسەت و پێناسە کۆمەلایەتییەکانیش هەبووە بۆ نموونە: شۆڕشە پێکهاتە و ئابورییەکان، شۆڕشە فیکری و کولتوورییەکان، و شۆڕشە سیاسی-کۆمەلایەتیەکان پێناسەی سیاسەت جیاواز دەبێت بۆ جۆرەکانی شۆڕشەکان.

پێناسەی سیاسەت

لە سەردەمی ژیانی مرۆڤایەتیدا سیاسەت ڕووبەڕووی تێگەیشتنی جیاواز بووەتەوە و پێناسەی جیاواز خراوەتەڕوو لە یۆنانی کۆندا سیاسەت بە واتای گەیشتنی مرۆڤ بە بەختەوەری ، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا مانای ڕزگاربوونی مرۆڤە و لە سەردەمی مۆدێرنیشدا وەک چەمکی ئازادی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بەکاردێت.

سوکرات

سۆکرات سیاسەتی بە ڕێگای مرۆڤ دەزانی بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەری لە ڕێگەی فەزیلەتەوە و ڕێگای بەدەستهێنانی بەختەوەریش لە حوکمڕانییەکی باشدایە. حکومەت بە پێنج شێوە دەخاتەڕوو، حکومەتی حاکمی دادپەروەر، حکومەتی سوڵتانی دیسپۆتیک، حکومەتی ئاغاکان (ئەرستۆکرات و چینی ئیمتیازدار)، حکومەتی دەوڵەمەندەکان، حکومەتی خەڵکی ئاسایی. سۆکرات حکومەتی گشتی ڕەتدەکاتەوە کە پێویستی بە دەستێوەردانی کەسانی چاوچنۆک هەیە و حکومەتی فەرمانڕەوایەکی دادپەروەری خاوەن ویژدان و کولتووری پێ باشترە،و پێی وایە لەوێوە مرۆڤ دەگاتە بەختەوەری.

> «ئامانجی سیاسەت ئەو چاکەیە دەبێت کە تایبەتە بە مرۆڤ. هەرچەندە لە ڕاستیدا چاکەی تاك و چاکەی شاریەکن، سەرەڕای ئەمەش. پاراستن و ڕەچاوکردنی چاکەی شار، لە پێشترو چاکترە لە چاکەی تاك»

ئەفلاتون

ئەفلاتون لە کتێبی کۆمار و ڕیسالەکانیدا لە چەند گۆشەیەکەوە لە حکومەت دەکۆڵێتە وە ، هەرچەندە بەهۆی فرە ڕەنگییە وە ناتوانرێت بەشێوەیەکی دیاریکراو کورت بکرێتەوە ، بەڵام لە بوارەکانی حکومەت و کۆمەڵگەدا لاپەڕەیەکی نوێی لە بیری سیاسیدا دروست کردووە ، هەندێک کەس پێیان وایە لە ڕوانگەی ئەفلاتونەوە حکومەت دابەش دەبێت بەسەر

ئەفلاتون

ئەرستۆ

پێنج جۆر حکومەتدا: فەیلەسوف، سەربازی، دەوڵەمەند، خەڵکی ئاسایی و خۆسەپێن، ئەفلاتون حکومەتی فەیلەسوفەکانی پێ باشترە و دەڵێت: فەرمانڕەوا دەبێت فەیلەسوف بێت، و باشترینیش بێت، حکومەتە باشەکان ئەوانەن کە لەلایەن باشترین کەسەکانەوە بەڕێوەدەبرێن و فەرمانڕەوای دانا و حاکم و ژیرە، ئەفلاتون لە تیۆری نوێی دوای کتێبی کۆماردا ئەرکی حکومەت و سیستەمی سیاسی بە پەروەردەی خەڵک زانی. حاکمەکانی بە شوان دەشوبهێنێ.

ئەرستۆ

ئەرستۆ مرۆڤ بە بوونێکی کۆمەڵایەتی و لە ئەنجامدا سیاسی دەزانێت، «ئامانجی سیاسەت ئەو چاکەیە دەبێت کە تایبەتە بە مرۆڤ. هەرچەندە لە ڕاستیدا چاکەی تاک و چاکەی شاریەکن، سەرەڕای ئەمەش». پاراستن و ڕەچاوکردنی چاکەی شار، لە پێشترو چاکترە لە چاکەی تاک.» جۆرێک لێکۆڵینەوەی زانستی لە شار-دەوڵەت یان شتێکی پەیوەندیدار بە هونەری سیاسەت دەزانێت. ئەگەر لە ڕوانگەی ئەرستووە

سیاسەت پێناسە بکەین ، بەم شێوەیە دەبێت: هەر داهێنان و شتێک کە لە شاردا ڕوودەدات بۆ دڵخۆشی خەڵک بێت پێی دەوترێت سیاسەت (ئەرستۆ) سیاسەت بە یەکسانی بۆ دروستکردنی میانڕەوی دەزانێت. ئەرستۆ گەلی بەسەر سێ بەشدا دابەش کرد (دەوڵەمەندەکان - جەماوەری مرۆڤەکان - چینی ناوەڕاست، کە بە بڕوای ئەرستۆ بنەمای حکومەت لە سروشتی مرۆڤدایە، حکومەت بۆ بەدیهێنانی... پێداویستییەکانی مرۆڤ، کە یەکەم پێویستی جەستەییە کە بووە هۆی لەدایکبوونی خێزان. ئەرستۆ سەربەخۆیی دامەزراوەی بنەماڵە بە شتێکی جەوهەری دەزانێت. بە بڕوای ئەو یاسا و دادپەروەری لە شێوەی حکومەتدا مرۆڤەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

سانت ئۆگستین

سانت ئۆگستین

سیاسەت وەک ڕێگایەک بۆ گەیشتن بە ڕزگاربوون پێناسە دەکات شاری زەمینی بۆ شاری ئاسمانی.



تۆماس ئاکویناس

تۆماس ئاکویناس

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی هەشت سەدە دوای ئەرستۆ، حکومەت بە کەشتییەک دەزانێت کە خوداوەندەکەی ئایین و پیاوانی ئایینییە و دەڵێت: «حوکمڕانی واتە ئاراستەکردنی کەشتییەکە و پێویستە لە لێکچوونی نێوان ئەو دوو وشەیە لە سروشتی حکومەت تێبگەین، هەر لەبەر ئەم هۆکارە فەرمانڕەواکانی دونیا پارێزەری ئامانجە لاوەکییەکانی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی مرۆڤن کەواتە سیاسەت ڕێنماییکردنی مرۆڤایەتییە بەرەو بەختەوەری.

نیکۆلۆ ماکیاڤێل

ماکیاڤێل

یەکێکە لە نووسەرانی هاوچەرخی ڕۆژئاوایی. هزری سیاسی ئەو لابردنی ئایین و ئەخلاق لە بازنەی سیاسەتە. وێڕای ئینکاری یاسای ئیلاهی، خاوەنی بیرکردنەوەیەکی سیاسی ئاساییە و ئامانجی ژیان بە خۆشگوزەرانی و چێژە ماددیەکان دەزانێت، ماکیاڤێلی پرەنسیپەکە لە حکومەت و دەسەڵاتدا دەبینێت و ئامرازە پێویستەکانی دەسەڵاتی بیردەخاتەوە ڕوونە کە کەسێکی فەزیلەتدار ئەم ئامرازانە بەکاردەهێنێت بەڵام حکومەتی کۆماریی لە حکومەتی سوڵتانی (شاهانە) پێ باشترە.

"ئەگەر مرۆڤەکان هەموویان فریشتە بوونایە، پێویست بە پێکهێنانی حکومەتی نەدەکرد، وە ئەگەر فریشتەکان حوکمڕانی کۆمەڵگاکەیان دەکرد، پێویستی بە بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی هۆکارە ناوخۆییەکانی حکومەت نەدەبوو"

ژان بیدن

پێناسەی نوێ بۆ سیاسەت

ماکس ویبەر

سیاسەت واتە هەوڵدان بۆ بەشداریکردن لە دەسەڵات یان هەوڵدان بۆ کاریگەری لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات، جا لە نێوان حکومەتەکاندا بێت یان لە نێوان گروپەکانی ناو حکومەتێکدا ،کەواتە بە بڕوای ویبەر ئەوەی سیاسەت لە بوارەکانی تری چالاکیی مرۆڤایەتی جیادەکاتەوە، دەسەڵاتە، چونکە دەسەڵات هەمیشە بوونی هەیە .

ژان بیدن

ژان بیدن یەکەم کەس بوو کە پێناسەیەکی زانستی بۆ حکومەت خستەڕوو. دەڵێ ئەگەر خەڵک بەشداری حکومەت بکات ئەوە دیموکراسییە، ئەگەر چەند کەسێک حوکمڕانی بکەن ئەوە ئەرستۆکراسییە و ئەگەر یەک کەسیش حوکم بکات ئەوە دەسەڵاتی پاشایەتییە. ژان بین دەستەی حاکم بە خوداترس و دووربین و بەزەییدار و ژیر و میانڕەو و دادپەروەر و بەهێز دەزانێت تا ئەو کاتەی بە دادپەروەرییەوە حوکمڕانی دەکات. هەرچەند بە میرات و کودەتا یان لە ڕێگەی یاساوە ئەم سەروەرییە بەدەست هێنابێت.

ماکس ویبەر

مۆرگانتا

«سیاسەت تاکە ململانێی دەسەڵاتە». لە کێبڕکێی دژی دەسەڵات ئەگەر مرۆڤەکان هەموویان فریشتە بوونایە، پێویست بە پێکهێنانی حکومەتی نەدەکرد، وە ئەگەر فریشتەکان حوکمڕانی کۆمەڵگاکەیان دەکرد، پێویستی بە بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی هۆکارە ناوخۆییەکانی حکومەت نەدەبوو، نە سنوورەکانیش دیاری بکرێت ... بژاردەکان مرۆڤەکان هەم دەسەڵاتخوازن و هەم فەرمانڕەواکان پارە دەدەن.

مۆریس دۆرجی

سیاسەت لە هەموو شوێنێک دوو ڕووە وێنەی جانوس، خودای دوو ڕوو، دەرکەوتنی ڕاستەقینەی دەوڵەتە لە کاتێکدا دەوڵەت دەسەڵاتێکی ڕێکخراوە و ئامرازێکە بۆ هەژموونی چینێک بەرامبەر بە چینێکی تر بۆ دەستەبەرکردنی جۆرێک لە نەزمی کۆمەڵایەتی و جۆرێک لە یەکسانی لە هەموو مرۆڤەکانی کۆمەڵگەدا. ئەم دووانە هەمیشە پێکەوەن، هەرچەندە ڕۆڵی هەریەکەیان بەپێی دۆخەکە دەگۆڕێت.

ئە م پێناسە یە پە یوە ندییە کانی نێوان ئە و دوو حیزبە بە زاڵ دە زانێت لە کاتێکدا دە توانێت پەیوەندییەکی ئازاد و هۆشیار بێت لە سەر بنەمای فەرماندە ، نەک زاڵبوون، ئەگەر هەژموونی بێت، ئەوا یەکسانی بۆ بەرژەوەندی گشتی چ مانایەکی هەیە .

سیاسەت هونەری بەکارهێنانی ئەگەرەکانە (زۆرجار ناتوانرێت چالاکانی سیاسی بتوانن بەهەموو ئامانجەکانیان بگەن، بۆیە دەبێت تەماحەکانیان لەگەڵ دەسەڵاتی خۆیاندا بگونجێنن، کەس ناتوانێت زیاتر لە دەسەڵات یان تواناکانی خۆی کاریگەری لەسەر سیاسەت بکات و کاریگەری لەسەر سیاسەت دابنێ) .

سیاسەت بریتییە لە حوکمڕانی بەسەر خەڵکدا: کایتا نۆموسکا لە فیلمی The Ruling Class و ئەستین ڕانی لە فیلمی Ruling Over People باس لە پەیوەندی نێوان ئەوانەی حوکم دەکەن و ئەوانەی حوکمڕانی دەکەن لە نێوان حاکم و حوکمڕانیدا و دەڵێن ئەم پەیوەندییە ناوەندی ژیانی سیاسییە.

سیاسەت بریتییە لە ململانێ بۆ بەدەستهێنان و پاراستنی دەسەڵات: گرنگترین پێناسەی سیاسەت لای بیرمەندانی سیاسیی ڕۆژئاوا ئەوەیە کە بە ململانێی دەسەڵات و کاریگەری و بەکارهێنانی لە کۆمەڵگادا دەزانن.

سیاسەت واتە بزانین: کێ سەردەکەوێت، چی سەردەکەوێت، کەی سەردەکەوێت، چۆن سەردەکەوێت و بۆچی سەردەکەوێت. ئەمە پێناسەی هارۆڵد لاسکی یە بۆ سیاسەت.

سیاسـەت دابەشکردنی ئارەزوومەندانەیە لە بەهاکان: ئەوە هی ئیستۆنە.

سیاسـەت وەک هونـەری حوکمڕانی پێناسـە کـراوە (فەرهەنگی زانسـتی سیاسـی ئۆکسـفۆرد).

نۆلی: هەمـوو ئـەو چالاکییانـەی کـە بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ پەیوەسـتن بـە بەدەسـتهێنانی دەسـەڵاتی حکومـەت و چەسپاندنی دەسـەڵاتی حکومـەت و بەکارهێنانـی دەسـەڵاتی حکومەتـەوە پێناسـەی نۆلـی نـوێ نییـە و لـە ڕاسـتیدا دەربڕینێکی دیکـەی سیاسـەتی شـەڕکردنە بـۆ بەدەسـتهێنان، پاراسـتن، زیادکـردن یـان پیشـاندانی هێـزە.

ئەگـەر بمانەوێت پێناسـەیەکی تاڕادەیـەک هەمەلایەنەمـان هەبێـت بـۆ سیاسـەت، ئـەوە بـەم شـێوەیە دەبێـت: سیاسـەتی سـەرکردایەتی ئاشـتیانە یـان نائاشـتیانە، پەیوەنـدی نێـوان تـاک و گـروپ و لایەنـەکان (هێـزە کۆمەڵایەتیـەکان) و کاری حکومـەت لەنـاو وڵاتێکدا، و پەیوەندییەکانـی نێـوان حکومـەت و حکومەتەکانـی تـر لـە گۆڕەپانـی جیهاندان. بۆیە دەکرێت بە سیاسـەتی تاکێک، سیاسـەتی گروپێـک، سیاسـەتی حزبێـک، سیاسـەتی حکومەتێـک پێناسـە بکرێـت. وە لـە ڕوانگـەی نێودەوڵەتییـەوە، سیاسـەتی دەرەوەی حکومەتـی پێناسـە کـرد. سیاسـەت لەسـەر بنەمـای بەرژەوەنـدی هەریـەک لـەو هێـزە کۆمەڵایەتیانـەی باسـکراون.

پێناسەی هێز:

بـە واتـای وشـەیی دەسـەڵات واتـە توانایـەک کـە هەندێـک لـە کاریگەرییـە پۆتانسـێلەکان یـان ڕاسـتەقینەکانی کەسـێک یـان شـتێک لەسـەر کەسـانی تر یان شتەکانی تر نیشان دەدات ئەگـەر A هەندێـک کاریگـەری لەسـەر B هەبێـت، دەڵێیـن A دەسـەڵاتی بەسـەر B دا هەیـە.

لە فەلسـەفەی سیاسیدا دەسـەڵات بریتییە لە توانـای مـرۆڤ بـۆ کاریگـەری لەسـەر ژیانی بەکۆمەڵـی یەکتـر و دواجاریش بـە بـڕوای هەندێـک لـە بیرمەندانـی سیاسـی دەسـەڵات بەشێکە لە ژیانی سیاسی و سیاسـەت بەبێ تێگەیشـتنێکی دروسـت لـە دەسـەڵات نابێت. هەندێکیـان ستایشـی دەسـەڵاتیان کـردووە (ماکیاڤێلـی و ڤینیـش) و هەندێکیشـیان وەک ژان ژاک ڕۆسـۆ ئیدانەیـان کردووە، لیبراڵەکان دەسـەڵات بـە پێویسـت دەزانـن بـۆ پاراسـتنی سـەرەتاییترین خواسـتی مـرۆڤ (پرەنسـیپ و ئاسـایش)، ماتریالیسـتەکانیش دەسـەڵات بـە بەرهەمـی ململانێـی چینایەتـی دەزانـن.



ئەکرەم میهرداد

سەروەری و سەربەخۆیی نەتەوەیی



سەروەری و سەربەخۆیی نەتەوەیی توانا و هەوڵ و بیرکردنەوەی هەر نەتەوەیەکە بۆ رزگاری و جیابوونەوەی لە دەوڵەتی داگیرکار یان دابەشکار و شێوازی ئەو نەتەوەیە بۆ دیاریکردنی دەسەڵاتی دڵخوازی خۆی. لە یەکەمین بەڵگەنامەکانی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤی هەردوو شۆڕشی ئەمریکا و فەرەنسا مافی نەتەوەکان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان بە سروشتی و پیرۆز و هەق ناوبراوە. لە بەڵگەنامەی مافەکانی مرۆڤی شۆڕشی فەرەنسی ساڵی ١٧٩٣ دا هاتووە: ((هەر نەتەوەیەک پێوانەی خاکەکەی یان ژمارەی دانیشتوانی هەرچەند بێت، مافی ئەو نەتەوەیە بۆ سەروەری و سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی دڵخوازی خۆی سروشتی و پیرۆز و بەرهەقە))١ سەروەری و سەربەخۆییش لە دوو پرسی گرنگدا جێبەجێ دەبن، کە یەکەمیان نیشتمان و وڵاتی سەربەخۆیە و ئەوی دیکەشیان دەسەڵاتی سەروەرە لە چوارچێوەی ئەو نیشتمانەدا.

خاک یان زێد ئەو سەرزەمینە و ناوچەی مێژووی ژیانی ئەو کۆمەڵەیە کە خۆیان بە نەتەوەیەکی جیاواز و سەربەخۆ لە نەتەوە، نەژادەکانی دیکە دەزانن. پابەندی نەتەوایەتی بۆ خاک و زێد زۆربەی جارەکان وا لێکدەدرێتەوە کە ئەو خاکە لە خاوەندارێتی ئەو نەتەوەیەدایە یان زۆر جار دەسەڵاتەکان وا دەنوێنن کە خاوەنداری مێژوویی ئەو خاک و ناوچەیەن. پرسی نەتەوایەتی بۆ خاوەندارێتی لە زێد و خاک بە سەرەتایی ترین و مێژوویترین شێوازەکانی نەتەوایەتی دادەنرێت و ئەمەش لەگەڵ خودان بوون

لە نەژاد و فەرهەنگ و مێژوو بە یەکەمین هەوڵەکان دادەنرێن بۆ سەروەری و سەربەخۆیی نەتەوەکان یان جیابوونەوەی ئەو نەتەوە و نەژادانەی کە پێشتر پێکەوە ژیاون. قۆناغی گەشانەوەی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی کاتێک دەردەکەوێت کە ئەو کۆمەڵە خەڵکەی خۆیان بە نەتەوەیەکی جیاواز و سەربەخۆ دەزانن کە خوازیاری بەدەستهێنانی دەوڵەت و نیشتمانی سەربەخۆ و (ئازاد) بن. پابەندی ئەو بیرکردنەوە نەتەوەییە بەو خاک و زێدەوە توخمی سەرەکی یان ناوەندی لە پێکهاتەی ناسنامەی نەتەوەییدا دروست دەکات کە هەندێکجار داوای گەڕانەوەی ئەو خەڵک و ناوچانەش دەکەن کە وەکو بەشێک لە خۆیانی دەزانن.

پەیوەندییەکانی سەروەری و سەربەخۆیی لەگەڵ نەتەوایەتیدا لە هەوڵی ئەو کۆمەڵ و نەتەوەیەدا چڕ دەبێتەوە کە دەیەوێت دەوڵەتی نەتەوەیی یان نیشتمانی خۆی دروست بکات، یان ئەگەر پێشتر دەوڵەتیان هەبووبێت ئەوا دەیانەوێت سنوور و پێکهاتەکانی ئەو دەوڵەتە لەگەڵ هەلومەرجی سەروەری و سەربەخۆیی نەتەوەیی خۆیان هاوتا و هاوئاهەنگ بکەن. ئەم پرسەش پایە سەرەکیەکانی دیکەی ناسیۆنالیزم دروست دەکات و دەیکات بە هێزێکی گرنگ و زیندووی کۆکردنەوەی خەڵک لە دەوری ئەو سیاسەت و دەسەڵات و سەرکردایەتیە نەتەوەییە. بەڵام هەندێک کاتیش بە ناوی دەسەڵاتی سەروەر

> دوایین سەنگەری نەتەوەکانیش بۆ پاراستنی ناسنامە و پێکهاتەکانی خۆیان لە زمان و خاکدا خۆی دەبینێتەوە کە نەتەوە ژێردەستەکان بتوانن یان توانیویانە زمان و خاکی خۆیان بپارێزن و هێشتا لە ناو ئەو خاک و زمانەدا بژین

و سەربەخۆ بۆ پاراستنی یەکێتی خاکی ئەو نەتەوە و وڵاتە ستەم و چەوسانەوەی زۆر لە نەژاد و پێکهاتە و نەتەوەکانی دیکەش کراوە و هەتا ئەو ڕادەیەی کە توانەوی ئەوانی دیکە لە بۆتەی نەتەوەی دەسەڵاتداردا کراوەتە سیاسەت و پەیڕەوی سەرەکی ئەو دەوڵەتە دیاریکراوە، واتە سەروەری و سەربەخۆیی نەتەوەی باڵادەست ڕێگر و پێشێلکارە بۆ سەروەری و سەربەخۆیی نەتەوەکانی دیکە، کە ئەمەش لەگەڵ هەموو ڕێبازەکانی مافی مرۆڤ و لیبرالیزم و دیموکراسی و مارکسیزمدا ناگونجێ، چونکە هەموویان لە ڕوانگەی سەروەری و سەربەخۆیی مرۆڤەوە پرسی نەتەوایەتیان باس و لێکۆڵینەوە کردووە.

پرانسیپی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ لە سەردەمی مۆدێرن چوارچێوەی گشتیە بۆ سەروەری و سەربەخۆیی تاک و کۆمەڵەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان. دوایین سەنگەری نەتەوەکانیش بۆ پاراستنی ناسنامە و پێکهاتەکانی خۆیان لە زمان و خاکدا خۆی دەبینێتەوە کە نەتەوە ژێردەستەکان بتوانن یان توانیویانە زمان و خاکی خۆیان بپارێزن و هێشتا لە ناو ئەو خاک و زمانەدا بژین، بۆیە ئەم پرسەش باسدەکەین چونکە لە مێژوودا زۆر نەژاد و نەتەوە هەن کە تەنانەت زمان و خاکی خۆشیان بۆ نەپارێزراوە. سەرەتای سەروەری و سەربەخۆیی هەر نەتەوەیەکیش بێگومان لە زمان و خاکەوە دەستپێدەکات بەرەو سیاسەت و دەسەڵات و ئازادی و فەرهەنگ و ئابووری هاوبەش، واتە پێکەوە بەستنی هەموو توخمەکانی نەتەوایەتی لە جەستەی سەروەری و سەربەخۆییدا.

پرسی سەروەری و سەربەخۆیی لە ناسیۆنالیزمدا بەو شیکردنەوە و ڕیزبەندییەی کە ((نووسەری ناودار و مێژوونووسی ئینگلیزی (ئەریک هوبزباوم) باسیکردووە، دەکەوێتە شەپۆلی دووەمی مێژووی ناسیۆنالیزمەوە کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست لە ئەورووپای ناوەڕاست و خۆرهەڵات ڕوویاندا و بە (ناسیۆنالیزمی جوداخواز) یان سەربەخۆخواز ناویان دەهێنێت. چونکە

دەوڵەتەکانی پێشوو دابەش دەکەن بۆ قەوارەی نەتەوەیی و نەژادی بچووکتر، هەروەکو ئەوەی لە ئیمپراتۆریای نەمسا، مەجەر، روسیا، و هەندێک بەشی ئیمپراتۆریای عوسمانی روویاندا. شەپۆلی یەکەمی ناسیۆنالیزم، کەهۆبزباوم بە ((ناسیۆنالیزمی یەکێتی خواز)) ناویان دەهێنێت و لە مێژووشدا بە ناسیۆنالیزمی سیاسی ناسراون، گروپە نەتەوەیی و نەژادیە بچوکەکان لە دەوڵەتی نیشتمانی فراوان و گەورەدا کۆدەکاتەوە، هەروەکو چۆن لە فەرەنسا و بەریتانیا و ئیتاڵیا روویاندا. هۆبزباوم ناسیۆنالیزمی یەکێتی خواز بە ((ناسیۆنالیوم لە سەرەوە)) واتە لەلایەن دەوڵەتەوە باسدەکات و ناسیۆنالیزمی جودایی و سەربەخۆ خوازیش بە ((ناسیۆنالیزم لە خوارەوە)) دەناسێنێت کە هەوڵی خەڵک و بزاڤەکانە بۆ جیابوونەوە لە دەوڵەتی پێشووی داگیرکار یان دابەشکار یان هەر ناوێکی دیکەی هەبێت بۆ نموونە دەوڵەت و ئیمپراتۆریای مێژوویی و کۆن))٢.

ناسیۆنالیزمی سەروەری و سەربەخۆیی خواز کە بە شێوەی سەرەکی دەیانەوێت لە دەوڵەتی ناسیۆنالیستی یەکێتی خواز یان لە راستیدا داگیرکار و دابەشکار بەتایبەتی لەم سەردەمەدا، واتا دوای پەیدابوونی شەپۆلی دووەم هەتا ئێستا جیاببنەوە و پشتیوانی خەڵک و سیاسەت و هەموو ئەو بونیادانەی کە هاوبەشن لە بزووتنەوەی رزگاری و سەبەخۆیی

خوازدا. ئەم پرسە ئێستا شێوازی سەرەکی ناسیۆنالیزم و هەر نەتەوەیەک بەم ئاراستەیەدا کار نەکات، بێگومان بە زیانی سەروەری و سەربەخۆیی نەتەوەیی خۆی دەبێت. لەدوای پەیدابوونی دەوڵەتی نەتەوە لە ئەوروپای ناوەڕاست و ئەوروپای ڕۆژهەلات و بزووتنەوە نەتەوەییەکانی ئاسیا، ئەفریقا و خۆرهەلاتی ناوەڕاست و پاشان لە ئەمریکا و ئەمریکای لاتین و تەنانەت لە ئەوروپای خۆرئاواش ئیدی پرسی سەروەری و سەربەخۆیی دەبێتە ئامانجی سەرەکی نەتەوایەتی، واتا ئێستا کە باسی نەتەوایەتی دەکرێت یەکسەر هۆش و بیری هەمووان بەرەو سەروەری و سەربەخۆیی نەتەوەکان یان دەوڵەتەکان یان بزووتنەوە رزگاریخوازەکان دەچێت. تەنانەت هەموو بزووتنەوە نەتەوەیی یەکان، هەموو دەوڵەت و وڵاتەکانیش لە چوارچێوەی سەروەری و سەربەخۆییدا پێکهاتەکانی دیکەی نەتەوایەتیان پاراستووە یان دەیانەوێت بیپارێزن، کە ئەوانیش خاک، زمان، فەرهەنگ، مێژوو،پێکەوەژیان. سەرئەنجام دەبێت ئەوەمان بیرنەچێت کە دەسەلات و دەوڵەتی سەروەر و سەربەخۆ باشترین و پارێزراوترین ئۆرگانی مانەوە و پاراستنی سەروەری و سەربەخۆیی هەر نەتەوەیەکە.

ئەو دەوڵەت و وڵات و بزاڤانەی کە لەسەر بناغەی سەروەری و سەربەخۆیی دروست بوون و هەوڵ دەدەن لەو دەوڵەت و وڵات و بزاڤانەی کە نامۆن بەم پرسانە جێگیرتر و ئارامتربن و زووتریش پرسەکانی نەتەوە و نەتەوایەتیان چارەسەر بوون، بە پێچەوانەشەوە ئەو نەتەوە و دەوڵەت و وڵاتانەی لەم پرسانە دوور یان نەیارن زۆربەی کاتەکان لە پشێوی و ناجێگیری و نائارامیدا دەژین. پەیوەندی نێوان سەروەری و سەربەخۆیی لەگەڵ پرسی نەتەوە و دەوڵەتەکاندا بە چوار شێواز دەرکەوتوون یان مامەڵەیان لەگەڵ کراوە: یەکەم، دەوڵەتی هاووڵاتی و هاونیشتمانیە، کە دەوڵەت لەسەر بنەمای نەتەوە دروست نەبووە، بەڵکو لەسەر بنەمای دیموکراسی و هاووڵاتی دروست بوون، بەڵام سەروەری و سەربەخۆیی ناسنامە و پێکهاتە و نەژادەکان بەپێی بنەماکانی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ پارێزراون. هەر سێ دەوڵەتە گەورە و کۆنەکەی مۆدێرنیزمی سیاسی و دیموکراسی (بەریتانیا، ئەمریکا و فەرەنسا) بەم شێوەیە پرسی سەروەری و سەربەخۆیی نەتەوە و نەژاد و ناسنامەکانیان چارەسەر کردووە، ئەگەرچی لەوانیشدا هێشتا هەندێک پێکهاتە و ناسنامە هەن کە داوای مافی زیاتر یان سەروەری و سەربەخۆیی زیاتر دەکەن.

دووەم، دەوڵەتی نەتەوە، واتە ئەو دەوڵەتانەی کە سنوورەکانی دەوڵەتی مۆدێرن و رەوشی نەتەوایەتیان هاوتا و یەکسانە، یان ئەو

دەوڵەتانەی یەک نەتەوەیان تیادا دەژی. لێرەدا پرسی سەروەری و سەربەخۆیی لە ڕەوشی نەتەوایەتیدا چارەسەرێکی ئاسان و بێ کێشە کراوە و ئەو نەتەوەیە لەسەر خاک و نیشتمانی خۆی بەتەواوی سەروەر و سەربەخۆیە مادام نەتەوە و نەژادی دیکەشیان لەگەڵ ناژی، بێگومان پرسەکەیان ئاسانە.

سێیەم، نەتەوەی دەوڵەت لەو دەوڵەتانەدا دەبێت کە یان مێژووین وەکو (ئێران و تورکیا) یان دەستکردی ئیمپریالیزمی سەدەی بیستن وەکو (عیراق و سوریا) دەوڵەتەکەیان هەیە و دێن بە زۆر نەتەوەی بۆ دروست دەکەن یان بۆی دادەتاشن و لە ڕێگای توانەوەی نەتەوە و ناسنامەکانی دیکە لە بۆتەی نەتەوەیی دەسەڵاتداردا پێشێلی ماف و ئازادییەکانی ئەو نەتەوە و ناسنامانە دەکەن. بەشێکی زۆری جیهانی دواکەوتوو یان نادیموکرات و ئازاد بەم شێوەیە چارەسەری پرسی نەتەوایەتیان کردووە، واتە لەسەر حسابی ماف و ئازادییەکانی چەوساوەکان نەتەوەی باڵادەست سەروەری و سەربەخۆیی خۆیان بەڕێوەدەبەن. ئەم مۆدێلە لە دەوڵەت (نەتەوەی دەوڵەت) هەمیشە لە قەیران و ناجێگیری و جەنگ و توندوتیژیدا دەژین و ئەزموونی نەتەوەی داگیرکراو و دابەشکراوی کورد لەسەر دەستی دەوڵەتانی تورکیا و ئێران و عیراق و سوریا بە باشی ئەم هەلومەرجە بەیان دەکات، لەو وڵاتانەدا نە کورد توایەوە و

> نەتەوەی بێدەوڵەت هەموولایەك و تەنانەت داگیرکەرانیش دان بەوەدا دەنێن کە کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆ لە تورك و فارس و عەرەب، بەڵام چونکە دەوڵەتی نیە و خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی خۆی نیە، هەر بۆیە سەروەر نیە

نە نەتەوەکانی خۆشیان حەسانەوە.

چوارەم، نەتەوەی بێدەوڵەت هەموولایەک و تەنانەت داگیرکەرانیش دان بەوەدا دەنێن کە کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆ لە تورک و فارس و عەرەب، بەڵام چونکە دەوڵەتی نیە و خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی خۆی نیە، هەر بۆیە سەروەر نیە. هێشتا هەندێک نەتەوە هەن کە خاوەنی سەروەری و سەربەخۆیی خۆیان نین، چونکە دەوڵەتیان نیە، یان لەو دەوڵەتانەدا دەژین کە لەسەر بنەمای چەوسانەوە و توانەوەی نەتەوە ژێردەستەکان دروستکراون. سەرئەنجام بۆمان دەردەکەوێت کە پرسی سەروەری و سەربەخۆیی نەتەوەکان تەنیا بە دوو رێگا چارەسەر دەبێت، یان بەهۆی دەوڵەتی هاوولاتی و هاونیشتمانی دەبێت لەو ولاتانەدا کە زیاتر لە نەتەوە و ناسنامەیەکی تیادا دەژی، یان فرە نەتەوە و پێکهاتەیە. یان بەهۆی ئەوە دەبێت کە بنەماکانی مافی مرۆڤ جێبەجێ بکرێت و هەموو نەتەوە و ناسنامەکان بەهرەمەند لە سەروەری و سەربەخۆیی بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکانیان.

نەتەوە وەکو کۆمەڵێکی وێناکراو یان دروستکراو

(بەندیکت ئەندرسۆن) نووسەری ئینگلیزی لە کتێبی (کۆمەڵە وێناکراوەکان) لە ساڵی ١٩٩١ سەبارەت بە رەهەندەکانی دروستبوونی نەتەوە و دەرکەوتنی کۆمەڵە جیاوازەکانی نەتەوایەتی وەکو کۆبوونەوەی مرۆیی و داکۆکی لە بوون و ناسنامەی خۆیان و سەرهەڵدانی ئەم دیاردە کۆمەڵایەتی و مرۆییە، بڕوای وایە کە دەرکەوتنی نەتەوە و نەتەوایەتی لە ئەنجامی پاشەکشەی سێ دەسەڵات و چەمکی دێرینەدا بووە:

١. لەناوچوونی دەسەڵات و هەژموونی ئەو زمانە ئاینیانەی کە لە باری بوونناسییەوە خۆیان بە بەیانکەر و پارێزەری حەقیقەتی ئیلاهی داناوە. کە بێگومان لەدوای ئەو پاشەکشە شکستە زمانییەی دین، زمانی نەتەوە و ناوچەکان و فەرهەنگە جیاوازەکان لە ئاین دەبنە دیاردەی ئەو سەردەم و قۆناغە لە گۆڕانکاری مۆدێرن.

٢. هەڵوەشاندنەوەی رێکخراوە کۆمەڵایەتیەکانی پێش مۆدێرن و لەناوچوونی دەسەڵات و هەژموونی ئەو فەرمانڕەوایانەی کە جیاواز و نەیار بوون بەرامبەر بەو ناوچە و فەرهەنگانەی کە بە ناوی ئیمپراتۆریا و هەژموونی دینی (پیرۆز) حوکمیان دەکرد و سەرئەنجام دەرکەوتن و سەرهەڵدانی دەسەڵاتی ناوچەیی و فەرهەنگی.

٣. لەناوچوونی هەژموونی چەمک و تێگەیشتنی پیرۆزی زمانی ئاسمانی کە سەرچاوەی بوون و پێکەوە بەستنی مرۆڤەکان بوون،



یان لە ڕاستیدا وایان بەیانکردووە کە سەرچاوەی بوون و پەیوەندی و (برایەتی!) نێوان مرۆڤەکان و ناوچە و فەرهەنگەکان لە دەسەڵاتی خودایی و دیندایە.٣

ئەم سێ گۆڕانکارییە و سەرئەنجام سەرهەڵدان و بەهێزبوونی دەسەڵات و زمان و فەرهەنگ و پێکهێنەرەکانی کۆمەڵی نوێ،ئەو دیاردەیە دەنەخشێنن کە ئێستا بەناوی نەتەوە و نەتەوایەتی ناسراون. واتە لەناوچوونی هەموو ئەو زمان و فەرهەنگ و دەسەڵات و هەژموونی لە سەروو نەتەوەکان و ناوچەکان حوکمی ئەو هەموو شوێنانەیان کردووە و بە ناوی خودا و دینەوە سەدان ساڵ دەسەڵات و هەژموونی بنەماڵە ئاینی و ئیمپراتۆریاکانیان بەردەوام کردووە. پاشەکشە و لەناوچوونی ئەو دیاردە پێش مۆدێرنانە و سەرهەڵدان و دەرکەوتنی پێکهێنەرەکانی نەتەوایەتی دەشێت وەکو بەشێک لە دروستبوونی سەروەری و سەربەخۆیی ئەو کۆمەڵانە بێت کە دوایی بە نەتەوە جۆراوجۆرەکان ناسراون.

بێگومان تیۆری (کۆمەڵی وێناکراو)یان لە ڕاستیدا دروستکراو لەلایەن زمان، فەرهەنگ، پێکەوەژیان، دەسەڵات، و هەژموونی سەروەر و سەربەخۆ لە دەسەڵات و فەرهەنگ و هەژموونی بێگانە یان داگیرکار، هێشتا بەشێکە لە کاریگەرترین تیۆرەکان دەربارەی نەتەوە و نەتەوایەتی. تێگەیشتن لەم تیۆرە دەرگا ئاوەڵا دەکات بۆ تێگەیشتن لە لایەنە گرنگەکانی دروستبوون و شێوەسازیی کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆ و ئەگەرەکانی ئاڵوگۆڕ کە دەتوانن لە ئایندەی ئەم کۆمەڵانەدا کاریگەر بن. کە باسی کۆمەڵی (وێناکراو)

و (دروستکراو) دەکەین، بێگومان وێناکردن و دروستکردنی ئەوانە لەلایەن پێکهێنەر و دەسەڵات و هەژموونەکانی خۆیان، واتە وێناکردن و دروستکردنیان بەپێی بەرنامە و پرنسیپەکانی سەروەری و سەربەخۆیی ئەو کۆمەڵانەی کە خۆیان بە نەتەوەی دیاریکراو دەناسێنن. لەم زەمینەیەشدا بەرهەمەکانی نەتەوە و نەتەوایەتی پێویستیان بە فراوانکردن و باڵاکردنی هەموو لایەنەکانی مێژوویی، ئەدەبی، خەڵک ناسی، کۆمەڵناسی، فیمینیستی و لێکۆڵینەوەکانی دیکەیە دەربارەی ئەو کۆمەڵانەی کە دەیانەوێت سەروەر و سەربەخۆ بن لە سنوور و رەهەندەکانی خۆیاندا، ئەمەش دیسان بە مانای خۆناسین و شارەزایی دیکەیە کە ئەو نەتەوانە خۆیانی پێ باشتر دەناسێنن.

لەم بارەیەوە ئەریک هۆبزباوم بە تەواوی لەسەر هەقە کە دەڵێ: ((تەنانەت بزاڤ و دەوڵەتە مارکسیستەکانیش نەک تەنیا لە روخساردا، بەڵکو لە ماهیەتیشدا مەیلیان بەرەو ئەوە بوو کە نەتەوە و نەتەوەخواز بن. لەم زەمینەیەشدا شتێک روینەدا کە رێگا لەم رەوتە بگرێت. ئەم رەوتەش تەنیا بە دنیای سۆسیالیستدا سنووردار نابێت،چونکە هەرساڵێک لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەندامی نوێ پەیدادەبن و دەوڵەت و نەتەوەی نوێش پەیدابوون)).٤ تەنانەت نەتەوە و دەوڵەتە کۆنەکانیش لە هەلومەرجێکدان کە نەتەوە و دەوڵەتی دیکەیان لێ جیابوونەتەوە و وا دیارە هەرگیز لەم رەوشە نەتەوەییە رزگاریان نابێت. سەردەمی کۆتایی نەتەوایەتی، کە هەندێک جار و هەندێک لایەن بانگەوازیان بۆ دەکرد لەوەناچێ هەرگیز بێتە پێشەوە و ئەم بزاڤ و هەولانە لەناوبچن، تەنانەت ئەگەر بە لاوازیش بێت ناسنامە و نەتەوەکان هەر بەردەوام دەبن لە پاراستن یان هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانەوەی سەروەری و سەربەخۆیی خۆیان. لەراستیدا نەتەوە و نەتەوایەتی بونەتە رەواییەکی جیهانی کە لە ژیانی سیاسی سەردەمی مۆدێرندا هێشتا زیندووە و سەرەرای هەوڵی نەیارانی هەر بەردەوامە و بە رێگاوەیە.

سەرچاوەکان

١. اریک هوبزباوم، الامم و النزعه القومیه، ترجمه عدنان حسین، دار المدی للثقافه و النشر.

٢. دایره المعارف ناسیونالیزم، زیرنظر الکساندر ماتیل، جلد دوم، ص ٥٧٦.

٣. بندیکت اندرسون، جماعت های تصویری، ترجمەی محمد محمدی، نشر رخداد نو، چاپ اول ١٣٩٣، ص١١.

٤. هـ.س.پ. ل ٢٩.

عەبدوڵڵا کۆمەڵە

ڕەگەزە بنچینەییەکانی دەوڵەتی دیموکراسی

ئەبراهام لینکۆڵن دەڵێت، دیموکراسی بریتییە لە (حکومەتی خەڵک، لەلایەن خەڵکەوە، بۆ خەڵک)، دیموکراسی حوکمی خەڵکە. بنەمای سەرەکی ئەوەیە کە خەڵک لە ڕێگەی هەڵبژاردنی شەفاف و ئازادەوە حکومەت هەڵدەبژێرن، لە مێژووی شارستانیەتدا، دیموکراسی زۆر گرنگ بووە بۆ گۆڕینی جیهان لە پێکهاتەی دەسەڵات لەسەر بنەمای پاشایەتی و ئیمپراتۆری و داگیرکردن، بۆ حوکمی جەماوەری، مافی چارەی خۆنووسین و پێکەوەژیانی ئاشتیانە. تاکە سیستەمی حوکمڕانی ناسراو لە جیهاندا کە بەڵێنی چەمکی یەکسانی، ئازادی و دادپەروەری دەدات دیموکراسییە.

ڕەگەزە بنچینەییەکانی دەوڵەتی دیموکراسی

بوونی دەستوور:

هەموو وڵاتێکی دیموکراتی دەستوورێکی نووسراو یان زارەکی هەیە، دەستوور بە سادەیی» کۆمەڵە یاسا و ڕێسایەکی بنەڕەتییە کە دەوڵەت یان کۆمەڵگایەک بەڕێوە دەبات» ئەرکەکانی لقەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری دەوڵەتی دارشتووە و دیارییان دەکات، ماف و ئەرکەکانی حکومەت و خەڵکیش لە دەستووردا دیاری کراون.

سەروەری یاسا:

سەروەری یاسا بریتییە لە سیستەم، ڕێوشوێن، دامەزراوە، نەریت، یان ستاندارێک کە یەکسانی هەموو خەڵک لەبەردەم یاسادا دەپارێزێت، شێوازێکی حوکمڕانی مسۆگەر دەکات کە هەڕەمەکی نەبێت.

بەشداری جەماوەری لە سیاسەتدا:

بەشداری جەماوەری لە سیاسەتدا یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی دیموکراسی، بە سەیرکردنی پێناسەی دیموکراسی کە لەسەرەوە باسکراوە، ئەوە ڕوونە کە هەر سیستەمێک هاوڵاتیان لە بەشداریکردن لە بڕیاردانی سیاسی سارد بکاتەوە دیموکراسی نییە. کەواتە بەشداری فراوان پێکهاتەیەکی بنچینەیی دیموکراسییە.

هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە:

پێویستە هەموو هاوڵاتیانی پێگەیشتووی وڵات مافی دەنگدانیان هەبێت، هەڵبژاردن دەبێت بەتەواوی شەفاف و دادپەروەرانە بێت، هەموو دەنگێک دەبێت بەرز بنرخێنرێت ، هەموو دیموکراسییەک دەبێت ئەم مەرجە جێبەجێ بکات، بۆیە نەک تەنها هەڵبژاردنی ئاسایی بەڵکو هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانەش زۆر گرنگە.

جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان:

بیرۆکەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە سەدەی هەژدەهەم لەلایەن فەیلەسوفانی کۆمەڵایەتی و سیاسی فەڕەنسی چارلز لویس دو سێندات ، بارون دو لا برێد و دو مۆنتسکیو پەرەی سەند. ئەمە مانای ئەوەیە کە دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت نابێت لەسەر یەک کەس چڕبکرێتەوە. لێرەدا لقەکانی حکومەت هاوبەشی بەدەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت دەکەن، واتە (جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری)، یاساکانی دەوڵەت لەلایەن ئەنجومەنی یاسادانانەوە دادەنرێن، دادگا یاساکە لێکدەداتەوە لە کاتێکدا دەسەڵاتی جێبەجێکردن جێبەجێی دەکات. ئەم بەشانە جیا دەکرێنەوە بۆ ئەوەی کارەکانیان تێکەڵ نەبن و ڕێگر نەبن لەبەردەم کاری یەکتردا.

ئازادی کاری حیزبی:

پارتی سیاسی بریتیە لە کۆمەڵێک کەسی هاوبیر کە یەکدەگرن بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، لە سیستەمی دیموکراسیدا دەبێت پارتە سیاسییەکان هەبن، دەبێت تەنها یەک پارت نەبێت، بەڵکو دوو پارتی سیاسی یان زیاتر هەبێت، ئەمە گرەنتی ئەوە دەدات کە

خەڵک بژاردەی جۆراوجۆریان لەبەردەمدایە بۆ هەڵبژاردنیان، لەبەر ئەوەی لە دەوڵەتی تاک حیزبی تەنها یەک پارتی سیاسی هەیە ، ناکرێت بە دەوڵەتی دیموکراتی ناوببرێت، لەم دۆخەدا، خەڵک هیچ هەڵبژاردنێکی ڕاستەقینەی نییە.

دیموکراسییەک ئەگەر دەنگی جەماوەر سەرکوت بکات یان پشتگوێی بخات ئەوا دیموکراسیەکی نادروستە و یەکێک لە بنەما بنچینەییەکانی دیموکراسی پێشێل دەکات. تەنانەت ئەگەر دەنگی جەماوەر ڕەخنە لە پارتی فەرمانڕەواش بێت.

پابەندبوونی حکومەت:

ئەرکی حکومەتی هەڵبژێردراوە کە لە بەرژەوەندی گشتی کار بکات، یاساکان وەکو خۆی جێبەجێ بکات و ڕێز لە دەسەڵاتی داوەری بگرێت، چاودێری دەستەو دەزگا هەڵبژێردراوەکان و تایبەتمەندەکان بەسەر کارەکانیەوە قبوڵ بکات و لەبەرژەوەندی باڵای وولات لانەدات.

یەکسانی لەبەردەم یاسادا:

یەکسانی لەبەردەم یاسادا ئەرکێکی لە پێشینەی هەر دەوڵەتێکی دیموکراسی ڕاستەقینەیە، چونکە هاوڵاتیان مافی یەکسانیان هەیە بۆ دەنگدان و هەڵبژاردن،هەروەها یەکسانن لە ئەرک و مافدا بەبێ جیاوازی ڕەنگ و ڕەگەزو ئینتیمای سیاسی.

نوێنەرایەتی کەمینەکان:

کەمایەتیەکان لە هەموو وڵاتێکی سەر زەوی لەبەر چەند هۆکارێک بوونیان هەیە،

پێدانی مافی هاوولاتیبوونی یەکسان بە هەموو دانیشتووانەکەی یەکێکە لە دیارترین خەسڵەتەکانی دیموکراسی. نابێت کەمایەتیەکان بچەوسێنرێنەوە یان پەراوێز بخرێن و حکومەت دەبێت هەموو هەوڵێک بدات بۆ ئەوەی ئاستی ژیانیان یەکسان بێت. سەرەڕای ئەوەش، هەندێک لە دیموکراسیەکان لە سەرانسەری جیهاندا پۆستی نوێنەرایەتی بۆ گروپە کەمایەتیەکان بە گوێرەی قەبارەی دانیشتووانیان تەرخان دەکەن (کۆتا) لە کاتێکدا پۆستەکانی تر بۆ کێبڕکێ بەجێ دەهێڵن.

مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ:

مافە بنچینەییەکانی مرۆڤیش لایەنێکی زۆر گرنگی دەوڵەتی دیموکراتییە، ئەمانە مافێکی نەگۆڕن کە لە کاتی لەدایک بوونیدا بە هەر هاونیشتیمانیەک دەبەخشرێت، دەبێت مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ لە هەموو دەوڵەتێکی دیموکراسیدا بچەسپێنرێت.

ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی تاکەکەسی:

دیموکراسییەک ئەگەر دەنگی جەماوەر سەرکوت بکات یان پشتگوێی بخات ئەوا دیموکراسیەکی نادروستە و یەکێک لە بنەما بنچینەییەکانی دیموکراسی پێشێل دەکات. تەنانەت ئەگەر دەنگی جەماوەر ڕەخنە لە

پارتی فەرمانڕەواش بێت، دەبێت ڕێگە بدرێت بە ئاشکرا ببیسترێت بۆ ئەوەی تاکەکان بتوانن بەبێ ترس لە تۆڵەسەندنەوە ڕای خۆیان دەرببڕن، بەهەمان شێوە، هاوڵاتیانی وڵاتێکی دیموکراتی دەبێت ئازاد بن لە هەڵسوکەوتکردن بە ئازادی و بەپێی بڕیاری خۆیان، تا ئەو کاتەی هەڕەشە لە یاساکانی وڵات یان هیچ کەسێکی دیکە نەکەن و نەبنە ڕێگر لەبەردەم ئازادی ئەوانی تردا، دەبێت ڕێگەیان پێبدرێت ناڕەزایی خۆیان بۆ هەر شتێک دەرببڕن، چونکە ئەمە تاکە ڕێگەیە بۆ لێپرسینەوە لە سەرکردەکانی حکومەت لە بەرامبەر کردار و سیاسەتەکانیان.

ئازادی ڕۆژنامەگەری:

ڕۆژنامەگەری ڕۆڵێکی گرنگ لە دیموکراسیدا دەگێڕێت، ئازادی ڕۆژنامەگەری تایبەتمەندیەکی سەرەکی تری هەموو ڕژێمە دیموکراسیەکانە، پابەندبوون بەم پرەنسیپە

ڕێگە بە خەڵک دەدات ئازادانە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی (بینراو، بیستراو،چاپکراو و ئۆنلاین) دابمەزرێنن، بۆ ئەوەی بتوانن هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون لەسەر کارەکانی حکومەت بکەن و داوای چاکسازی و خزمەتگوزاری زیاتر بکەن.

حکوومەتی خۆشگوزەرانی:

حکومەتی خۆشگوزەرانی شێوازێکە کە تیایدا دەوڵەت چالاکانە خۆشگوزەرانی ئابووری و کۆمەلایەتی خەڵکەکەی دەپارێزێت و بەرەو پێش دەبات. لەسەر بنەمای بیرۆکەی دەرفەتی یەکسان، دابەشکردنی یەکسانی ئابووری و بەرپرسیاریتی گشتی بۆ ئەو کەسانەی کە ناتوانن بگەنە بچوکترین پێداویستی بۆ ژیانێکی شایستە .

شکۆمەندی تاکەکەسی:

کەرامەتی تاک لەلایەن حوکمڕانی دیموکراسیەوە دەپارێزرێت لە ڕێگەی مافە جۆراوجۆرەکانەوە،وەکو مافی یەکسانی و مافی ئازادی ڕادەربڕین و مافی ژیانێکی شکۆمەندانە.

مافی پێکهێنانی گروپ و کۆمەڵەکان:

لەسایەی دەوڵەتی دیموکراسیدا هەموو کەس و گروپێک ئازادە لە پێکهێنانی ڕێکخراو یان کۆمەڵە و سەندیکای تایبەت بە خۆیان، بە شێوەیەک لەگەڵ بەرژەوەندیە پیشەیی و چینایەتیەکانی خۆیان بگونجێت و بەرگری لە مافەکانیان بکات.

بەرزان عەباس بەدری

وانەیەک بۆ هەموو سەردەم و سەرکردەیەک و باڵادەستێک

هەرگیز وابیرم نەکردووەتەوە کە بڵێم پارە هەموو شتێکە بەڵکو دەڵێم پارە وەسیلە و ئامرازێکە بۆ گەیشتن بەو ئامانج و مەبەستانەی مرۆڤ هەیەتی، کاتێک دەڵێین مرۆڤ ئەوە خۆی لە خۆیدا زۆر ماناو وردەکاری هەڵدەگرێت، بەو پێیەی پێکهاتەی مرۆڤ پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە و هەر کەسە و بە جۆرێک لێکدانەوەی بۆ دەکات و پاساو بۆ لێکدانەوەکەی خۆی دەهێنێت. پێویست ناکات بچینە ناو لێکدانەوەیەکی فەلسەفی و فیکری لەبەر ئەوەی بابەتەکەمان لە لایەکەوە پەیوەندی بە ڕوداوێکی مێژوویی و لە لایەکی ترەوە بابەتی دەسەڵات و پارە و سامان و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەوە هەیە. یەکێک لەو نمونانەی لە مێژووی هاوچەرخ و باشتر وایە بڵێم پێش چەند ساڵێک یەکێک لە سەرمایەدارە بەناوبانگەکانی جیهان لە دوا ڕۆژەکانی ژیانی سەرەڕای ئەو هەموو سامان و سەروەتە زەبەلاحەی هەیبوو، ئاواتە خوازبوو لەشێکی ساغ و تەندروستیەکی باشی هەبێت نەوەک ئەو هەموو سەروەت و سامانە. ئەو سەرمایەدارە (ستیف جۆبز) ی خاوەنی کۆمپانیای (Apple) بوو، ستیف ٥٦ساڵ ژیاو بەهۆی نەخۆشی (شێرپەنجە) وە مرد. لە کۆتا ڕۆژەکانی ژیانی وەک باسمان کرد هەندێک شتی وت، بۆ نمونە

وتی توانیم سەروەت و سامانێکی گەوەرە بەدەست بهێنم، بەلام کاتێک ویستم بەو سامانە زەبەلاحەی هەمە نەخۆشیەکەم چارەسەر بکەم هیچ کەسێک ئامادە نەبوو لە جیاتی من ئەو نەخۆشیە هەڵبگرێت ئەگەر بێت و هەموو سامانەکەمی پێشکەش بکەم. یەکێکی تر لەو قسانەی ستیف جۆبز لە کۆتا ڕۆژەکانی کردوویەتی باس لەوە دەکات (منداڵەکانتان فێربکەن دڵخۆش بن نەک هەموو شتێک بکەن بۆ دەوڵەمەند بوون). زۆرن ئەو وتانەی پێویستە مرۆڤ بە گشتی و دەسەڵاتداران بە تایبەتی پەندی لێوەربگرن، بۆیە پێویستە هەمیشە ئەوەمان لە یاد بێت، ئەو کورسیەی لە کاتی بەرپرسیارێتیدا لەسەری دادەنیشین بە

ئەمانەت و بە وریاییەوە هەڵسوکەوتی لەسەر بکەین و نەهێڵین لوتبەرزی پۆست و پایە خۆمان لە بیربەرێتەوە، لەبەر ئەوەی بەهای مرۆڤی ژیر و خاوەن ئەزمون بەو کورسیە نیە کە لەسەری دانیشتووە، بەهای ڕاستەقینە ئەو بەهایەیە کە هەڵقولاوی خۆشەویستی ناو خەڵکە و هەر لەوێشەوە سەرچاوەی گرتووە. بەو پێیەی سروشتی نوسەری ئەم بابەتە وا هەڵکەوتووە کە حەزی لە بابەت و ڕوداو و بەسەرهات و چیرۆک و ئەفسانە مێژووییەکانە و پێی وایە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، بەڵام هەرجارە بە فۆرمێک و شێوازێک و شێوەیەکی جیاواز. بۆیە پێی باش بوو ئەمجارە یەکێک لەو ڕووداوە مێژووییانە بیری خوێنەران و خاوەن پێگەکان بهێنێتەوە کە لە سات و وەختی خۆیدا وەرچەرخانی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەویش ڕوخانی دەسەلاتی خەلافەتی(عەباس)یەکانە لە ساڵی ١٢٥٨زایینی لەسەر دەستی (هۆلاکۆ)ی نەوەی (جەنگیزخان).

بە جۆرێک بارودۆخی ئەو شارە تێکچوو بوو هەرچی لە کۆشکەکانی خەلیفە هەبوو تالان کراو کەوتە دەست (مەغولەکان)، هەتا ئەو ئاستەی هەرچی ئاڵتون و زیو و کالای گرانبەهای کۆشکەکە وەک (مس و تەنەکە) بە کیلۆ و بە نرخێکی زۆر کەم دەفرۆشرا و زایە دەکرا! بەم شێوەیە و بێ بەزەییانە تەواوی

> هۆلاکۆ بەو ڕەوانبێژییەی پێی ناسراو بوو، خەلیفەی ڕەدوان و ڕایدەکێشایە ناو هەندێک بابەتی جۆراو جۆر و کەشێکی لەباری دروست کرد وەک لای خۆمان لە کوردەواری دەڵێن (دانی بۆ ڕۆ دەکرد) بەڵام خەلیفە هەر دەترسا و هەموو جەستەی لە ترسا دەلەرزی!



ئەو کاڵا نایاب و دانسقانەی کە بە جوانترین شێوە بە درێژایی چەندین سەدە پارێزراو بوون بە تاڵان براو دزران! بۆ نموونە سەدان پارچە قوماش و ئاوریشم و ئاڵتونی (ئێرانی و چینی) و ئەسپی عەرەبی و هێستری میسری و کۆیلەی یۆنانی و حەبەشی بە هەردوو ڕەگەزەکەیانەوە و هەزاران قاڵبە ئاڵتون و زیوی گرانبەها و دانسقە و مرواری و بەردی گرانبەها بە تاڵان بران! ئەم تاڵانکاریە بۆ ماوەی چوار ڕۆژ بەردەوام بوو، دواتر و لە ١٢٥٨/٢/١٤ زایینی بەرامبەر(٩/صفر/٦٥٦) ی کۆچی (هۆلاکۆ) بە زەلیلی خەلیفە (المستعصم بالله) دەبات بۆ کۆشکە گەورە و سەرسوڕهێنەرەکەی، لێرەدا هۆلاکۆ بەو ڕەوانبێژییەی پێی ناسراو بوو، خەلیفەی دەدوان و ڕایدەکێشایە ناو هەندێک بابەتی جۆراو جۆر و کەشێکی لەباری دروست کرد وەک لای خۆمان لە کوردەواری دەڵێن (دانی بۆ ڕۆ دەکرد) بەڵام خەلیفە هەر دەترسا و هەموو جەستەی لە ترسا دەلەرزی! دواتر هۆلاکۆ پێی وت دەرگای گەنجینە و قاسەکان بکەرەوە، لە وەڵامدا خەلیفە پێی دەڵێت کلیلی ئەو شوێنانە لای من نیە و نازانم بەرپرسی گەنجینەکان لە کوێیە! هۆلاکۆ فەرمان دەکات و دەڵێت هەموو قوفڵەکان بشکێنن! کاتێک قوفڵەکان دەشکێنن و دەرگاکان دەکەنەوە زیاتر لە دووهەزار جل و بەرگی گرانبەها و دە هەزار جل و بەرگی شاهانە، واتە ئەو جلانەی تایبەت بوون بە خەلیفە بەدی دەکەن، لە پاڵ ئەمانەشدا هەزاران خشڵی گرانبەها دەستی بەسەردا گیرا، کاتێک هۆلاکۆ ئەو کاڵا نایاب و دانسقانەی بینی ڕاستەوخۆ دابەشی

کرد بەسەر چواردەورەکەی و بێ ئەوەی خۆی گوێ بدات بەو سامانە زەبەلاحەی لە گەنجینەکەدا هەیە! دواتر هۆلاکۆ ئاوڕ دەداتەوە بۆ خەلیفە و پێی دەڵێت .. ئێستا هەموو ئەم موڵک و سامانەت مۆڵکی سەرباز و جەنگاوەر و چواردەورەکەی منە، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە گەنجینە گەورە و تایبەتەکەی خۆتم پشان بدەیت! خەلیفە (المستعصم بالله) بۆ ئەوەی نەکوژرێت بە ترسەوە ئاماژە بۆ شوێنە نهێنی و پڕ لە کالای دانسقە و گرانبەهاکە دەکات! کاتێک دەچنە ژوورەوە هۆلاکۆ بە سەرسوڕمانەوە دەڕوانێتە ئەو دوو (ئەستێل – حەوز)ە گەورەیەی کە پڕە لە قاڵبە ئاڵتون، ئەو دوو ئەستێلەی بە درێژایی سالانی فەرمانڕەوایی خەلیفە عەباسیەکان بە گشتی و (المستعصم بالله) بە تایبەتی لەسەر وێردی نەک خەڵکی (بەغداد) بەڵکو تەواوی ناوچەکە و جیهان بوو. ڕەنگە تاکە خەلیفەی عەباسیەکان کە لە هەندێک سەرچاوەی مێژوو بە شێوەیەکی ئەرێنی باسی سەردەمەکەی کرا بێت سەردەمی (منصور المستنصر باللە) یە، کاتێک بۆ یەکەمجار دەچێتە ژوورە و ئەو هەموو سەروەت وسامانە دەبینێت ... هاوار دەکات و دەڵێت ... (ألاهي أمنحني النعمة لأتمكن من افراغ هذين الوعائين أثناء حكمي). لەو کاتەدا بەرپرسی گەنجینەکە زەردەخەنەیەک دەکات و دەڵێت... جەنابی خەلیفە بۆچی وا دەڵێیت؟ ئایا ئەزانیت کاتێک باپیرت سەردانی ئەم شوێنەی دەکرد



چـی دەوت؟.. نـزای دەکـرد و دەپاڕایـەوە و ڕوی لـە ئاسـمان دەکـرد و دەیـوت.. خودایـە دەسـەڵاتەکەم هێندە فراوان بکەیت بۆ ئەوەی بتوانـم ئـەم دوو ئەسـتێلە پڕبکـەم لـە زێڕ و زیـو و کاڵای گرانبەهـا! بـەڵام بیرکردنـەوەی تۆ تـەواو جیـاوازە.

(منصـور المسـتنصر باللـە) توانـی لـە ڕێگـەی ئـەو سـەروەت و سـامانەی بۆی بە جێمابـوو بـەردی بناغـەی چەندیـن ناوەنـدی ئەکادیمـی و زانسـتی فرەچەشـن و بناغـەی چەندیـن پـڕۆژەی سـتراتیژی دابنێـت و نـاوی بـە نەمری بمێنێتـەوە. لـە گرنگترین ئـەو ناوەنـدە ئەکادیمیانـەی کردیـەوە (المسـتنصریە) یـە یاخـود (دایکـی قوتابخانـەکان) بـوو!

بـا بگەڕێینـەوە بـۆ سـەر باسـی خەلیفـە (المسـتعصم باللـە).. دوای ئـەوەی بـۆ ماوەیـەک خەلیفـە هـەر لەنـاو کۆشـکەکەی لـە لایـەن (هۆلاکۆ)وە دەستبەسـەر دەبێـت، دوای ئـەوەی دەزانێـت برسـیەتی ڕۆژێکیـان وەک سـووکایەتی پێکردن یەکێک لـەو قاپانـەی بە ئاڵتون دروسـت کراوە پڕی دەکات لە ئاڵتونی تـواوە و بـە پاسـەوانێکی دەڵێـت بـۆی بـەرن بـا کەمێـک لـەم ئاڵتونـە بخـوات! لـە سـەرەتادا خەلیفـە وا دەزانێـت خواردنیـان بـۆ هێنـاوە، کاتێک دەبینێـت پـڕە لـە ئاڵتـون، دەڵێـت ئـەی کوا خواردنەکـە؟ خواردنم بۆ بێنن ئاخر کوا ئاڵتـون دەخورێـت؟! لـە وەڵامـدا پاسـەوانەکە

پێی دەڵێت ... ئەگەر ئەزانیت ئاڵتون ناخورێت ئەی بۆچی ئەو هەموو ئاڵتون و سامانەت بۆ خەڵکەکەت و سوپاکەت خەرج نەکرد؟! هیچ نەبوایە ئێستا کەمێک بەرگریان لێدەکردیت، یان ئەگەر هیچ نەبێت وەک کارتی فشار بەکارت بهێنایە بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ ئێمە! وەک دوترێت پاش چی دوای ئەوەی کار لەکار ترازا ، ئەگەر لەو کاتەدا (مستعصم) پەشیمانیش بوبێت هیچ شتێک دادی نادات! بەم شێوەیە خەلیفە لە نێوان برسێتی و ئازاری ویژدان و خەفەتێکی زۆرەوە هەتا بەرەبەیان مایەوە. لەکاتی خۆرهەڵاتنیشدا ئەم پەیڤەی لەگەڵ خۆیدا وتەوە.[3] **(یا الاهي.. مالك كل القوة، تعطيها من تشاء وتأخذ ممن تشاء، ترفع وتذل من تشاء في يديك الخير كله، وأنت على كل شيء قدير)**!!

دواتر (هۆلاکۆ) لیژنەیەک پێکدەهێنێت بۆ دیاری کردنی چارەنوسی خەلیفە و لە کۆتاییدا و دوای ڕاوێژ و ئاڵوگۆڕی بیروڕا بە کۆی دەنگ بڕیار دەدەن خەلیفە لە سێدارە بدرێت! پاساویان بۆ بڕیارەکەیان ئەوە دەبێت... ئەگەر بێت و خەلیفە بە زیندوویی بمێنێتەوە ئەوا لایەنگرەکانی ئاستەنگیان بۆ دروست دەکەن و ئەو بەرنامەیەی دایانناوە تێک دەچێت، بۆیە بۆ دوور کەوتنەوە لەو سەرئێشیە باشترین ڕێگە کۆتایی هێنانە بە ژیانی خەلیفە بۆ ئەوەی ببیت بە پەند بۆ هاوشێوەکانی! دوای

> هۆلاکۆ دەڵێت نابێت خەلیفە وەک هەر تاوانبارێکی ئاسایی بکوژرێت بەڵکو دەبێت بە شێوەیەک بێت هەرگیز خەڵک لە بیری نەکات و دەماودەم بۆ نەوەکانی داهاتوو بگوازرێتەوە

پێشنیاری لیژنەکە (هۆلاکۆ) فەرمانی لە سێدارەدانی خەلیفە دەردەکات.
ئەوەی لێرەدا پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکەین شێوازی کوشتنی خەلیفەیە، هۆلاکۆ دەڵێت نابێت وەک هەر تاوانبارێکی ئاسایی بکوژرێت بەڵکو دەبێت بە شێوەیەک بێت هەرگیز خەڵک لە بیری نەکات و دەماودەم بۆ نەوەکانی داهاتوو بگوازرێتەوە.
هەربۆیە هۆلاکۆ فەرمان دەکات خەلیفە لە پارچە قوماشێکی ئەستوور بپێچنەوە و بە هەموو شێوەیەک و بێ بەزەییانە هەتا مردن لێی بدەن. ئامانجی هۆلاکۆ ئەوەیە کە خەلیفە هەتا دوا هەناسە هەست بە ئازار و زەلیلی بکات و هەر واش بوو بەو ئازارەوە ناڵانی و گیانی دەرچوو !
هەر لەسەر ئەم بابەتە لە هەندێک سەرچاوەی مێژوویی باس لە چەندین شێوازی کوشتن کراوە کە بەسەر هەندێک لە سوڵتانە عوسمانیەکانی هاوشێوەی (مستعصم) هاتووە، دوای ئەوەی تۆمەتەکانیان بەسەردا ساغ بووەتەوە ئەو کەسەی بەرپرس بووە لە جێبەجێکردنی فەرمانی کوشتنی سوڵتانەکە، هەتا هێزی تێدا بووە بەو پەڕی توندی و بێ بەزەییانە بە شێوەیەکی بەردەوام ئازاریان بە ئەندامی زاوو زێی سوڵتانەکەی گەیاندووە هەتا ئەو کاتەی گیانی دەرچووە و مردووە!
ئایا هەتا چەند دەسەڵاتداران و فەرمانڕەواکان سودیان لەو چیرۆکانە بینیوە یاخود پێویستە سوودی لێوەربگرن، ئەوەیان بابەتێکە بە بۆچونی ئێمە دەبێت چەندین توێژینەوەی لەسەر بکرێت (بەڵکو) ئەگەر کۆتایش نەیەت هیچ نەبێت پەندی لێوەربگیرێت... ئایا پەندی لێوەردەگرن؟!! ئەمە ئەو پرسیارەیە بۆ ئەبەد بێ وەڵام دەمێنێتەوە، لەبەر یەک هۆکاری بچووک... ئەویش ئەوەیە هەر فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدارێک بە جۆرێک لە جۆرەکان پاساو بۆ خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەکە دەهێنێتەوە! بەڵێ بە بۆچونی ئێمە چیرۆکی (مستعصم باللە) ڕوداوێک و چیرۆکێکە بۆ هەموو سەردەمەکان و بە دڵنیاییەوە ڕوداوی گەورەتر و کاریگەرتری مێژوویی هاوشێوەی هەیە و دەبێت، بەڵام هەر ڕوداوێک تایبەتمەندی و فۆرمێک و شێوەیەکی تایبەت بە خۆی دەبێت، گومانی تێدا نیە ئەمەشیان بە پێی سەردەمەکان باس و خواس و چیرۆک و لێکدانەوەی جیا جیا بەدوای خۆیدا دەهێنێت.



ئیدریس جەبار

ئەو چوار ساڵەی جیهان دەهەژێنێت

لە چوار ساڵی داهاتوودا، ڕەنگە هەندێک ناوچەی جیهان خامۆشی و ئارامی بەخۆوە ببینێت، لە هەندێک ناوچەی تر ڕەوشەکە ئاڵۆزتر دەبێت و پێدەچێت لە چاوەڕوانی گۆڕانکاریی گەورەدا بێت، خۆرهەڵاتی ئەورووپا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە چەقی ئەو ناوچانەی جیهاندان کە لە سەردەمی ئیدارەی نوێی ئەمریکادا گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و سیمای سیاسەتێکی جیاوازییان پێوە دەردەکەوێت.

دۆناڵد ترەمپ

ترەمپ و سەردەمێکی نوێ

دۆناڵد ترەمپ،وەک چل و حەوتەمین سەرۆکی ئەمریکا لەگەڵ دستبەکاربوونی لە کۆشکی سپی لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٥، سەردەمێکی تر لە سیاسەتی ئەمریکایی دەهێنێتەئارا و گۆڕانکارییەکی وەها بەسەر جیهاندا دەهێنێت کە پێدەچێت ریشەیی و ناچاوەڕوان کراوبێت.

زۆرێک لە سیاسەتوانان و شرۆڤەکاران لەگەڵ ئەو دید و بۆچوونەدان کە ترەمپ بەرگی سیاسەتێکی گورجوگۆڵتر و بەهێزتر بە باڵای ئەمریکادا دەدورێت و سیمای سیاسەتی سەرەکیترین زلهێزی جیهانیش، جیاوازیی زۆری لەگەڵ سەردەمی پێشووی ئیدارەکەی جۆو بایدن-دا دەبێت.

چوار ساڵی داهاتووی ماوەی سەرۆکایەتی ترەمپ، پێدەچێت ئەو چوار ساڵە بێت کە جیهان بهەژێنێت و رووداوی گرنگ و چارەنووسساز لە هەندێک ناوچەی گێتیدا بهێنێتە گۆڕێ.

گەر بە گوێرەی بەڵێنەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن بێت، راگرتنی جەنگ و ئاشتی و سەقامگیریی لە چەند ناوچەیەکی جیهاندا بەرقەرار دەکات و لەبەرامبەر هەندێک سیاسەتیشدا لێبوردە نابێت و بە دەستێکی پۆڵایینەوە مامەڵە دەکات و هەڵوێستی یەکلاکەرەوەی دەبێت.

سیاسەتی ناوخۆیی

سیاسەتی ناوخۆیی ئەمریکا لە سەردەمی ترەمپ، رەنگە گۆڕانکاریی ریشەیی بەخۆوەببینێت، بەو پێیەی باریی نائاسایی لەسەر سنوورەکان رادەگەیەنرێت و هێزە ئەمنییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەشێوەیەکی چڕ لە ناوچە سنوورییەکان جێگیر دەکرێن، بە تایبەت لەسەر سنوورەکانی مەکسیک کە ساڵانە شەپۆلی کۆچبەران بۆ نێو ئەمریکا بەخۆوەدەبینن.

ئەمریکا لەماوەی چوار ساڵی داهاتوودا، رەنگە بەشێوەیەکی بەرچاو ئەو کەلێنانە بگرێت کە لێوەی کۆچبەران روو لە وڵاتەکەی دەکەن و پێدەچێت مافی مانەوە و بەخشینی رەگەزنامەی وڵاتەکەش بە بیانییەکان کەمبکاتەوە و بەشێکی زۆریش لەو کۆچبەرانە دیپۆرتبکاتەوە کە بە رێگەی نایاسایی چوونەتە ئەمریکا.

سیاسەتی نێوخۆیی ئەمریکا لە ماوەی چوار ساڵی رابردوو، بەراورد بە ماوەی پێشووی سەرۆکایەتی جۆو بایدن، تەواو جیاواز دەبێت و رەنگە وەرچەرخانێکی گەورەش لەو بوارەدا بەخۆوەببینێت، چونکە ئیدارەی نوێ، زیاتر جەخت لەسەر کاروبارە ناوخۆییەکان و باشترکردنی ئەو کەرتانە دەکاتەوە کە پەیوەندییان بە ژیانی ئەمریکاییەکان و گەشەکردن و بوژانەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە هەیە.



تەئکیدکردنەوە لەسەر پەرەپێدانی سیاسەتی نێوخۆیی، لە ماوەی سەرۆکایەتی یەکەمی ترەمپ (٢٠١٧-٢٠٢١) و لەم ماوەیەشدا کە تا ٢٠٢٩ درێژەدەکێشێت، لە نێوەخن و کرۆکی

ئەو سیاسەتانەیە کە تیمەکەی ترەمپ کاری لەسەر دەکات و هەوڵ بۆ بەرەوپێشبردنی دەبات.

سیاسەتی دەرەوە

دیدی ترەمپ لە بواری سیاسەتی دەرەوە، پشت بە پرەنسیپی «ئاشتی لەڕێی هێز» دەبەستێت کە ئامانج لێی ڕێگرتنە لە بەرپابوونی سێیەمین جەنگی جیهان، و گێڕانەوەی ئاشتییە بۆ ئەوروپا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، و بەدوورگرتنی ویلایەتە یەکگرتووەکانە لە هەر هێرشێکی دووژمنکارانە، ئەمەش لەڕێی ئەم خاڵانەوە دەهێنرێتەدی:-

١-بەرزڕاگرتنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی ئەمریکا.

٢-نوێکردنەوەی سوپا ئەمریکا، تا وەک بەهێزترین سوپا لە جیهاندا بمێنێتەوە.

٣-زامنکردنی پابەندییەکانی هاوپەیمانان بە بوارەکانی بەرگری هاوبەش.

٤-پتەوکردنی توانا ئابووریی و سەربازیی و دیپلۆماسییەکان لەپێناو پاراستنی ژیانی ئەمریکایی.

٥-پاراستن و پارێزگاریکردن لە سنوورەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان.

٦-زیندووکردنەوەی بنکە پیشەسازییەکانی ئەمریکا بۆ زامنکردنی دۆزینەوەی هەلی کاری نوێ بۆ ئەمریکاییەکان، لەگەڵ بایەخدانی زیاتر بە پیشەسازییە بەرگرییەکان.

> تائەندازەیەکی زۆر پێشبینی دەکرێت سیاسەتی ترەمپ بەرامبەر بە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، درێژکراوەی سیاسەتی ماوەی سەرۆکایەتی یەکەمی بێت کە بەشێوەیەکی ڕەها پشتیوانی لە ئیسرائیل دەکرد و سزای توندی بەسەر ئێراندا دەسەپاندن.

٧-پاراستنی ژێرخانی ئەمریکایی لە هێرشە سیبرانییە دووژمنکارییەکان.

ئەم پرەنسیپانە بە کۆمەڵێک مەترسی بۆ هاوپەیمانانی ویلایەتە یەکگرتووەکان دادەنرێن، بە تایبەت سەبارەت بە هەڵوێستە نەرێنییەکانی ترەمپ لە کاریی نێودەوڵەتی فرەلایەن، و دژایەتیکردنی بۆ رێکەوتنە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان، و هەوڵەکانی بۆ هەڵوەشاندنەوەیان و سەرسامبوونی بە سیستم و سەرکردە خۆسەپێن و سەرکوتکارەکان.

بە هەمان شێوە، نەبوونی بەراوردێکی گونجاو لە سیاسەتەکانی دەرەوە و پێشبینی نەکردنی بڕیارەکانی و کۆبوونەوەی ژمارەیەک لە راوێژکارە توندڕەوەکان، و خواستی بۆ بەراوردکردنی سیاسەتی دەرەوە بە گرێبەستە بازرگانییەکان، مەترسی گەورەن بۆ پاشەکشەکردنی رۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە جیهان.

هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوەکانی نەزمی نێودەوڵەتی، بە جۆرێک کە خزمەت بە ئامانجەکانی رووسیا و چین نەکات،لەگەڵ هەوڵدان بۆ بایەخدان بە بنەماکانی هاوپەیمانی خۆرئاوایی، بە تایبەتیش لەگەڵ دەربڕینی گومانەکانی ترەمپ لەبارەی گرنگی هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی «ناتۆ» و کاریگەرییەکانی و رێکەوتن و بەڵێننامە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ هاوپەیمانان و هاوبەشەکان، چەند مەترسییەکی تری گەورەن بەرامبەر بە سیاسەتەکانی ئایندەی کاریی ئیدارەی نوێی ئەمریکا.

خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

هەرچەندە ترەمپ بەردەوام داوای کۆتایی هاتنی جەنگی کردووە لە کەرتی غەززە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئیسرائیل شەڕی پەیوەندییە گشتییەکان دەدۆڕێنێت و خۆی بەو تاکە کەسە لەقەڵەمداوە کە دەتوانێت کۆتایی بەو جەنگە بهێنێت،

لەبەرامبەردا ڕەخنەی لەو پێوەندانەش گرتووە کە بە وتەی خۆی لەلایەن ئیدارەکەی جۆو بایدنەوە سەپێنرابوون لەڕووی مافی ئیسرائیل لە سەرکەوتن لە جەنگ بەسەر تیرۆر، ئەمەش بنیامین نەتانیاهۆ سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیلی هانداوە، ئەرکەکە تەواو بکات و بزوتنەوەی مقاوەمەی ئیسلامی «حەماس» لەبەریەک هەڵبوەشێنێتەوە.
تائەندازەیەکی زۆر پێشبینی دەکرێت سیاسەتی ترەمپ بەرامبەر بە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، درێژکراوەی سیاسەتی ماوەی سەرۆکایەتی

یەکەمی بێت کە بەشێوەیەکی ڕەها پشتیوانی لە ئیسرائیل دەکرد و سزای توندی بەسەر ئێراندا دەسەپاندن.
ترەمپ لە ماوەی یەکەمی سەرۆکایەتیدا، لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران پاشەکشەی کرد کە پێشتر لەسەردەمی ئیدارەی باراک ئۆباما لە ساڵی ٢٠١٥ ئیمزاکرا و لەو ڕووەوە سیاسەتی «سەپاندنی توندترین سزا»ی پیادەکرد، وێڕای دانان بە قودس وەک پایتەختی ئیسرائیل و گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا بۆ شارەکە، لەگەڵ داخستنی نوسینگەی نێردەی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازیی فەلەستینی لە واشنتن و بڕینی پارەی ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان

> ئەوروپاییەکان لەوە دەترسن، ترەمپ ئۆکراینا ناچار بکات، سازش لەسەر بەشێك لە خاکەکەی بکات بۆ ڕووسیا و ڕێگەش نەدا ئۆکراینا لە ناتۆ ببێتە ئەندام، ئەمەش لە چوارچێوەی گرێبەستێك کە پێشتر چەندان جار لەلایەن ترەمپەوە ئاماژەی پێکراوە.

بۆ فریاگوزاریی و بەگەڕخستنی پەنابەرانی فەلەستینی لە خۆرهەڵاتی نزیک «ئۆنروا».
وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە سەردەمی ترەمپ، پاشەکشەی لە هەڵوێستی تەقلیدی خۆی کرد لەڕووی ئەژمارکردنی جولەکەنیشنەکان لە کەناری خۆرئاوا بە ناشەرعی و ئاستەنگ لەبەردەم ئاشتی، ئیدارەکەی دانی نا بە سیادەی ئیسرائیلی بەسەر جۆلانی داگیرکراودا و تا ئەندازەیەکی زۆریش هەوڵی بۆ پەراوێزخستنی پرسی فەلەستینی خستەگەڕ لەڕێی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی عەرەب- ئیسرائیل کە پێچەوانەی رێکەوتنەکانی ئیبراهیمییە و پێشتر لەلایەن هەریەک لە وڵاتانی ئیمارات و بەحرێن و مەغریبەوە لەگەڵ ئیسرائیل ئیمزاکرابوون، بە هەمان شێوە هەوڵیدا پلانی ناسراو بە «ئاشتی لەپێناو گەشەکردن» بەسەر دەسەڵاتی فەلەستینیدا بسەپێنێت، بۆ سڕینەوەی پاشماوەی مافی فەلەستینییەکان.
یەکێک لە دەستەواژە دیارەکانی هەڵوێستی ترەمپ بەرامبەر بە پرسی فەلەستین، کاندیدکردنی مایک هاکابی قەشەی ئینجیلی بوو بۆ پۆستی باڵیوزی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئیسرائیل.
هاکابی بەوە ناسراوە، بوونی گەلی فەلەستین رەتدەکاتەوە و بڕواشی وایە کەناری خۆرئاوا پێویستە بە ناوە عیبرییەکەی «یەهودا و سامرە» بناسرێت و بکرێتە بەشێک لە دەوڵەتی ئیسرائیل.
سەرەڕای کاندیدکردنی ئیلیز ستیڤانیک بۆ پۆستی باڵیوزی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان، و کاندیدکردنی ستیڤن ویتکۆف بۆ پۆستی نێردەی تایبەت بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە جولەکەیە و یەکێکە لە جەمسەرەکانی خاوەن خانووبەرە لە نیویۆرک و ئەڵقەی بەیەکەوە گرێدانی نێوان ترەمپ و کۆمەڵگەی جولەکەی ئەمریکایە.

جەنگی ئۆکراینا

هاوپەیمانە ئەوروپاییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان ترسی ئەوەیان هەیە، ترەمپ لەبەرامبەر رووسیادا پشتیان تێبکات و هەوڵ بۆ بەستنی بەڵێننامەیەک بدات لەگەڵ ڤلایمێر پۆتین سەرۆکی رووسیا، لەسەر حیسابی ئۆکراینا، بەو پێیەی پێشتر ترەمپ بەپێویستی زانی بوو کە نەدەبوو هەرگیز ڤۆلۆدیمێر زیلینسکی سەرۆکی ئۆکراینا، رێگە بدات جەنگ بەرپابێت و وەک گەورەترین فرۆشیاریش وەسفیکردبوو.
ئەوروپاییەکان لەوە دەترسن، ترەمپ ئۆکراینا ناچار بکات، سازش لەسەر بەشێک لە خاکەکەی بکات بۆ رووسیا و رێگەش نەدا ئۆکراینا لە ناتۆ ببێتە ئەندام، ئەمەش لە

چوارچێوەی گرێبەستێک کە پێشتر چەندان جار لەلایەن ترەمپەوە ئاماژەی پێکراوە.

ترەمپ بەپێویستی دەزانێت لە جەنگی ئۆکراینادا ئەوروپاییەکان ئەرکی گەورە لەستۆبگرن لەڕووی بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەی رووسی بۆسەر کیشوەرەکەیان و لە هەمان کاتدا وایدەبینێت، پشتیوانی گەورەی ئەمریکا لە ئۆکراینا، زیان بە هاوسەنگی هێز دەگەیەنێت لەگەڵ رووسیا و دەگاتە ئەو ئاستەی رووسیا ناچار ببێت چەکی ئەتۆمی بەکاربهێنێت، ئەمەش ئەمریکا و جیهان بەرەو سێیەمین جەنگی جیهانی پەلکێش دەکات.

هەروەها بوونی کۆمەڵێک راوێژکاری نەیاری ئۆکراینا لە دەوروبەری ترەمپ بوونەتە مایەی ترسی ئەوروپاییەکان، بەو پێیەی هەندێکیان خواستی ئەوەیان هەیە لێکنزیکبوونەوە لەنێوان ترەمپ و پۆتین دروستببێت، وەک تۆڵسی گابارد.

پێدەچێت لێدوانەکانی ئەم دواییەی زیلینسکی سەبارەت بەوەی «هەموو توانایەکی دەخاتەگەڕ بۆ کۆتایی هێنان بە جەنگ لەگەڵ رووسیا لە ماوەی ئەم ساڵدا، و جەنگ بەشێوەیەکی خێراتر لە سایەی سەرۆک ترەمپدا کۆتایی دێت»، دانپێدانانێک بێت بۆ شکستخواردنی هەوڵەکانی لەڕووی پارێزگاریکردن لە سیاسەتەکانی ئیدارەکەی ترەمپ بۆ پشتیوانی لە وڵاتەکەی.



رێکاف عەلی محەمەد

دادوەری دیجیتاڵی

پێناسەی دادوەری دیجیتاڵی:

دادوەری دیجیتاڵی ئاماژە بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی دەکات، لەوانە زیرەکی دەستکرد (AI)، فێربوونی مەشین واتە (Machine Learning) و بلاک چەین و ئامرازە پێشکەوتووەکانی تر، بۆ بەرزکردنەوەی کارایی، دادپەروەری و دەستگەیشتن بە سیستەمەکانی دادوەری، ئۆتۆماتیکی کردنی ڕێ و شوێنە یاساییەکان، دیجیتاڵکردنی بەڵگەکان و بەکارهێنانی AI بۆ یارمەتیدان یان تەنانەت جێگرتنەوەی ڕۆڵە تەقلیدییەکان لە پرۆسەی دادوەریدا دەگرێتەوە، ئامانجی سەرەکی دادپەروەری دیجیتاڵی زاڵبوونە بەسەر ئاستەنگەکانی دواخستن، لایەنگیری، گەندەڵی و ناکارایی لە سیستەمە یاساییە تەقلیدییەکاندا، دەستەبەرکردنی پرۆسەیەکی شەفاف و دادپەروەرانەتر.

ئایا دەکرێ زیرەکی دەستکرد ببێتە دادوەر؟

زیرەکی دەستکرد توانای ئەوەی هەیە وەک دادوەر کار بکات لە ڕێگای شیکردنەوەی بەڵگەکان، جێبەجێکردنی پێشینەی یاسایی و دەرکردنی بڕیار لەسەر بنەمای چوارچێوەی یاسایی دامەزراو، سیستەمەکانی AI لە مامەڵەکردن لەگەڵ

بڕێکی زۆر داتا و بڕیاردان بە خێرایی و وردی و لابردنی لایەنگری مرۆڤ وەک کاریگەری سۆزداری یان لایەنگری نایاب.

بۆ نموونە:

١- سیستمەکانی AI پێشتر لە شیکاریی پێشبینیکەردا بەکاردەهێنران بۆ هەڵسەنگاندنی دەرئەنجامەکانی کەیس.

٢- وڵاتانی وەک چین «دادگای زیرەک» بە AI جێبەجێ دەکەن کە ناکۆکییە بچووکەکان بە دیجیتاڵی چارەسەر دەکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا، ڕۆڵی AI وەک دادوەر بێ سنوور نییە! بەڵکو توانای لێکدانەوەی هەستە جیاوازەکانی مرۆڤ و چوارچێوەی کەلتووری و ڕەچاوکردنی ئەخلاقی وەک تەحەدایەک بۆ ئامێرەکان دەمێنێتەوە و جێگەی بڕیاری مرۆڤ بە تەواوی بۆ ئەوان قورس دەکات.

> سیستەمەکانی AI لەوانەیە لایەنگری لەو داتایانەی کە لەسەری ڕاهێنراون بە میرات بمێننەوە، لە ئەنجامدا بڕیاری نادادپەروەرانە لێدەکەوێتەوە.

ئایا دادوەری دیجیتاڵی دەتوانێت جێگەی دادوەری ڕاستەقینە بگرێتەوە؟

لە کاتێکدا AI دەتوانێت تەواوکەری پرۆسەی دادوەری بێت، بەڵام پێناچێت لە داهاتوویەکی نزیکدا جێگەی دادوەری

مرۆڤ بگرێتەوە. لەبەر ئەم هۆکارانە:

١- خاڵە بەهێزەکانی دادوەری دیجیتاڵ:

• خێرایی: AI دەتوانێت بەڵگە و پێشینەکان لە چەند چرکەیەکدا شیبکاتەوە.

• گونجان: بڕیاری هاوشێوە دەدات، دوور لە لایەنگری سۆزداری و کەسیی.

• کاریگەری تێچوون: سیستەمە ئۆتۆماتیکییەکان بارگرانی سەر دادگاکان کەم دەکەنەوە و دادپەروەری بۆ خەڵکێکی زیاتر ئاسان دەکات.

٢- سنووردارییەکانی دادوەری دیجیتاڵی:

• نەبوونی هاوسۆزی: دادوەری دیجیتاڵی ناتوانێت لە ڕەهەندە سۆزداری و دەروونییەکانی کەیسێک تێبگات.

• نیگەرانی ئەخلاقی: بڕیارەکانی AI لەوانەیە شەفافییەتی تەواوی نەبێت و پرسیار دەربارەی بەرپرسیارێتی دروست بکات.

• لایەنگری پرۆگرامکردن: سیستەمەکانی AI لەوانەیە لایەنگری لەو داتایانەی کە لەسەری ڕاهێنراون بە میرات بمێننەوە، لە ئەنجامدا بڕیاری نادادپەروەرانە لێدەکەوێتەوە.

شێوازی تێکەڵە، کە تێیدا AI یارمەتی دادوەرانی مرۆڤ دەدات بە پێشکەشکردنی ڕاسپاردە وشیکردنەوە و کرداریترین و ئەخلاقیترین چارەسەرە.

ڕۆڵی دادپەروەری دیجیتاڵی لە چارەسەرکردنی کەیسەکاندا چییە؟

دادپەروەری دیجیتاڵی ڕۆڵی گواستنەوە لە سیستەمە یاساییە مۆدێرنەکاندا دەگێڕێت:

• کەمکردنەوەی کەڵەکەبووی کەیس: بە ئۆتۆماتیکی کردنی ئەرکەکانی ڕۆتینی وەک پۆلێنکردنی کەیس، پێداچوونەوە بە

بەڵگەنامەکان و شیکردنەوەی بەڵگەکان، سیستەمە دیجیتاڵییەکان یارمەتی دادگاکان دەدەن خێراتر مامەڵە لەگەڵ کەیسەکان بکەن.

• پەرەپێدانی توانای دەستگەیشتن: پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان ڕێگە بە خەڵک دەدەن سکاڵا تۆمار بکەن، ئامادەی دانیشتنی مەجازی بن و دەستگەیشتن بە زانیاری یاسایی لە ناوچە دوورە دەستەکان ئاسان دەکەن.

• زیادکردنی شەفافیەت: تەکنەلۆژیای بلاک چەین دڵنیایی دەدات کە بەڵگە و تۆمارەکانی دادگا دژە دەستکاری کردنن، متمانە بە سیستەمی یاسایی بەهێز دەکات.

• باشترکردنی دروستی: سیستەمەکانی AI داتا بە شێوەیەکی بابەتیانە شیدەکەنەوە، کەمکردنەوەی هەڵەکان کە بەهۆی ماندووبوون یان چاودێری مرۆڤەوە دروست دەبن.

بۆ نموونە:

ئامرازەکانی AI لە دادوەری تاواندا بەکاردەهێنرێن بۆ پێشبینیکردنی ڕێژەی گەڕانەوە بۆ تاوان، یارمەتیدانی دادوەران لە بڕیاردانی سزادان، بەهەمان شێوە سیستەمە دیجیتاڵییەکان لە ناوبژیکردن و چارەسەرکردنی ناکۆکیەکاندا بەکاردەهێنرێن، بەتایبەتی لە کەیسی بازرگانی و مەدەنیدا.

ئایا سیستەمەکانی زیرەکی دەستکرد هەڕەشەن لە داهاتوودا؟

سەرهەڵدانی AI لە سیستەمی دادوەریدا هەم دەرفەت و هەم ئاستەنگ دەخاتەڕوو.

-هەڕەشە شاراوەکان :

١- لایەنگری و جیاکاری: ئەگەر سیستەمەکانی AI لەسەر داتای لایەنگری ڕابهێنرێن، لەوانەیە نادادپەروەری سیستماتیک بهێڵنەوە.

٢- لەدەستدانی چاودێری مرۆڤ: زۆر پشت بەستن بە AI لەوانەیە ببێتە هۆی کێشەی بێ کاری و ببێتە هۆی کەم بوونەوەی هەلی کار.

٣- مەترسیەکانی تایبەتمەندی: کۆکردنەوە و هەڵگرتنی بەڵگەی دیجیتاڵی لەوانەیە تایبەتمەندی کەسی بخاتە مەترسییەوە.

٤- خراپ بەکارهێنانی تاکڕەوی: لە ڕژێمە دیکتاتۆرەکاندا، AI دەتوانرێت بۆ سەپاندنی یاسای نادادپەروەرانە یان سەرکوتکردنی ناڕەزایی بەکار بهێنرێت.

ستراتیجیەکانی هێورکردنەوە:

١- ئەلگۆریتمی شەفاف و پێداچوونەوە ئاساییەکان دەتوانن دادپەروەری مسۆگەر بکەن.

٢- پێویستە حکومەتەکان چوارچێوەی یاسایی دابمەزرێنن بۆ ڕێکخستنی ڕۆڵی AI لە سیستەمی دادوەری.

٣- هاوکاری نێوان تەکنەلۆژیاکان و شارەزایانی یاسایی گرنگە بۆ ڕێکخستنی AI لەگەڵ بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیەکان.

ئایا دادوەری دیجیتاڵی دەتوانێت ببێتە هۆی گۆڕینی یاسا بنەڕەتیەکان و خۆی یاسای نوێ بنووسێتەوە؟

دادوەری دیجیتاڵی وەک چەمکێک توانای کاریگەری لەسەر سیستەمی یاسایی هەیە و گۆڕانکاری لە یاساکاندا هەیە، بەڵام بەبێ چاودێری مرۆڤ و پرۆسەی یاسایی ناتوانێت یاسا بنچینەییەکان بنووسێتەوە، لەبەر ئەم هۆکارانە:

- کاریگەری لەسەر سیستەمە یاساییەکان: دادپەروەری دیجیتاڵی، کە بە زیرەکی دەستکرد (AI) و تەکنەلۆژیاکانی تر بەهێز

دەکرێت، دەتوانێت پرۆسەی یاسایی ئاسان بکات، بڕیاردانی شەفافتر مسۆگەر بکات، و بینایی لەسەر بنەمای کۆمەڵە داتای گەورە پێشکەش بکات، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە دیاریکردنی کەلێن و ناگونجانی یاساکانی ئێستا و پێشنیارکردنی بوارەکان بۆ چاکسازی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم گۆڕانکارییانە پێویستە لەلایەن یاسادانەران و دامەزراوە یاساییەکانەوە دەستپێشخەر و پەسەند بکرێن، چونکە ئەوان بەرپرسن لە داڕشتن، هەمووارکردن و تێپەڕاندنی یاساکان.

زیرەکی دەستکرد توانایەکی گەورە بۆ باشترکردنی کارایی و دادپەروەری پێشکەش دەکات، بەڵام ناتوانێت بە تەواوی جێگەی هاوسۆزی، عەقڵییەتی ئەخلاقی و تێگەیشتنی ناوەڕۆکی دادوەرانی مرۆڤ بگرێتەوە.

- ڕەچاوکردنی یاسایی و ئەخلاقی: یاسا بنچینەییەکان بە شێوەیەکی ئاسایی بە قووڵی لە بەها کۆمەڵایەتیەکان و چوارچێوە مێژووییەکان و بنەما ئەخلاقییەکاندا ڕەگی داکوتاوە، لە کاتێکدا AI دەتوانێت داتا چارەسەر بکات و شێوازەکان بدۆزێتەوە، بەڵام بڕیاری مرۆڤی پێویستە بۆ گەڕان بەم ناوچە ئاڵۆزانە کە زۆرجار بە ڕەچاوکردنی فەلسەفی، ئەخلاقی و کەلتووری شێوە دەدرێن کە لە شیکردنەوەی داتا تێدەپەڕێت، کە AI ناتوانێت بەتەواوی لێی تێبگات.
- چاودێری مرۆڤ: تەنانەت ئەگەر AI

و سیستەمەکانی دادوەری دیجیتاڵی پێشنیار یان تێڕوانین بۆ چاکسازی یاسا پێشکەش بکەن، گۆڕانکاری لە یاسا بنەڕەتییەکان هێشتا پێویستی بە ڕاوێژ و ڕەزامەندی مرۆڤ هەیە، ئەمە گفتوگۆ و ڕاوێژی گشتی و ڕێوشوێنی یاسایی لەخۆ دەگرێت کە دڵنیایی دەدات هەر گۆڕانکارییەک ڕەنگدانەوەی پێداویستی و بەهاکانی کۆمەڵگا بێت، سیستەمێکی تەواو ئۆتۆماتیک، بەبێ دەستێوەردانی مرۆڤ، لەوانەیە تێگەیشتنی وردی پێویست نەبێت بۆ وەرگرتنی بڕیارێکی لەو شێوەیە.

بەکورتی:

لە کاتێکدا دادپەروەری دیجیتاڵی دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە دیاریکردنی ناکارایی و پێشنیارکردنی چاکسازی، بەڵام ناتوانێت سەربەخۆ یاسا بنچینەییەکان بنووسێتەوە، ڕۆڵی AI زیاتر پاڵپشتیکردنی شارەزایانی یاساییە لە بڕیاردانی هۆشیارانە و باشترکردنی پرۆسەی دادوەری، نەک وەرگرتنی ئەرکی یاسادانان بە تەواوەتی.

دەرئەنجام

دادوەری دیجیتاڵی گواستنەوەیەکی گەورەیە لە شێوازی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و پاراستنی سەروەری یاسا لە کاتێکدا زیرەکی دەستکرد توانایەکی گەورە بۆ باشترکردنی کارایی و دادپەروەری پێشکەش دەکات، بەڵام ناتوانێت بە تەواوی جێگەی هاوسۆزی، عەقڵییەتی ئەخلاقی و تێگەیشتنی ناوەڕۆکی دادوەرانی مرۆڤ بگرێتەوە.

داهاتووی سیستەمی دادوەری لە هاوکاری نێوان ژیری مرۆڤ و داهێنانی تەکنەلۆژیایە، دڵنیایی دەدات کە دادپەروەری هەم کارا و هەم مرۆڤانە بمێنێتەوە.

بە چاودێری و ڕێکخستنی گونجاو، دادپەروەری دیجیتاڵی دەتوانێت ببێتە بەردی بناغەی حوکمڕانی دادپەروەرانە لە سەدەی ٢١.

پ.ی.د. عەبدولواحید ئیدریس

حەکایەتی دانانی دوو سرود لە زیندان لە لایەن خالید دلێری نەمر

- سروودی (پێشمەرگە)

ئەم سروودە لە گرتووخانەی (تسن – تسعین) لە کەرکوک لە مانگی (کانوونی یەکەمی ساڵ ١٩٦١) هۆنراوە و ئاوازەکەی دانراوە، (دلێر) لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: ((رادیۆی گرتووخانەکەیان بە دەنگی بەرز کردبۆوە، (عەبدولکەریم) لە (دەربەندیخان) وتاری دەدا، لە وتارەکەیدا دەیوت: ئەوانەی یاخیبوون... پیاوی (ئیستعمار) و (حیلفی سەنتۆن) و هەموویانم لەناو برد، ئەوەی ماویشە بۆ باوەشی (حیلفی سەنتۆ) ئاودیوی ئێران بوون...، کە گوێم لەوتارەکەی (عەبدولکەریم) بوو بڕیارم دا وەڵامی بدەمەوە، لەو کات و ساتەدا یەکەم سروودی (پێشمەرگە)م دانا)). (ئەحمەد، ٢٠١٥، ٢٦-٢٧)، لەم ڕووەوە هونەرمەند (وریا ئەحمەد) ڕای وایە، کە ئەم سروودە لە کاتی خۆیدا ڕۆڵێکی گەورەی لە بەرزکردنەوەی گیانی کوردایەتیدا بینیوە، هەروەها بەیەکەم سروودی هەستبزوێن و جۆشدەری گیانی کوردایەتی دەناسێنێت لە شۆڕشی ئەیلولدا.(سەرچاوەی پێشوو، ٨٨)، ناوەڕۆکی ئەم سروودە پڕە لە ورە بەرزی و گیانی بەرخۆدان، دووپاتی ئەو ڕاستییەش دەکاتەوە، کە لە هۆنراوەیەکی (قانع)دا هاتووە و، زیندان لە چەشنی قوتابخانەیەک وێنا دەکات بۆ خەڵکی خاوەن باوەڕ و شۆڕشگێڕەکان، (دلێر) دوای ئازاد بوونی لە زیندان لە (١٩٦٣/٢/٢٠) داو بەر لەوەی خۆی بگەیەنێتە ڕیزی شۆڕشگێڕان لە (سلێمانی) لە ماڵێکدا لەگەڵ هەندێک لە ئەندامانی (تیپی مەولەوی) ئەم سروودە تۆمار دەکات. سروودەکە چەند جارێک لەلایەن چەند هونەرمەندێکەوە تۆمارکراوەتەوە.

پێشمەرگەین بەهەڵمەتین
پاڵەوانی میللەتین
شێری ڕۆژی زیللەتین
لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستان
بەخت دەکەین، ژیانمان، ماڵ و گیان
لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستان
****
دەرنەچێ لەخاکمان دوژمنی کافر
دار و بەرد و خۆڵی لێ ئەکەین بەئاگر
هەر بەزووی دەیبەزێنین
تا سنوورمان ئەیرەوێنین
کوردستانی گەورەی لێ وەیەک دەهێنین
****
زۆری سەرکەش هەوڵی داوە کورد نەهێڵێ
خاکی کوردستان بەبۆمبا و چەک بکێڵێ
هەڵدێراون لەم کێوانە
بونەتە پەندی زەمانە
ئەم وڵاتە گۆڕستانی دوژمنانە



٢- سرووودی (ئێمه ڕۆڵەی کوردین)

لە بیرەوەریەکانیدا (دلێر) باس لە چۆنیەتی دانانی ئەم سرووودە دەکات، کەلەساڵی (١٩٦١) گیراوە و دەڵێت: ((لە بەندینخانەی (تسن) من لە ژوورە گەورەکە دانرابووم، ژوورێکی بچووک (٣×٢) پەنجەرەیەکی گەورەی لەسەر حەوشەکە بوو بەرامبەر بە ژوورەکەی من بوو ....، من لە ژوورەکەمدا پیاسەم دەکرد و لەهەوڵی دانانی سروودێک بووم، لە گەرمەی ئەم سەرقاڵیەمدا، کچێکی باڵابەرزی جوانیان هێنایە پۆلیسخانەکە و بردیان لەو ژوورە بچوکەی بەرامبەرم دەرگایان لەسەر کلیلدا. ئەویش لەناو پەنجەرەکەی بەرامبەرم دانیشت، ئەترسام گیراوی سیاسی و پێشمەرگایەتی بێت، پاشا پۆلیسەکان گوتیان (شێتە). بەڕۆژ خۆی ڕووت و قوت دەکردەوە و لەناو پەنجەرەکە دادەنیشت . کچەکە ئەوەندەی بگوترێ جوان بوو، بەڵام منی قاڵبووی خەبات و خزمەتکردنی نەتەوە چەوساوەکەم، ئەو دیمەنە لەو هەوڵەی دوور نەخستمەوە، کە بە تەمای جێ بەجێ کردنی بووم، منی لاوی تەمەن (٢٩) ساڵەی بێ ژن، ئافرەت نەدیوو، هەروەکوو کەسم بەدیارەوە دانەنیشتبێ وابووم. سرووودەکە بەشەو و ڕۆژێک

تەواو بوو، بە دانانی سرووودەکە خۆشی و دڵشادیەکەم ئەوەندەی تر بەجۆش هات، من بزانم ئەو کاتە یەکێک لەکاتە هەرە خۆشەکانی سەردەمی ژیانم بێ، ئەگەر چی هەشت نۆ مانگ بوو لەگرتووخانەی تەنیایی دابووم!)). (ئەحمەد،٢٠١٥، ٢٨-٢٩)، دیارە ئەم دوو سرووودەی دوایی زادەی هەلومەرجێکی تایبەتن لە ژیانی (دلێر)دا، کە لە پاشان وەکو دوو شاکاری هونەری شۆڕشگێڕی سروود دەرکەوتوون، هەموو پێشمەرگە و تێکۆشەر و دلێرانی کورد، لە قووڵایی واتای وشەکانی، (کاوەی نەبەرد، کوڕی میللەت، خاوەن توانا، پیاوەتی، ئازایەتی و شۆڕشگێڕی) کۆدەکاتەوە. لەبەرامبەردا دوژمنانی کوردیش لەناو و ناتۆرەی وەکو (خائین، داگیرکەر، خوێنمژ، دزی ڕەنج و خەباتی میللەت) بەدیار دەخات. ئەم سرووودە چەند جارێک بە شێوەی کۆرس تۆمار کراوە، کە دواجاریان لە لایەن (تیپی مۆسیقای شۆڕش) لە ساڵی (١٩٧٤) دا بووە.

ئێمە ڕۆڵەی کوردین، ئێمە ڕۆڵەی کوردین
ئێمە ڕۆڵەی کاوەی نەبەردین
ئێمە ڕۆڵەی کاوەی نەبەردین
****
دەبا بزانن خائینان
ئێمە کوڕانی میللەتین
دەبا بزانن دوژمنان
خاوەن توانا و هیمەتین
لەمافی کورد، وازناهێنین بۆ سەندنی،
بەهەڵمەتین
دەبا بزانن، دەبا بزانن، دەبا بزانن
****
بۆکەسی دانەنواندووە سەر
لەو ڕۆژەوەی کە کورد هەیە
ئێمەی کوڕانی ئەم سەردەش
سەر دانەنێین لەم ڕێگەیە
پیاوەتی و ئازایەتی
کە خوو و ڕەوشتی ئێمەیە
دەبا بزانن، دەبا بزانن، دەبا بزانن
****
بۆ سەندنەوەی مافی گەل و
پاککردنەوەی وڵاتمان
لەداگیرکەر و خوێنمژان
دزی ڕەنج و بەراتمان
شۆڕش ئەکەین، هەوڵ ئەدەین
بەجۆش ئەکەین خەباتمان
دەبا بزانن، دەبا بزانن، دەبا بزانن

سەلاح جەلال

بنەڕەتی ڕۆمان

بیریارانی ڕۆژ ئاوا و جیهان لەسەر بنەڕەتێکی تەواو بۆ ڕۆمان تەبانین، ئایا سەدەی ١٨ی دەدرێتە پاڵا وەکو ژانرێکی ئەدەبی باڵا دەرکەوت و مرۆڤ گەیشتە ئەوەی هەست بەبون و چارەنوسی خۆی و بەگشتی پرسیار لەسەر باری مرۆڤایەتیدا بکات و لەڕۆماندا خۆی بدۆزێتەوە؟ یان مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جۆرە ئەدەبیانەی بەپێی قۆناغی خۆیان لەسەرەتایەوە هاتون؟

(میخایل باختین)گەشەی ڕۆمان هاوکات دەکات بەهەڵوەشاندنەوە (تفسخ)ی زمانی ڕۆشنبیری دایکی (یۆنانی یان لاتینی) بۆ زمانەکان و شێوە زمانە گەلیەکان، سەردەمی(هلنستی) و سەردەمی ڕۆمان و گرنگی ڕاپەڕینی ئەوروپی بەیەکەوە هاوکات دەکات، زمانە نەتەوەییە ئەوروپیەکان یەکەم گەشەیان تیادا کردووە:

لەسەردەمی سوکراتەوە بەگفتوگۆکانیەوە و هەمو ئەو جۆرە ئەدەبیانەی کاریگەریان بۆ پێکهاتنی ئەم ژانرە هەبووە. ئاماژەکانی(سۆفرۆن) لەسەدەی پێنجەمی (پ.ز) نوسیونی، هەمو شیعرێکی مەی خواردنەوە و ئەو نمونە هاتوانەی سەر زمانی ئاژەڵان و هەوڵدانە سەرەتایەکانی(ئایون)بۆ بیرەوەری، لەدورگەی (خیوس)نوسیونی و تێرامانی (کریتیاس) و گوتارە داشۆرینەکانی جۆرێکی ئەدەبی بون پابەند دەبن بەداشۆرینی پتەو، لەنامەکانی سەردەمی ئیفلاتوندا. نامەکانی (لۆکیوس سینیکا)ی ڕۆمانی بۆ (لوسیلیوس جۆنیۆر دیسیموس) لەچەرخی یەکەمی زاینیدا و نامەکانی (هۆراسیوس) شاعیری ڕۆمانی بەهوراسیش ناوی دێت لە(٦٥-٨ پ. ز).ژیاوە.

نوسینەکانی(جوفینال)بە(دیسموس یونیوس) ناسراوە، لەچەرخی یەکەم و دووەمی زاینیدا و ئەدەبی مەیخواردنەوەی گەورە، بەداشۆرینی پتەوی (المیسینیە) و دایەلۆژی مردووەکان لەسەدەی سێدا بەیۆنانی نوسراون جۆرێکی ئەدەبین. گفتوگۆکان بەگفتوگۆی(لۆقیانوس) دەشوبهێن.

دەکرێت هەمو ئەو جۆرە ئەدەبیانە لەوتراوی



داشۆرینی پتەودا پۆلین بکرێن، بەشێوەیەکی تایبەتی لەگفتوگۆی سوکراتیدا پیادە دەبن، دەتوانین بەڕۆمانەکانی ئەو سەردەمە ناویان ببەین، توخمێکی ڕاستەقینەن پێش ڕۆمانیان داوەتەوە، ئەم جۆرە داشۆرینە لەفۆلکلۆرەوە ئاو دراون(پێکەنینی گەلی)پانتایی مەلحەمی و بەدوایەکدا هاتو لادەبات، پێکەنین کاریگەریەکی گرنگە بۆ بەدەستهێنانی ترس، زۆر لەمانە بەجۆرە ئەدەبیەکان دەزانرێت و ڕەوتی ڕۆمانیان تێدایە و ڕۆمانی ئەوروپیان پاکژ کردۆتەوە و ڕۆحی ڕاستەقینەیان بۆ ڕۆمانی یۆنانی تێدایە، کاریگەریی تەواویان لەسەر ڕۆمانی ئەوروپی هەبووە.

لەسەردەمی باروکیدا تیۆریی ڕۆمان دەرکەوت بەپێکهاتەی شوناسی باوک سەدەی ١٢ بەڕۆمانی باروکی بۆ شوانەکان و ڕۆمانی سۆزداری لای(ریچاردسۆن)و(فلیدینغ)ڕۆمانی سوارچاکی.

ڕۆمان لێرەدا بەشێوەیەکی هۆشمەندانە و ڕوبەر و هات، جۆرێکی ئەدەبی ڕەخنەییە و ڕەخنە لەخۆی دەگرێت، بەسەرەتا و جۆرێکی ئەدەبیان دادەنێت بۆ پەرەسەندن و پێکهاتنی ڕۆمان و ئاماژە بەهەمو ئەو قوتابخانانە دەکات، گرنگیەکی گەورەیان بۆ گەشەسەندنی هەبووە لەڕابوردودا، بۆ پێگەیشتن لەسروشتی ئەم جۆرە ئەدەبیەدا،

> ڕۆمان و چینی بۆرژوازی لەسەر و چینی ناوەندەوە لەپۆلینکاری کۆمەڵایەتی کۆندا دادەنا. بونی ڕۆمان پابەندە بەگواستنەوە لەدەرەبەگایەتیەوە هونەری مەلحەمی گەشەی پێکردووە بۆ سەرمایەداری و هونەری ڕۆمان لێرەدا خۆی دۆزیەوە.

ڕۆمـان هەمـو ئـەو پێویسـتی و توانایانـەی لەجیهانی نوێدا هەیەتی لەڕابوردودا نەیبووە، ئاماژە بەبناغـەی ڕۆمـان دەكات وەكو جۆرێكی ئەدەبـی گەشـەی كـردووە، زۆر لەتوخمەكانـی ئامـادەن و لەزەمەنێكـی درێـژەوە ڕیشـەیان لەفولكلۆردا داناوە، ڕابردوی ڕەها و ئەفسانەی نەتەوایەتـی و نامۆیـی بەدوایەكـدا هاتـو هیـچ ڕۆڵێكیـان لەپێگەیاندنیـدا نەگێـڕاوە، جۆرێـك بێت، ئەو ڕۆڵـە ئامادەییەشیان نەگێڕاوە لەكاتی دیاریكردنیـدا نەبێت لەپەرەسـەندنی ڕۆمانـدا، كاتێـك شـێوەیەكی لەشـێوەكانی مەلحەمـەی وەرگـرت، وەكـو لەڕۆمانـی باروكیـدا، ڕۆمـان لەنـاو ڕێڕەوی بۆگەنكردن و نامۆیی مەلحەمـی و بەمێكردنـی جیهانـدا بەهـۆی پێكەنینـەوە گەشـەی كـرد.

بیرمەندانـی ڕۆژئـاوا ڕای جیاوازیشـیان هەیـە، زۆریـان ڕەوانبێـژی بەبنـەڕەت دادەنێـن بـۆ ڕۆمـان، زۆریـش بەگومانـن بـۆ دۆزینـەوەی بنەڕەتێـك بـۆی، زۆریشـیان گەشـە و پێشـكەوتنی ڕۆمـان بەپێشـكەوتنی چینـەكان دەزانـن، لەزەمەنـی لەدایكبونـی ڕۆمانـدا و مشـت و مڕێكـی زۆری لای(هێگـەڵ و ماركـس و لوكاتـش و باختیـن و گۆڵدمـان و فرۆیـد و هایدگـەر و بۆڵدیمـان. .هتد)ناوەتـەوە.

دیاریکردنی مێژوویەك بۆ بنەڕەتی ڕۆمان بەدوادا گەڕانی زۆری دەوێت.

هێگەڵ لەکتێبی (علم الجمال)دا بایەخێکی گەورە دەدات بەگواستنەوەی مەلحەمە بۆ ڕۆمان، لق لێبونەوەیەکی لاوەکیە لەو لق لێبونەوانەی مەلحەمە، ئەم جیاوازیەش لەزمانی شیعریەوە سەیر دەکات، لەمەلحەمەدا و زمانی پەخشان لەڕۆماندا، ئەو واقیعەی ڕۆمان چارەسەری دەکات دەرچونە لەشیعری پابەند بەسۆز و داماڵران لێی بۆ گەیشتن بەپەخشان، زیاتر پابەندە بەبار ودۆخ و ئاهەنگەکان شێوەی ڕۆمانی نوێ بەستراوەتەوە بەهەڵکشانی بۆرژوازی.

لۆکاتش ئەو پێکەوە بەستنە ئەندامیانەی لەنێوان گەشەی ڕۆمان و هەڵکشانی بۆرژوازیدا بەوە دەزانێت، ڕۆمان جۆرێکی ئەدەبیە بۆرژوازیەت دەربرینیان لەواقیعێکی نوێ پێکردووە، ڕۆمان و چینی بۆرژوازی لەسەر و چینی ناوەندەوە لەپۆلینکاری کۆمەڵایەتی کۆندا دادەنا. بونی ڕۆمان پابەندە بەگواستنەوە لەدەرەبەگایەتیەوە هونەری مەلحەمی گەشەی پێکردووە بۆ سەرمایەداری و هونەری ڕۆمان لێرەدا خۆی دۆزیەوە. لەتیۆریی ڕۆماندا سەرنج دەداتە ئەو پەیوەندیە ئەندامیەی لەنێوان ڕۆمان وهەڵکشانی

> (باختین)بەردەوام ڕۆمان بەکرانەوەیەکی دیاری نەکراو و دەوڵەمەند دادەنێت. بەم جۆرەش ڕۆمان کڵێشە و شێوەی هونەری تاك هەڵناگرێت لەژیانەوە و چالاکی بەردەوامدایە و هەمیشە گەنجە.

میخایل باختین

بۆرژوازیەتدا هەیە، بونی ڕۆمان هاوکات دەکات بەگواستنەوە لەدەرەبەگایەتیەوە هونەری مەلحەمی گەشەی تیا کردووە بۆ سەرمایەداری، هونەرێکی جیاوازیان تیدا دۆزیەوە هونەری ڕۆمان بو).(١٥).

(لۆسیان گوڵدمان) گەشەی ڕۆمانی مەلحەمی پەخشانی لەگەڵا هەڵکشانی بۆرژوازیەتدا دادەنێت، ڕۆمان هونەرێکە هەڵگری دەربڕینی وشە و وتەکانی چینی بۆرژوازیەتە، لەماوەی گەشەکردنی شۆڕشگێڕیدا سەرەتای ئەمانەش دەگێڕێتەوە بۆ سەدەی ١٦و ١٧وەک(لۆکاتش)ئەویش لەڕوانگەی تیۆریی(هیگەل)ەوە زۆر لەبیرەکانی لەسەر ڕۆمان دارشت.

(میخایل باختین)بەپێچەوانەی ئەوانەوە بیر دەکاتەوە، ڕۆمان نواندنی جۆرێکی ئەدەبی خوارەوەییە بەناوی چینەکانی جیهانەوە قسە دەکات، لەبەرپەرچدانەوەی کتێبی(علم الاجتماع الادبی)لۆکاتش دا بەلێکۆڵینەوەیەک لەسەر(دۆستۆیفسکی)توشی کێشە هات، ئەو کتێبە قەدەغەکرا و خۆیشی بۆ سیبریا گوێزرایەوە.

ئەم جیاوازیەش لەنێوان(لوکاتش و باختین) لەوەدایە(لوکاتش)لای وایە گواستنەوە لەمەلحەمەوە بۆ ڕۆمان گواستنەوەیە لەپەرەسەندنی کۆمەڵایەتیەوە سەرەتا بەدەرەبەگایەتی ئۆرستۆکراتی و لەسەردەمی ڕاپەڕینی ئەورووپیدا بەرزبونەوەی بۆرژوازیە. لای(باختین)مەلحەمە سرودی یەک دەنگیە، ڕۆمان فرە دەنگیە، ئەم فرە دەنگیەش پابەندە بەگەلەوە، بەچینەکانی جیهان یان خەڵکە گشتیەکە، نابێت ڕۆمان لقێک بێ لەلقەکانی مەلحەمە، مەلحەمە پابەندە بەزاڵبونی ئەرستۆکراتی و لەکەشی ئەفسانەیدا خۆی دروست دەکات، لەسەرەتادا پابەندە بەخورافەوە دور لەزەمەنی ژیانی ژیاو، ڕۆمان لەزەمەنی ئامادەوە دەردەچێت و زەمەنی چینەکانی جیهان و جۆرێکی ئەدەبی دیاریکراو نیە، بەردەوام لەپەرەسەندنایە و

ئـەو داخسـتن و گرتنەخۆییـە لادەبـات.

(باختین)لەگـەڵ(گرامشـی)دا یەکدەگرێتـەوە، هاوکاتیەکی ڕون لەنێوان ژیانـەوەی ڕۆمـان و دەرکەوتنی هێزی گەلی نیشتمانی لەئەورووپادا دەبینـن، تێگەیشـتن لـەم هێـزە ئەوەیـە بەچینـی ژێـرەوەی ئاسـتی کۆمەڵایەتـی دادەنرێـت لەڕۆمانـدا شـێوەیەکی تەعبیریـان دۆزیـەوە.

(باختیـن) بـەردەوام ڕۆمـان بەکرانەوەیەکـی دیـاری نەکـراو و دەوڵەمەنـد دادەنێـت. بـەم جۆرەش ڕۆمان کڵێشـە و شـێوەی هونەری تاک هەڵناگرێـت لەژیانـەوە و چالاکی بەردەوامدایـە و هەمیشـە گەنجـە.

لای(فرۆیـد) لەزەمەنـی منداڵـی پێکدێـت لەخەونێکـی ئـازاراوی و بـەدو قۆنـاغ دابەشـی دەکات. ڕۆمانـی یەکـەم ڕۆمانـی منداڵـی دۆزراوەیـە، تەمەنـی لەسـێ سـاڵ زیاتـر نیـە و جیـاوازی لەنێـوان نێـر و مێـدا نـاکات، دووەم منداڵـی ناشـەرعیە (الابـن غیـر شـرعی) تەمەنـی لەنێـوان ٣-٥ سـاڵدایە و جیـاوازی لەنێـوان نێـر و مێـدا دەکات و هەسـت بەداوێـن پیسـی دایکیشـی دەکات(١٦).

لـەم دو قۆناغـەوە ڕۆمـان لەسـەرەتای هۆشـمەندیەوە دەسـتپێدەکات. گەڕانـەوە بـۆ بنەڕەتـی ڕۆمـان گەڕانەوەیـە بـۆ گەردەلولـی هـۆش؟

ڕەلالەتی جۆراو جۆر، لەسەر گەشتەکەی کۆڵۆمبس بۆ مرۆڤایەتی ڕەخوێنێتەوە، لای مێژونوسان سەر کێشیە و لای زانایەکی ڕەرونزانی باوەڕ بونە بەخودو بەخەونێکی گەورە و ڕوداوێکی دابڕاوی ڕەزانن لەمێژوی نوێدا. لای لاهوتیەك ڕەلالەتی ئاینی هەیە، لای ئابوری ناسێك بناغەی سامانی ئەوروپیە و بێشکەی شۆڕشی زانستی و پیشەسازیە و یەکێکە لەو هۆکار و کاریگەریانەی بالا دەستی ڕۆژئاوا بەسەر جیهاندا،

زوریش ئەم زەمەنە دەگێڕنەوە بۆ یۆتۆپیا. (محمد کامل) گەشەکردنی ڕۆمان و یۆتۆپیا دەگێڕێتەوە بۆ هەڵکشانی نوسینی پەخشان بەرامبەر بەزمانی شیعر، زمانی ئەدەبی و شانۆیی بووە و بەزمانی ڕۆژانەی گەل دادەنراو ئەدای دەربڕینەکانی بووە و ڕۆمان و یۆتۆپیا بەزمانی پەخشان نوسراون، زمانی هەڵکشانی گەلە بۆ جێگەیەک لەپێشەوەی مێژودا. ڕۆمان و یۆتۆپیا خواستیان بۆ دروستبونی شوێنکاتی ئەوانی ترو واقیعێکی دەرەبەگایەتی هەبووە لەئەوروپادا. ئەم هاوکێشەیەش لەدۆزینەوەی ئەمریکاوە لەلایەن (کۆلۆمبس)ەوە لەساڵی ٤٩٢ ز سەیر دەکات. نیوەی و نیوی گۆی زەوی دۆزرایەوە، ڕۆمان و جێگە و زەمان و مرۆڤ هەمو ئەمانە لەچینی پەیوەندیدا وێنا کراون، جێگەیەکی خەیاڵیە و یۆتۆپیاش خەیاڵە، یۆتۆپیا و ڕۆمان گەیشتنە ئەو سنورە.

ماوەی گەشەی ڕۆمان هەڵکشانی بورژوازیەتە لەگەڵا یۆتۆپیادا بەراور دەکات و ڕۆمان و یۆتۆپیا شیدەکاتەوە، دەلالەتی جۆراو جۆر، لەسەر گەشتەکەی کۆلۆمبس بۆ مرۆڤایەتی دەخوێنێتەوە، لای مێژونوسان سەر کێشیە و لای زانایەکی دەرونزانی باوەڕ بونە بەخودو بەخەونێکی گەورە و ڕوداوێکی دابراوی دەزانن لەمێژوی نوێدا. لای لاهوتیەک دەلالەتی ئاینی هەیە، لای ئابوری ناسێک بناغەی سامانی ئەوروپیە و بێشکەی شۆڕشی زانستی و پیشەسازیە و یەکێکە لەو هۆکار و کاریگەریانەی باڵا دەستی ڕۆژئاوا بەسەر جیهاندا، دەرکەوتنی ڕۆمان و یۆتۆپیا و زانست و بۆرژوازی بەدەرکەوتنی گەل دەزانێت لەسەر شانۆی مێژوی ڕوداوی ئەوروپیدا.

لەناو گۆڕانە جۆراو جۆر و باڵاکانی ئەوروپا و جیهاندا، چۆن بنەڕەتێك بۆ ڕۆمان دیاری بکرێت؟

باختین ئاماژە بەباشترین کتێبی(ایروین رود)دەکات لەسەر مێژوی ڕۆمان، بەوەی قسە لەسەر مێژوی ڕۆمان ناکات، بەو پێیەی قسە لەسەر ڕەوتی هەڵوەشاندنەوەی هەمو جۆرەکانی ئەدەبی گەورە دەکات لەقۆناغی دیاریکراودا ناسیویانە.

(باختین)لای وایە ڕۆمان جۆرێکی ئەدەبی تاکە، هەتا ئێستاش لەهەوڵی پێکهاتندایە، تەواو دروست نەبووە، بونی ئەم جۆرە ئەدەبیە بەردەوام پێویستی بەزەمەنێکی درێژ هەیە، هەتا بەشێوەیەکی کۆتایی تیایدا دابمەزرێت، شێوەکانی تری ئەدەبی دەیانناسین بەپێی خۆیان دروستبون.

ئاودێر بەرزان ئیبراهیم

کورتەیەک لە ژیاننامەی موزیسیان

(لۆدڤیک ڤان بتهۆڤن)

بە شکسپیری موزیکی ئەمڕۆ دادەنرێت کە ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆی ناونا هونەری سۆز، لە ساڵی ١٧٧٠ز لە شاری جۆن لەدایک بووە لەناو دڵی وڵاتی ڕاین کە وڵاتی ئەڵمانیا دەکات، هەر وەکو ئەوانەی پێش خۆی (باخ ، مۆزارد) لە بنەماڵەیەکی موزیسیان گۆش بووە، باوکی و باپیری هەردووکیان پیشەی موزیکیان لە شاهنشاهی (بۆن) گرتووەتە دەست، لەگەڵ ئەوەی بنەماڵەی بیتهۆڤن بە ڕەچەڵەک بەلجیکین، دایکی ناوی (ماریزا مەزدەرینا) بووە، خاوەنی ڕەوشتێکی بەرز و جوان بووە، باوکیشی ناوی (یۆهان) بووە، وە ماریای کردە هاوسەری خۆی لە ساڵی ١٧٦٧ز، حەوت منداڵی لێی هەبووە کە سێ دانەیەیان ژیاون، گەورەکەیان (لۆدڤیک) بووە، دوانەکەی تریان (سپارۆ ئەنتۆن) و (نیکۆلاس یۆهان) بووە، بتهۆڤن ئاوازدانەر و موزیکژەن و کۆمپۆسەر بووە، یەکێک بووە لە کەسایەتییە گەورەکانی سەرەدەمی کلاسیک بووە کە پێش سەردەمی ڕۆمانسیزم بووە، بە یەکێک لە گەورەترین زاناکانی موزیک دادەنرێت کە لە هەموو سەردەمێکدا بە درووست کاری

لودڤیک ڤان بتهوڤن

بەرهەمە مۆسیقیە نەمرەکان دادەنرێت.
بتهۆڤن هەر لە سەردەمی منداڵییەوە فێری لاتینی و زمانی فەرەنسی بووە، وە کاتێک تەمەنی گەیشتە ١١ساڵان وازی لە خوێندنی قوتابخانە هێناوە و ئارەزووی موزیک لە ناخیدا چەکەرەی کردووە، وە مامۆستای موزیکی بتهۆڤن ناوی (کریستیان گۆت گوپ نیف)ە، بووە، کە ژەنیاری ئامێری ئۆرگ بوو، کە تازە لە شای بۆن وەک هونەرمەند و موزیکژەن دامەزرابوو، بتهۆڤن لە ماوەی دوو ساڵدا توانی یەکێک لە سیانییەکانی بڵاو بکاتەوە و بکرێت بە یاریدەدەری نیفە لە ئۆرگ ژەنیندا، پاش ماوەیەک دەستی کرد بە وتنەوەی وانەی موزیک بە منداڵە دەوڵەمەندەکان وە نازناوێکی ئیسپانی پێ بەخشرا.

ساڵی ١٨٠٠ بە ساڵی وەچەرخان دادەنرێت لە ژیانی بتهۆڤندا، لە ڕووی موزیکەوە کە وای لێهات ناوبانگ پەیدا بکات و توانای دانانی موزیکی زاڵ بوو بەسەر توانای بلیمەتی ژەنینیدا.

ئاوازەکانی بریتین لە ٩ سامفۆنیا ، ٥ پارچە پیانۆ، یەک پارچە کەمانچە، ٣٢ سۆناتای پیانۆ، ١٦ کوارتێتی ئامێری تار کە بە گەورەترین بەرهەمەکانی دادەنرێن.

هەروەها بەرهەمەکانی بۆ سالۆنی ئەدەبی و هەندێکی تر بۆ کۆڕ و ئاوازی گۆرانییەکانیشی بەهەمان شێوە ئامادە کردووە.

بتهۆڤن بەردەوام بوو لە بەرهەم هێنانی بەرهەمی هونەری و ژیانی تەرخان کردبوو بۆ داهێنانی میلۆدییەکانی تاکو ئەوکاتەی ئیتر وردە وردە توانای بیستنی دەستی بە لاواز بوون کرد بەلام لەم کاتەدا تووشی دڵە راوکێیەک بوو کە وای هەست دەکرد کە خەریکە هەستی بیستنی کەم دەبێتەوە و هەستی نەبیستن خەریک بوو زاڵ دەبوو بەسەریدا.

بەلام تۆزێ سەبووری پێدا هات بەهۆی هاوەڵی کردنی کچێکەوە کە ئەویش ناوی (کۆنتێس جۆلیتا گوتشاری) بوو. کە زۆری خۆشدەویست و کە سۆناتا بەناوبانگەکەی تریفەی مانگەشەو (Moon light sonata)ی پێشکەش کرد، بەلام هاوڕێیەتیان زۆر بەردەوام نەبوو چونکە کۆنتێس لە ساڵی دواتردا شووی کرد.

لە ساڵی ١٨١٧ لەم کاتەدا بوو کە بتهۆڤن ئیت بەهیچ شێوەیەک نەیتوانی ببیستێت، بەلام بەردەوام بوو لە ئاواز دانان و دروست کردنی مۆسیقا لەم قوناغەدا.

بەناوبانگ ترین بەرهەمەکانی بتهۆڤن بریتین لە سامفۆنیای پێنجەم و سامفۆنیای نۆیەم، کە لە ساڵی ١٨٠١ بەرهەمی هێناوە.

وە هەروەها یەکێک لە جوانترین و بەناوبانگ ترین میلۆدیەکانی بتهۆڤن دادەنرێت بەناوی (Fur Elise)، کە بەناوی کچێکەوە کە ناوی (ئیلەیس) بووە دایناوە و پێشکەشی ئەوی کردووە. بتهۆڤن لەگەڵ ئەوەی هەستی بیستنی لەدەست دابوو هەروەها نەخۆش بوو ئەمانە نەبوونە هۆی ڕێگری کردن لە دانانی موزیک، وە چەندین بەرهەمی بەپێزی هەر لەو ماوەیەدا داناوە، وە پاش تێپەڕ بوونی سێ مانگ بەسەر نەخۆشی بتهۆڤن دا لە ٢٦ی ئازاری ١٨٢٧ز کۆچی دوایی کرد لە شەوێکی گەردەلولاویدا کە وڵاتی گرتبووەوە و کە هاوڕێکانی و خزمە نزیکەکانی و خۆشەویستانی دەوریان گرتبوو.

گۆشەی نەمران

نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتدا دەژین

ئامادەکردنی: سەرمەند سەلیم

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئەو حیزبەی لەسەرەتای دامەزراندنییەوە تائێستا زیاتر لە(18)هەزار شەهیدی پێشکەش بە گەلی کورد کردووە هەرئەوەشە کە یەکێتی نازناوی حیزبی شەهیدانی پێ بەخشراوە،بستە خاکێکی نیشتیمان نابینی بەخوێنی رۆڵەیەکی یەکێتی سوور نەبووبێت،مێژووی ئەم حیزبە تێکۆشەرە هەر لەسەرەتای دروست بوونییەوە تائێستا بەچەند قۆناغێکی سەخت و دژواردا تێپەڕیووە و مێژووەکەشی لێوان لێوە لە سەروەریی گەورە و گران بەها(ی.ن.ک) بەدرێژایی خەباتی چەکداری شاخ و شار دەیان داستان و قارەمانێتی بۆ میللەتەکەی تۆمار کردووە لەپێناو بەدەست هێنانی ئازادی و پاراستنی مافی مرۆڤ و بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنوسین و ئەزموونی حوکمڕانی کوردستان نزیک لەیەک چارەکە سەدە خەبات و بەردەوامی شاهیدی ئەو ڕاستیەن و لەوپێناوەشدا دەیان سەرکردە و سەدان فەرماندە و هەزاران پێشمەرگەی بەئەمەک لەدژی شەڕەنگێزی داگیرکەران و هێرش و پەلاماری تیرۆرستان لەسەنگەری بەرگریدا شەهید بوون و بەخوێنی گەشیان ئەم ئازادیەی ئەمڕۆیان دروست کرد. (گۆشەی نەمران لەگۆڤاری "ڕێبەر") تایبەتە بە شەهیدان هەوڵ دەدەین لەگەڵ دەرچوونی هەر ژمارەیەک ژیان نامەی چەند شەهیدێک بخەینە بەر دیدەی هاوڕێ و هاوسەنگەر و خوێنەرانی بەڕێز.

لەگەڵ ڕێزدا.

شەهیدی فەرماندە سیروان محەمەد عەبدوڵڵا

ساڵی ١٩٦١ لە شەقڵاوە لە دایکبووە

ساڵی ١٩٨١ بووە بە پێشمەرگە

لە بەرواری ٢٠١٦/٤/٢٤ لە دوزخورماتوو شەهید بووە

شەهیدی فەرماندە تاڵب عەبدوڵڵا عەبدولرەحمان

ساڵی ١٩٧١ لەچەمچەماڵ لە دایکبووە

ساڵی ١٩٩١ بووە بە پێشمەرگە

لە بەرواری ٢٠١٦/٤/٢٤ لە دوزخورماتوو شەهید بووە

شەهیدی فەرماندە کەمال حاجی خدر عمر ئاغا

ساڵی ١٩٨٠ لە سلێمانی لە دایکبووە

ساڵی ١٩٩٥ بووە بە پێشمەرگە

لە بەرواری ٢٠١٧/١٠/١٦ لە دوزخورماتوو شەهید بووە

شەهیدی نەمر ئاسۆ شەهاب محەمەد

ساڵی ١٩٨٢ لە سلێمانی لە دایکبووە

ساڵی ٢٠٠٠ بووە بە پێشمەرگە

لە بەرواری ٢٠١٦/٤/٢٤ لە دوزخورماتوو شەهید بووە

وتەی بەنرخ

بە پارە دەتوانین هەموو شتێکمان دەست بکەوێت.

تەنها ئەخلاق نەبێت.

ژانژاک ڕۆسۆ

بە بوونی ئیرادەی بەهێز دەبیتە خاوەنی هەموو شتێک

گۆتە

هیچ شتێک باش یان خراپ نییە تەنها هێزی بیرکردنەوەمانە

جۆری باشی یان خراپی دیاری دەکات.

«شکسپیر»

من نرخی بێدەنگیم زانی و ئامادەم لەسەر ئەم بابەتە ڕۆژانە چەندان کاتژمێر قسە بکەم.

«جۆرج برنادۆش»

بۆ سەلماندنی شارستانییەت و پێشکەوتنی هەر میللەتێک، ئاستی تێگەیشتنی ژنەکانیان هەڵسەنگێنە

ناپلیۆن

ئەگەر لەبری چەک بە قەڵەم و نووسین بجەنگن، هەموو دوژمنەکان لەناو دەچن

بسمارک

هاوسەرگیری هەمیشە کۆتایی بە عەشق هێناوە.

شکسپیر

مۆسیقا هەڵقوڵاوی هزر و بیرە کە بە ئارامی لەسەر لوتکەی دڵ دادەنیشێتەوە

«بیتهۆڤن»

پیرەمێرد

حەق زەلیل بووە ناحەقیش زاڵە

درۆ شیرین بوو قسەی حەق تاڵە